ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٨٢ ▪ دووشەممە ٣١ی خەرمانانی ١٣٩٩ _ ٢١ی سێپتامبری ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## داناننانی خامنەیی بە باشیی خواردنەوەی «جامی ژار»

ڕێبەری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەساڵیادی شەڕی ئێران و عێڕاقدا گوتی کاری باشمان کرد بڕیارنامەی ٥٩٨مان ئیمزا کرد و جامە ژەهرەکەمان خواردەوە. خامنەیی دانی بەوە دانا کە «ملدانی ئێران بە کۆتایی هێنانی شەڕ لەگەڵ عێڕاق لە ڕووی ناچاری بووە، ئەگەرچی ئەم شەڕە بەرەکەتێکی زۆری بەسەر ئێراندا ڕژاند».

لە شەڕی ٨ ساڵەی ئێران و عێراق کە ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی بە نێعمەتی خودا و بەرەکەت ناوی دەبەن، زیاتر لە ٢٠٠ هەزار کەس لە ئیران کوژران و پتر لە ٧٠٠ هەزار کەسیش بریندار بوون. هەروەها بەپێی بەراوردی کارناسانی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەم شەڕە زیاتر لە ١٠٠ میلیارد دۆلار زیانی ئابووریی بۆ ئێران هەبوو.

لەلایەکی دیکەوە شەڕ لەگەڵ عێراق کە لە سۆنگەی پێداگریی خومەینییەوە بۆ ماوەی ٨ ساڵ درێژ کرایەوە، بوو بە هۆی بنچاکوتانی نیزامی سیاسی و ئایدۆلۆژیی کۆماری ئیسلامی و سەرهەڵدانێکی بنیاتێکی وەک سپای پاسداران کە لە ئیستادا دەستی بەسەر هەموو جومگەکانی ژیانی سیاسی و ئابووری و ئەمنیەتیی ئێراندا داگرتوە.

داناننی ئەمڕۆی خامنەیی بە عاقڵانە بوونی خواردنەوەی جامی ژارەکە و پێداگریی لەسەر باشییەکانی ئەم شەڕە لە کاتێکدایە کە بەهۆی پەرەسەندنی گرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا هەم ئەگەری ناچار بوونی ڕێژیم بە ژارخواردنەوەیەکی دیکە لە ئارادایە و هەم توشبوونی بە شەڕێکی دیکەش.

# میکانیزمی پەلەپیتکە و دۆمینۆی قەیران لە ئێران



## داهاتووی کۆماری ئیسلامی و ئەرکی ئێمە

**کەماڵ کەریمی**

بەرەبەرە گومانەکان لەسەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی بتوانێ درێژە بە دەسەڵاتی خۆی بدا دەڕەوێتەوە. تەنانەت ئەوانەش کە باوەڕیان وابوو بە چەشنێ چاکسازی و گۆڕینی ڕواڵەتی دەکرێ کۆماری ئیسلامی لەو چارەنووسەی کە تووشی خۆی کردوە ڕزگار بکەن، ئێستا لە ئیمکانی مانەوەی ڕێژیم نیگەرانن. نارەزایەتییەکانی خەڵک بە هۆی بێکاری، دواکەوتنی پێدانی مووچەی مانگانە، گرانی و کەمبوونی پێویستییەکانی ژیان و بەگشتی گیرۆدەبوونی ژیانی خەڵک بە قەیرانە کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئەمنیەتییەکان بەردەوام لە پەرەسەندن‌دان. لە لایەن ڕێژیمیشەوە بێدەسەڵاتییان بەرامبەر بە چارەسەری کێشەکان، بڵاوبوونەوەی ترس و نیگەرانی لە داهاتوو لەنێو کاربەدەستانی ڕێژیم و پاکانەکردن و هەڵاتنی بەشێکیان کە ڕوو لە زیادبوونە، وای کردوە کە ئێتر لە دەرەوە نە کەس حیساب بۆ هەڕەشەکانی کۆماری ئیسلامی دەکا نە بۆ خۆیشیان ئەو توانایە شک دەبەن کە وەک جاران پاڵەوانی مەیدان بن. لە نێوخۆی وڵاتیش بەئاشکرا دیارە کە بێمتمانەیی بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیم گەیوەتە ئاستێک کە کەس فریوی درۆ و بەڵێنەکانیان ناخوا. بەم پێوانە ئێران کەوتووەتە هەلومەرجێکی تایبەت و دەکرێ پێشبینی ئاڵوگۆڕێکی قووڵ و بنەڕەتی لە شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات و تەنانەت هەنگاونان بەرەو شۆڕشێکی بەرینی خەڵکی بکرێ. ئەگەرچی ...

درێژە لە لاپەڕەی ٢

**مستەفا مەولوودی:**

## ئەمریکا باش کۆماری ئیسلامی دەناسێ، بۆیە میکانیزمی ماشەی کارا کرد

جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان" ڕایگەیاند کە کارا کردنی میکانیزمی ماشە ئاکامی درێژنەکردنەوەی سزاکانی چەکوچۆڵ لەدژی ئێرانە، چونکی ئەمریکا بە ناسینێک کە لەسەر ڕێژیمی ئێرن هەیەتی، حەقی بوو پێداگری لەسەر درێژکردنەوەی سزاکانی ئێران بکا.

کاک مستەفا مەولوودی لەبارەی ناکۆکیی ئەمریکا و هاوبەشە ئورووپاییەکانی لە بەرجام لەسەر کارا کردنی میکانیزمی پەلاپیتکە لە لایەن ئەمریکاوە گوتی: ئەگەر وا دابنێین هەڵوێستی ئورووپاییەکان لە باری حقووقییەوە کەمێک بە هێزتر دەنوێنێ، بەڵام ئورووپاییەکان لە باری عەمەلی و جێبەجێ کردنەوە زۆر دەستکراوە نین، بۆیە تەنانەت سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو بەرچاوڕوونیە نادا کە لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی ئەمریکادا وەڵام و ڕێکاری بەکردەوە دەبێ چی بن؟ هەروەها ئەمریکا بە پێی توانا و دەرەتانی خۆی دەتوانێ هەندێک کار بکا کە نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شورای ئەمنییەت و، نە هاوبەشە ئورووپاییەکانی ناتوانن بەئاسانی پێشی پێ بگرن. چونکی ئەمریکا لە غەیری ئەوەدا دەتوانێ بە پشتبەستن بە یاسای "داماتو" سزایان بەسەردا بسەپێنێ.

بەڕێزیان گوتی: ڕوون و ئاشکرایە کە کۆی سزاکان هێندەی دیکەش ئابووری ئێران دادەتەپێنێ و سروشتییە کە ئەمە شوێنەواری لە سەر بازاڕ و ژیانی خەڵکیش دەبێ، بە تایبەت کە حکوومەتی ئێران لە کاتی وا دا قەیرانەکان جۆرێک مودیرییەت دەکا کە دووکەڵەکەی زیاتر بچێتە چاوی خەڵک.

(ئەم لێدوانە لە لاپەرە ٦دا بخوێنەوە)

### تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا

دیلان هەردی

ل (٤)

### خەرمانانی خوێناوی و تاوانە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی

ئارەزوو نستانی

ل (٥)

### ئێران لە دۆخی شۆڕشدا

ڕەحمان سەلیمی

ل (٦)

### تێرۆریزم وەک ماهییەت و پێناسەی وجوودیی ڕێژیمی ئێران

شاهۆ مەتین

ل (٩)

### پێویستیی بەرگری لە بەرگریی ڕەوا

مەنسوور مرووەتی

ل (١٠)

◆ درێژەی سەروتار

# داهاتووی کۆماری ئیسلامی و ئەرکی ئێمە

... دەسەڵاتدارانی حکوومەتی هەتا ئێستاش هەوڵیان داوە بە گرتن و ئێعدام و بڵاوکردنەوەی ترس لە نێو دڵی خەڵکدا پێش بەم جووڵانەوانە بگرن، بەڵام باش دیارە کە هیچ کام لەم پیلانە بەردەوامانەش کاریگەرییان لەسەر تۆقاندنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران نەبووە.

لە چوار دەیەی دەسەڵاتدارەتیی کۆماری ئیسلامیدا و بۆ پێشگیری لە سەپاندنی دەسەڵاتی زۆرەملی دژ بە خەڵک بە شێوازی جۆراوجۆر خۆڕاگری و ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر ڕێژیمدا بەردەوام بووە. ئەگەر لە دەیەی ٦٠ دا خۆڕاگریی چەکدارانە بەرامبەر بە بەکارهێنانی هێزی نیزامی و کوشتن و وێرانکاری پێشی بە باڵادەستی هێزەکانی ڕێژیم گرت، لە دەیەی ٧٠دا نووسین و بڵاوکردنەوەی دەیان کتێب و گۆڤار بۆ ماوەیەکی باش بێدەنگیی بەرامبەر بە دەسەڵاتدارە جنایەتکارەکانی ئەو ڕێژیمە شکاند و بە لەقاودانی کەسە دیارەکانیان وەک ڕەفسەنجانی و دەستوپێوەندەکانی، سیمای ڕاستەقینەی جینایەتکارانی قازانجپەرستی ئەو ڕێژیمەیان نیشان دا. لە درێژەی ڕەوتی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامی لە دەیەی ٨٠دا خەڵک بە ئومێدی دیتنەوەی چارەسەرێک بۆ گرفتەکانیان ڕوویان لە سندووقی هەڵبژاردن کرد. دواجار کاتێک کە زانییان لەوەشدا فێڵیان لێ دەکرێ ڕژانە سەر شەقام و خۆپیشاندانی میلیۆنییان لە تاران و شارە گەورەکان وەڕێ خست. شکستی ئەم ئەزموونەش دوای دووجار ئومێدەواری بە بەڵێنەکانی ئیسلاح تەڵەبەکان و بەشداری کردنیان لە هەڵبژاردندا خەڵکی هێنایە سەر ئەو باوەڕە کە هیچ ڕێگەیەک لە بەردەمیاندا نەماوە جگە لە هەوڵدان بۆ شۆڕشێک و ڕویشتن بەرەو ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی. هەر بۆیە دروشمی خۆپیشاندەرانی دەیەی ٩٠، بووەتە مردن بۆ خامنەیی و نەمان بۆ کۆماری ئیسلامی. بەمجۆرە دەکرێ چاوەڕوان بکرێ کە کۆماری ئیسلامی داهاتوویەکی ڕوونی نیە و بەرەو هەڵدێری نەمان شۆڕ بووەتەوە.

لەو ماوەدا ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆ خەڵک بەردەوامی لە خەبات و بەکارهێنان و ئەزموون وەرگرتن لە هەموو شێوازەکانی خەبات بووە بۆ پاشەکشەپێکردن بە ڕێژیم و لەم پێناوەشدا لە هیچ شتێک، تەنانەت لە بەخشینی گیانیان درێغییان نەکردوە. بەڵام دیسان کەلێنێک لە ئەسڵی بابەتەکەدا بووە و هەر ماوە. ئەویش بوون و دەوری هێزی ڕێبەری کردنی ئەم بزووتنەوەیە کە هەردەم ڕوو لە پەرەگرتنە. ساڵانێک بوو لە دیارنەبوونی هێزێک کە بوونی هەبێ و متمانەی پێ بکرێ خەڵک بە ناچار شوێن کەسایەتییە ناڕازییەکانی دەسەڵات دەکەوتن. بەڵام ئێستا ئیتر بۆیان دەرکەوتوە کە تەنانەت ئەوانەش کە لە دەرەوەی «حصر خانگی» و زینداندان ناکرێ بۆ ئەو کارە متمانەیان پێ بکرێ. کەوایە ئەو هێزەی کە دەبێ خەڵک پشتی پێ ببەستێ حیزبەکانی ناسراوی نەتەوەکان و هێزەکانی چەپ و دێموکراتی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیمە کە بەداخەوە هەتا ئێستا بەو جۆرەی کە پێویستە نە توانیویەتی خۆی ڕێک بخا و نە دەوری ڕێبەری کردنی ئەم بزووتنەوەی لە ئاستی سەراسەریدا و بە تایبەت لە شارە گەورەکان کە ناوەندی ئەم نارەزایەتییانەیە لە ئەستۆ گرتوە، بگێڕێ. لە ڕاستیدا دەبێ بڵێین جگە لە کوردستان کە دێموکراتەکان و حیزبە هاوپەیمانەکانیان دەوری سەرەکییان لە ڕێبەری کردنی خەبات لە دژی کۆماری ئیسلامیدا گێڕاوە کە ئەویش بێ کەموکوڕی نەبووە، لە شوێنەکانی دیکەی ئێران خەڵک بە بڵاوی و بێ ڕێبەرێکی دیار سنگیان وەبەر گوللە داوە.

هەربۆیە ئەگەر درەنگیش بووبێ ئێستا کە دەسەڵاتی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی بە هۆی بەردەوامی قەیرانە جۆراوجۆرەکانی نێوخۆیی و دەرەکی و ناکارامەیی و بێ تواناییان لە چارەسەری کێشەکان زیاتر لە هەر کاتێک کەوتوونەتە تەنگانەوە، پێویستە هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی دژ بە ڕێژیم کە باوەڕیان بە حکوومەتێکی ئازاد و دێموکراتیک کە سەلمێنەر و پارێزەری ماف و ئازادییەکانی هەموو خەڵکی ئێران و بە تایبەت دابینکردنی مافی نەتەوەکانی پێکهێنەری خەڵکی ئێران و هەموو کەمینە ئایینی و ئێتێنیکییەکان بێ، هەرچی زووتر بە دوور لە دەمارگرژی و ترس لە داهاتووی ئێران و باوەڕهێنان بە بنەما دێموکراتیکەکانی پێکەوە ژیانی داخوازانە و ئاشتیخوازانە بۆ دەستەبەرکردنی ئێرانێکی ئازاد و ئاوەدان، هەوڵی بە یەکەوەبوون و خۆڕێکخستنی هەموو ئەو هێزانە بدەن کە کاریگەرییان لەسەرخستنی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی ئێران لە دژی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامدا دەبێ. بێگومان لە کوردستانیش ئەرکی هێز و لایەنەکان سووک نییە و لەگەڵ ئەوەی ناوەندی هاوکاری حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو ساڵی ڕابردوودا چەند هەنگاوێکی باشی هەڵێناوەتەوە، بەڵام پێویستە زیاتر لە جاران هەوڵ بدا بۆ کۆکردنەوەی هەموو تێکۆشەرانی کوردستان لە دەوری خۆی و پلانی دیاریکراوی هەبێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ پێشهاتە نادیارەکانی داهاتوو. بێگومان لەم هەلومەرجەدا ئەرکی هەر دوو حیزبی دێموکرات کە بە خۆشییەوە لێکتێگەیشتنی هابەشی زۆریان لەسەر وەزعی ئێستا هەیە و هەنگاوی باشیان بۆ یەکگرتنەوە ناوە قورسترە. ئێستا ئیتر دێموکراتەکان دەبێ لە ئاست چاوەڕوانییەکانی خەڵکی کوردستان کە داهاتووی خۆیان لە گرەوی یەکبوونی ئەواندا دەبینن، بە چاوێکی کراوەتر و دڵێکی ئاواڵەترەوە بیر لە چارەسەری کێشەکان و خۆشکردنی ڕێگەی یەکبوونیان بکەنەوە و هەوڵی بۆ بدەن.

***

# دوکتور شەرەفکەندی سیاسەتی بۆ خزمەت بە کوردایەتی بەکار دێنا، نەک کوردایەتی بەکار بێنێ بۆ سیاسەت




ڕۆژی ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی، (١٧ی سیپتامری ١٩٩٢ی زایینی) دەستی ڕەشی تێرۆری کۆماری ئیسلامیی ئێران گەیشتە ڕێستوڕانتی میکۆنۆس لە بەرلین، پایتەختی وڵاتی ئاڵمان و بە شەهید کردنی هاوڕێیان دوکتور سادق شەرەفکەندی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، فەتاح عەبدولی، نوێنەری حیزب لە دەرەوەی وڵات، هۆمایون ئەردەڵان، بەرپرسی حیزب لە ئاڵمان و نوری دێهکوردی، دۆستی حیزب، لاپەڕەیەکی ڕەشی دیکەی خستە سەر کارنامەی پڕاوپڕ لە جینایەتی ئەو ڕێژیمە دژی مرۆڤە.

دوکتور سادق شەرەفکەندی یەکێک لەو ڕێبەرە بەوەجانەی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو کە زۆر تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانە و مرۆڤدۆستانەی لە خۆیدا کۆ کردبوونەوە. دوکتور شەرەفکەندی مرۆڤێکی خوێندەوار، وردبین، خاکەڕایی و دڵسۆز بوو. ئەو کەسێکی مودیر، تەشکیلاتی و جیددی بوو. دوکتور شەرەفکەندی ڕێبەرێکی ئەوتۆ بوو کە دوای شەهید کرانی ڕێبەری کاریزما، شەهید دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو توانی بە لێوەشاوەیی کەلێنی ئەو ڕێبەرە تا ڕاددەیەکی بەرچاو پڕ بکاتەوە و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بێهیوا بکا لەوەی کە حیزبی دێموکڕات و گەلی کورد بێڕێبەر بمێنێتەوە و خەباتی ڕزگاریخوازیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەشەکردن وبەرەوپێشچوون بکەوێ. هەر بۆیە دوای تیرۆری شەهید دوکتور قاسملوو لە ڕادەی هەرە بەرزی دەسەڵاتی ڕێژیمدا دەستیان کرد بە پیلاندانان بۆ تێرۆری دوکتور شەرەفکەندی.

دووبارەکردنەوەی جینایەتی وییەن لە بێرلین دەرەنجامی ئەو بێدەنگییە پاساوهەڵنەگرەی دەوڵەتی ئوتریش، یەکیەتیی ئورووپا و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی لەسەر کەیسی تیرۆری شەهید دوکتور عەبدولڕەحمانی قاسملو بوو کە بە هاوکاریی تێرۆریستەکانی حیزبوڵڵای لوبنان بەڕێوە چوو. ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی توانیبووی لەنێو دڵی دنیای ئازاد و بانگەشەکەری مافی مرۆڤ، عەداڵەتپەروەر و قانوونمەندا، لەسەر مێزی وتووێژ، ڕێبەرێکی وەک دوکتور قاسملوق تیرۆر بکا و بۆشی بچێتە سەر و تێرۆریستەکان بێئەوەی تەنانەت لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێ، بۆی بنێردرێنەوە. بەڵام ئەو جارەیان خەیاڵی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی خاو بوو. چونکی لە سایەی ئازایەتی و لێپرسراویی پۆلیس و قازییەکانی ئاڵمان، هەروەها ئەرکوەخۆگریی کۆمەڵێک کەسایەتی دەروەست و دڵسۆز بۆ داهاتوی ئێران، گوشار و لۆبیگەرییەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ شاردنەوەی ئەو جینایەتەش وەک جینایەتی وییەن کاری نەکرد. دەمامکەکان لادران و عەداڵەت ڕێڕەوی خۆی بڕی و کۆماری ئیسلامی لە ڕاددەی بەرپرسانی هەرەبەرزدا مەحکوم کرا. جێبەجێکەرانی تێرۆرەکەش بەپێی قانوونەکانی ئەڵمان سزا دران و گەلاڵە داڕێژەرانی ئەم جینایەتەش وەک تاوانباری سەرەکی ناسران.

**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

**خەڵکی خەباتگێڕ و مافخوازی کوردستان!**

بە تێپەڕینی کەیسی تیرۆری دوکتور شەرەفکەندی و هاوڕێیانی بە دەروازەی عەداڵەتدا برینی لەدەستدانی بلیمەتێکی ئاوا بەتەواوی سارێژ نەبوو و سارێژ نابێ. مەحکومکرانی ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی لە دادگای بەرلیندا ئەگەرچی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو ڕێژیمە دژی ئینسانییەی نیشان دا و لە لایەن وڵاتانی ئورووپایی و کۆمەڵگەی نێونەتەوەییشەوە کۆمەڵێک فشاری خرایە سەر ئەم ڕێژیمە، بەڵام هەرگیز نەیتوانی زیانە ڕوحی، مادی و مەعنەوییەکانی ئەم خەسارە بۆ بنەماڵەی شەهیدانی میکۆنووس و زیانە تەشکیلاتی، ڕوحی و کارگێڕییەکانی لە حیزبی دێموکرات وگەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەرەبو بکاتەوە. چونکە دوکتور شەرەفکەندی لە پانتایی خەباتی ڕزگاریخوازیی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە گۆرەپانی جووڵانەوەی ئازادیخوازیی گەلانی ئێران بە گشتی و، لە لەئاستی بەڕێوەبەریی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بەتایبەتی زۆر بەجوانی درەوشابۆوە و بە هەمان ڕێچکەی دوکتور قاسملوی ڕێبەردا بە توندوتۆڵی ڕێبەرایەتیی خەباتی حیزبی دێموکراتی دەکرد. کۆماری ئیسلامی زۆر بە تێبینییەوە قوربانیی دووەمی خۆی لە ڕادەی سەرووی ڕێبەرانی حیزبدا هەڵبژاردبوو. دوکتور شەرەفکەندی هەر لە دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و دەست پێکردنی خەباتی ئاشکرای حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێراندا، یەکێک لە کەسایەتییە هەرە شوێندانەرەکانی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوو. ئەو لە هەوەڵین ڕۆژەکانی پەرەگرتنی خەباتی حیزب و وەستانەوەی ڕێژیمی ئاخوندی لە دژی خەڵکی کوردستان، بە ئیمانەوە هاتە مەیدانی خەبات و ژیانی ئاسایی خۆی وەلا نا و، بە وێنەی ڕێبەرێکی خاکی و بێ چاوەڕوانی و بەبێ هیچ داوایەکی شەخسی مەیدانی خەباتی هەڵبژارد، کورسیی مامۆستایەتیی زانکۆی بەجێ هێشت و ڕووی لە چیاکانی کوردستان کرد. دوکتور شەرەفکەندی هەر لە یەکەم ڕۆژەکانی هاتنە نێو مەیدانی بەکردەوەی حیزبایەتی لە سەرشاخانی ناوچەی مهاباد لە ژێر چادردا جێگیر بوو. ئیدی ڕووی لە ژیانی ئاسایی وەرگێڕا و بوو بە هاواڵی هەڵۆ سەربەرزەکانی چیاکانی کوردستان و تا دوا هەناسەی ژیانی هەر لەسەر ئەو ڕێبازە پیرۆزە مایەوە و لە پێناوی ڕزگاری نەتەوەکەیدا گیان و ژیانی خۆی لەسەر تەبەقی ئیخلاس دانا.

دوکتور شەرەفکەندی بە ئاگادارییەکی باشەوە لە سەر مێژووی خەباتی گەلی کورد و بە ناسینێکی قووڵەوە لە کۆمەڵگەی کوردستان هاتبووە نێو سەنگەری خەبات. ئەو ڕووناکبیرێکی نەتەوەیی بوو و بە زانستێکی زۆرەوە و بە ئاگاداری لەسەر هەمو جووڵانەوە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ڕزگاریخوازییەکانی جیهان، خەباتی کوردایەتیی هەڵبژاردبوو. دەڕاستای سەرخستنی ئەو خەباتەشدا هەموو وزەی خەباتگێری و توانای زانستی و مەیدانیی خۆی تەرخان کردبوو. نووسینەکان، هەڵسەنگاندنەکان و کردەوەکانی ئەو ڕێبەرە خاکی و بێ ئالایشە، سەلمێنەری ئەوەن کە دوکتور شەرەفکەندی سیاسەتی بۆ خزمەت بە کوردایەتی بەکار دێنا، نەک کوردایەتی بەکار بێنێ بۆ سیاسەت.

دوکتور شەرەفکەندی هەر لەو کاتەدا کە حیزبییەکی زۆر بەدیسیپلین بوو، باکیشی لەوە نەبوو کە بە چاوی ڕەخنەگرانە بڕوانێتە کار و تێکۆشانی حیزبی و زۆرجار ڕەخنەشی لێ بگرێ و ڕێگای چارەسەری گرفتەکانیش نیشان بدا. ئەو حیزبی وەک ئامرازێک دەدی بۆ وەدیهێنانی ئامانجێکی گەورەتر لە حیزب کە مافی دیاریکردنی چارەنووس بۆ نەتەوەی کورد بوو. دوکتور شەرەفکەندی سنوورە کێشراوەکانی نێوان بەشەکانی کوردستانی بە جەبری ژئوپۆلۆتیک و بەدەر لە ئیرادەی سیاسی و نەتەوەیی کورد دادەنا. ئەو هەرچەند خەباتی خۆی و حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی بە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە گرێ دەدا، بەڵام لە بەرامبەر پرسی کورد لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیشدا خەمسارد نەبوو. ئەوە وەک مێژوو تۆمارکراوە کە لە کاتی تەنگانەدا، هەم حیزبی دێموکڕاتی کوردستان و هەم ڕێبەرانی و لە نێویاندا دوکتور شەرەفکەندی چەندە هەوڵیان داوە یارمەتی بە خۆشک و براکانیان لە بەشەکانی دیکەی کوردستان بکەن.

دوکتور شەرەفکەندی باوەڕی بەهێزی بە سەربەخۆیی بڕیاردان هەبوو. هەم بۆ حیزبەکەی و هەم بۆ نەتەوەکەی. ئەو پێی وابوو کە حیزب و نەتەوەی کورد دەبێ هەلومەرجە ناوچەیی و نێونەتەوەییەکان بەباشی بقۆزنەوە، بەڵام لە کۆتاییدا پێویستە بۆخۆیان لەسەر چارەنووسی خۆیان بڕیار بدەن. لە پەیوەندی لەگەڵ ئێران و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ئێراندا بۆچوونی ئەوە بوو کە پێویستە کورد و حیزبی دێموکرات شوێن لەسەر ئەوان دابنێ، نەک بە پێچەوانەوە. لەو ماوەیەشدا کە ڕێبەرایەتیی حیزبی لە ئاستی سەروودا بە دەستەوە بوو، زۆر لەسەر ئەم بابەتە کاری کرد و بەداخەوە هەر لە کۆبونەوەیەکیشدا کە بۆ ئەم باسە پێکی هێنابوو تێرۆر کرا.

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**

**ئەندامان، پێشمەرگەکان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

لە ساڵرۆژی تیرۆری ڕێبەری لێوەشاوە و دڵسۆزی گەلەکەمان دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانیدا، پێویستە خوو و ڕەوشت و تەوازوع و وردبینیەکانی ئەو ڕێبەرە مەزنە وەبیر خۆمان بێنینەوە و بیانکەینە مەشخەڵی ڕووناککەرەوەی ڕێگای خەباتمان. پێویستە هەوڵ بدەین کەلێنی ئەو ڕێبەرە مەزنە و ڕێبەرانی دیکەی حیزب و گەلەکەمان بە یەکگرتوویی و کاری بەکۆمەڵ پڕ بکەینەوە و ڕێگا و ڕێبازەکەیان بە ئاوەدانی و چالاکییەوە ڕابگرین و گەشەی پێ بدەین. تەنیا ئەوە داهاتووی نەتەوەکەمان دابین دەکا و ڕووحی شەهیدانمان شاد دەکا.

سەرکەوێ خەباتی مافخوازانەی نەتەوەکەمان،
نەمان بۆ ڕێژیمی تیرۆریست پەروەری کۆماری ئیسلامی،
سڵاو لە ڕوحی پاکی شەهیدان.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**دەفتەری سیاسی**
**(٢٥ی خەرمانانی ١٣٩٩– ١٥ی سێپتامبری ٢٠٢٠)**

# خالید عەزیزی:
# پشت بە ئیرادە و وزەی خەباتگێڕیمان و پشتقایم بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان، خەبات و تێکۆشانمان هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد درێژەی دەبێ




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دووهەمین ساڵیادی شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات، لەسەر مەزاری شەهیدان ڕایگەیاند: پشت بە ئیرادە و وزەی خەباتگێڕیمان و پشتقایم بە پاڵپشتیی خەڵکی کوردستان، خەبات و تێکۆشانمان هەتا وەدیهێنانی ئامانجەکانی نەتەوەی کورد کە ئامانجی شەهیدانی ١٧ی خەرمانان و سەرجەم شەهیدانی حیزب و کۆمەڵانی خەڵکە، درێژەی دەبێ.

ڕۆژی دووشەممە، ١٧ی خەرمانان ڕێوڕەسمێک بەبۆنەی دووهەمین ساڵیادی شەهیدانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات بە بەشداریی ئەندامانی بنەماڵەی شەهیدان و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب بەڕێوە چوو.

لەو ڕێوڕەسمەدا تاجەگوڵی وەفا و بەردەوامیی خەبات لەسەر مەزاری شەهیدان دانرا و سکرتێری گشتیی حیزب وتارێکی پێشکێش کرد.

کاک خالید عەزیزی وێڕای ناردنی سڵاو بۆ شەهیدانی حیزب ڕایگەیاند خەباتی نەتەوەی کورد بۆ ماف و داواکانی ڕەوایە و میللەتێک لە پشت ئەم داوا و خەباتەیە، بۆیە ئیرادەی خەباتگێڕانی حیزبی دێموکرات بە مووشەک و کۆمەڵکوژی بەچۆکدا نایە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان گوتی ئەگەر دوژمن بەو هێرشە تێرۆریستییە سامناک و دوور لە هەموو عورفێکی دیپلۆماتیک و پرەنسیپێکی بەشەردۆستی توانی پۆلێک تێکۆشەری بەوەج لە نەتەوەی کورد و حیزبی دێموکرات بستێنێ، بەڵام سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئەم شەهیدانە ئاوەدانە و ڕێگای خەباتیان پڕ ڕێبوارە.

کاک خالید عەزیزی بە وەبیرهێنانەوەی مانگرتنە بەشکۆکەی ٢١ی خەرمانان، سڵاوی بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان نارد کە لەو ڕیفڕاندۆمەدا نیشانیان دایە کوردستان پشتی ڕۆڵەکانی خۆی بەرنادا و هەر بەو پاڵپشتی و پشتیوانییەشە خەباتی کورد لە ئێران سەر دەکەوێ.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا ئامادەبووان سەردانی مەزاری شەهیدانیان کرد و بە دانانی چەپکەگوڵ لە سەر مەزاری نەمران و دڵنەوایی بنەماڵەی سەربەرزی شەهیدان، پەیمانی بەڵێن و وەفای بەردەوامی لە ڕێگای خەباتیان لەگەڵ نوێ کردنەوە.

**دەقی قسەکانی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەو ڕێوڕەسمەدا**

**هاوڕێیانی خۆشەویست!**
**کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**
**خوشک و برایانی ئازیز!**
**هەروەها ئازیزانی بنەماڵەی هاوڕێیانی شەهیدمان کە ئەمڕۆ لێرەن! هاوڕێیانی شەهید، شەهیدانی ١٧ی خەرمانان!**

ڕێک دوو ساڵ پێش ئێستا کۆماری ئیسلامیی ئێران کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی کە ئێمە و ئێوەی لە دەوری یەک میز کۆ کردبۆوە، کردە ئامانجی مووشەک. لەو مووشەکبارانەدا ئێوە پۆلێک لە هاوڕێیانی کۆمیتەی ناوەندی لەگەڵ کادرەکانی سکرتاریا و جەمعێک لە پێشمەرگەکانی دەوروبەری ئەو کۆبوونەوەیە شەهید بوون، پۆلیکیش کە ئێستا لێرە لە خزمەت ئازیزانی ئێوەدا لەسەر گڵکۆی ئێوەن بریندار بوون، ئەومڕۆ ئێمە لێرەین یەکەم یادی ئێوە دەکەینەوە و لەو یادکردنەوەیەدا بە ئێوە هاوڕێیانی شەهید، بە بنەماڵەی شەهیدان و بە ئازیزانی ئەو هاوڕێیانە کە گڵکۆکەیان لێرەیە دەڵێین ئێوە بە یاد و باوەڕ زیندوون و ئێمەش پەیمان لەگەڵ ئێوە و لەگەڵ هەموو لایەک و، لەگەڵ ڕێبازی حیزبی دێموکراتی کوردستان و سەرجەم شەهیدان نوێ دەکەینەوە کە دەرێژەدەری خەبات بۆ وەدیهێنانین ئامانجەکانتان بین و ئەو ڕێبازەی کە ئێوە لەسەری شەهید بوون بەردەوام دەچێتە پێشێ.

**بەڕێزان!**

ئەو مووشەکبارانەش ڕاستە پۆلێک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی لە ئێمە ئەستاند، بەڵام ئیرادەی حیزبی دێموکرات کە ئیرادەی هەموو لایەکمانە پێکەوە، ئەو ئیرادەیە بەچۆکدا نەهات. یەکەم ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نێوخۆی وڵات، لێرە و لە هەندەران شانیان وەبەر کار و تێکۆشان دا. ڕاستە جێگای شەهیدانمان بەتاڵە، بەڵام کار و کارنامەی شەهیدانمان لە ڕابردوودا ئەوەندە پڕ ئاکام بووە و لەسۆنگەی فیداکارییەکانی ئێوە حیزبی دێموکرات ڕێبەر و کادر و پێشمەرگە و ئەندام و خەڵکی هەیە، چۆنکی حیزبی دێموکرات حیزبی کۆمەڵانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە.

ئەمڕۆ هاوکات یادی ڕێبەر و سەرکردەی لێوەشاوەمان، دوکتور سادق شەرەفکەندی دەکەینەوە کە لە ٢٦ی خەرمانان لە بێرلین پێتەختی ئاڵمان لە لایەن تێرۆریستانی کۆماری ئیسلامیەوە تێرۆرکرا.



ڕاستە مانگی خەرمانان بۆ ئێمە نەهامەتی و تراژیدیی زۆر تێدایە، بەڵام هەمووی ئەوانە ئەرکی ئێمە قورستر دەکا و بۆ ئێمەش پەیمان نوێ کردنەوەیە. لێرە لە حزووری شەهیدانمان ڕەنگە زۆر پەیاممان هەبێ، بەڵام دوو پەیام لێرە لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە باشە یادیان بکەینەوە و تەئکیدیان لەسەر بکەینەوە؛ پەیامی یەکەممان بۆ خەڵکی تێکۆشەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. خەڵکی کوردستانی ئێران بەگشتی چوار ڕۆژ دوای ئەو ڕووداوە ناخۆشە بە مانەوەیان لە ماڵەکانیان بە یەکگرتوویی خۆیان بە کۆماری ئیسلامیان گوت ڕاستە ئێوە ڕێبەرانی ئێمەتان کردە ئامانج و پۆلێک ڕێبەر و کادر و پێشمەرگەکان لێ شەهید کردین، بەڵام ئەوان لەوێ تەنیا نین و بە میلیۆنها خەڵک لە کوردستانی ئێران بەدرێژایی مێژوو لەگەڵیاندا بوون و ئەوڕۆش ئێمە لەگەڵیان‌داین. ئەو پەیامە لە ڕاستیدا لە لایەن خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە لەدژی کۆماری ئیسلامی و هاودەردی و هاوخەمی لەگەڵ حیزبەکەی خۆیان، ڕووداوێکی مێژوویییە، بەڵگەیەکی گەورەیە، بۆیە لەو ڕۆژەدا هەر لێرەوە لە گڵکۆی شەهیدانی دێموکراتەوە، جارێکی دی سپاس و پێزانینی خۆمان بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕادەگەیەنین کە تەنیایان نەهێشتینەوە. دڵنیاین هەتا ئێوە هەبن، هەتا ئێمە هەبین و هەتا حیزبی دێموکرات هەبێ؛ بەردەوام ئەو خەبات و تێکۆشانە دەچێتە پێشە.

هەروەها پەیامێکمان بۆ دەسەڵاتدارانە، بۆ نەیارانی مافەکانی خۆمان چ ئەوانەی ئێستا لە دەسەڵات‌دان و چ ئەوانەش کە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵاتن. لە نێوان شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانیدا سمایل ئاغای سمکۆ کە جووڵانەوە نەتەوەییەکی لە دەوری ورمێ تەنگی بە دەسەڵات هەڵچنیبوو، بە بیانووی وتووێژ بانگیان کردە شاری شنۆ و، شەهیدیان کرد، دوایی ڕووخانی کۆماری کوردستان، پێشەوا قازی محەممەد کە کەسایەتییەکی جێگای ڕێز و ئێحترامی خەڵکەکەی خۆی بوو، تەنانەت لە ئاستی ئێران و کۆمەڵگەی نێو دەوڵەتیدا خاوەن پێگە بوو، لە جیات ئەوەی بە پرەنسیپ و شارستانییانە لەگەڵی ڕەفتار بکەن، لەگەڵ چەند ڕێبەرییەکی دیکەی کۆمار لەدار دران. بەڵام حیزبی دێموکرات نەکەوت، دوایی ئینقلابی ئێرانیش دەیان و سەدان کەس لە کادر و ڕێبەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان تێرۆر و شەهید کران، یەکێک لەوانە گەورە پیاوی ئەو مەیدانە دوکتور قاسملوو بوو کە لە ڤییەن، پایتەختی ئۆتریش تێرۆر کرا، دواتریش دوکتور سادق شەرەفکەندی، هەمووی ئەوانە پێمان دەڵێن هەموو سیاسەت و کردەوە و تێڕوانینی دەسەڵاتداران لە تاران چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا کە سیاسەتی کوشتار و ئێعدام و تێرۆریان هەڵبژاردوە، هەرگیز نەتیجە نادا. لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کۆڕی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆرتر و زۆرتر بووە، هەروەها بازنەی جوغرافیایی تێکۆشانی شوناس‌خوازیی ئێمە و شعوری نەتەوایەتیی خەڵکی ئێمە ڕۆژ لە گەڵ ڕۆژ لە حاڵی پەرەستاندن دایە. خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بڕیاریان داوە تا گەیشتن بە مافەکانیان خەباتی خۆیان بەردەوام ببەنە پێشێ و هەر ئەو بڕیارەی ئەوانیش ئەرکی لەسەر حیزبی دێموکراتی کوردستان دروست کردوە.

هیوادارم لایەنە ئێرانیەکان باش ئەو پەیامانەیان وەرگرتبێ. ئەمن هیوادارم هەموو لایەنەکان و ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییش جووڵانەوەی کورد و مافەکانی ئێمە بەو جۆرەی کە هەیە ببینن؛ و بەدڵنیاییەوە کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خەبات و تێکۆشانی خۆیان بەردەوام دەبن و؛ لەپێناو یەکڕیزی و یەکدەنگیی پتردا لە هیچ کۆتایی ناکەن.

**هاوڕێیانی شەهید!**

جارێکی دیکەش، ڕێگاتان بەردەوامە. ڕوحتان شادبێ. خۆشحاڵ و سەربەرزین کە ئازیزان و بنەماڵەی شەهیدانمان لەو ماوەیەدا بەرگەی ئەو ئازارەیان گرت و هەروا پشتیوانێکی گەورەی حیزبی دێموکراتی کوردستانن.

بژی حیزبی دێموکراتی کوردستان و،

سەرکەوتووبێ جووڵانەوەی نەتەوایەتیی ئێمە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە پێناو مافەکانماندا.

# نامەی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ئانتۆنیۆ گوترێش، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان




سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە نامەیەکدا بۆ ئانتۆنیۆ گوترێش، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان داوای کردوە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لە سەرووییەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان ئاوڕ لە دۆخ و خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕات کە زۆر جار چەکی کۆمەڵکوژیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، بدەنەوە.

**دەقی نامەی کاک خالید عەزیزی بۆ ئانتۆنیۆ گوترێش:**

**بەڕێز ئانتۆنیۆ گوترێش، سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان!**

دوو ساڵ پێش ئێستا لە ٨ی سێپتامبری ٢٠١٨دا کۆماری ئیسلامیی ئێران هێرشێکی مووشەکیی کردە سەر ناوەندی بەڕێوەبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە قووڵایی خاکی کوردستانی عیراقدا. لەئاکامی ئەو کردەوە تێرۆریستییەدا ١٦ کەس شەهید و زیاتر لە ٤٠ کەس بریندار بوون.

سوپای پاسدارانی ئێران هەر ئەو کاتە بەرپرسیارێتیی ئەو هێرشەی گرتە ئەستۆ و وەک نیشانەیەکی توانای مانۆڕدانی خۆی لە ناوچەدا لە قەڵەمی دا. ئەو هێرشە هەروەها کۆمەڵێک دژکردەوەی لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بەدووی خۆیدا هێنا کە گرینگترینیان باسکردنی ئەو هێرشە و مەحکومکردنی لەلایەن نوێنەری دەوڵەتی ئەمریکا لە کۆبوونەوەی شوڕای ئەمنیەتی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران بەم کردەوە تێرۆریستییە سەرجەم پەسندکراوەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکانی لە بواری ڕێزگرتن لە سەروەریی دەوڵەتانی دراوسێ و یاسای بەشەردۆستی‌دا پێشێل کرد. ئەو هێرشە بەئامانجگرتنی حیزبێک بوو کە حەوت دەهە و نیوە لەپێناو وەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد و سەقامگیرکردنی دێموکڕاسی لە ئێراندا خەبات دەکا. حیزبی ئێمە حیزبێکی ئاشتیخوازە کە لە خەباتی خۆیدا هەمیشە پرەنسیپە ئینسانی و شارستانییەکانی لەبەرچاو گرتوە. هەربۆیەش ئەو حیزبە لە ڕێکخراوی ئەنترناسیۆنال سۆسیالیست‌دا کە جەنابت ساڵانێک سەرۆکی بووی، ئەندامە.

**بەڕێز سکرتێری گشتی!**

گەلی کورد لە ئێران هەمیشە خۆی لە بەرەی دژی تێرۆریزمدا پێناسە کردوە و بەردەوام قوربانیی دەستی تێرۆریزم بووە. ئێمە لەکاتێکدا یادی قوربانیانی جینایەتی ٨ی سێپتامبر دەکەینەوە کە لە ئاستی نێونەتەوەیی‌دا قسە لە کۆنتڕۆڵکردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ڕووی دەست‌پێڕاگەیشتن و بەکاربردنی چەکی کۆمەڵکوژ لەئارادایە. ئێمە پێمان‌وایە کە باشترین ڕێگا بۆ پابەند کردنی دەوڵەتێک بە خۆبواردن لە پەرەپێدان و بەکاربردنی چەکە کۆمەڵکوژەکان، کارکردن لەگەڵ ئەو پێکهاتە و لایەنانەیە کە لە بەرامبەر وەها دەوڵەتێک‌دا خەبات دەکەن.


لەو چوارچێوەیەدا جێی خۆیەتی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و لە سەروویەوە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان ئاوڕێک لە دۆخ و خەباتی خەڵکی کوردستانی ئێران و حیزبی دێموکڕات کە زۆر جار چەکی کۆمەڵکوژیان لەسەر تاقی کراوەتەوە، بدەنەوە. ئێمە دەتوانین بۆ بنیاتنانی ئایندەیەکی باشتر لە ناوچەدا و لەو پرسانەدا کە لە ئەولەویەتی ئامانجەکانی نەتەوە یەککگرتووەکاندان، ڕۆڵی بنیاتنەر بگێڕین.

بە ئارەزووی ئەوە کە ڕێکخراوی نەتەوە یەککگرتووەکان لەپێوەندی لەگەڵ ئایندەی وڵات و گەلی ئێمەدا زیاتر بێتە سەر خەت، سڵاو و ڕێزی ئێمە قبووڵ بکەن.

**خالید عەزیزی**
**سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٧ی خەرمانانی ١٣٩٩ (٨ی سێپتامبری ٢٠٢٠)**

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لە ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا)



دیلان هەردی

ژوان لەنز لە کتێبەکەیدا (تۆتالیتاریزم و ئۆتۆریتاریزم)، بەو ئەنجامە گەیشتوە کە سێ تایبەتمەندیی سەرەکی هەن، کە ڕێژیمێکی تۆتالیتەر لە ڕێژیمە نادێمۆکراتەکانی دیکە جیا دەکەنەوە، ئەویش بریتین لە ئایدۆلۆژیا، تاکحیزبی و سەرۆکێکی بەهێز، بەڵام بۆ ئەوەی ڕێژیمێک وەکوو تۆتالیتەر ئەژمار بکرێ، دەبێ هەر سێ تایبەتمەندییەکە پێکەوە لەنێو ڕێژیمەکەدا هەبن، لەبەر ئەوەی هەر کام لەو سێ تایبەتمەندییانە بە جیا لە ڕێژیمی دیکەی نادێمۆکراتدا هەن. هانا ئارێنت پێیوایە کە ڕێژیمی تۆتالیتەر، هەموو نەریتە سیاسی و یاسایی و کۆمەڵایەتییەکان لەنێو دەباو دامەزراوەی نوێ دروست دەکاتەوە و سیاسەتێکی دەرەکی بۆ زاڵبوون بە سەر جیهاندا دەگرێتە بەر. ڕێژیمی تۆتالیتەر هەوڵ دەدا لە ڕێگەی "هێنانە کایەی دادوەری لە جیهاندا،" ڕەوایی بە خۆی ببەخشێ. ئارێنت پێداگرییەکی زۆر لە سەر مۆدێرن بوونی تۆتالیتاریزم دەکاتەوە و پێیوایە کە نابێ و ناشێ تۆتالیتاریزم لەگەڵ ڕێژیمە دیکتاتۆرەکانی پێشوودا تێکەڵ بکرێ. لەو دیاردە نوێیەدا، چینەکانی کۆمەڵگە دەگوازرێنەوە بۆ جەماوەر و هەوڵ دەدرێ هەر جۆرە بەستراوەییەکی سیاسی لە تاکەکان دابماڵدرێ و هەموویان لە دەوری ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی کۆ ببنەوە. ڕێژیمی تۆتالیتەر دەیهەوێ کۆنترۆڵی تەواوی بە سەر ژیانی کەسیی تاکەکانەوە هەبێ. بۆ ئەو مەبەستەش، دەسەڵات و ڕێگەکانی هێز و زۆرەملێ لە ئەرتەشەوە دەگوازرێتەوە بۆ نێو پۆلیس. بۆ ئارێنت، تۆتالیتاریزم پەیوەندییەکی بەهێزی لەگەڵ تۆقاندن هەیە. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تۆتالیتاریزم، هەبوونی ئایدۆلۆژیای دەوڵەتییە کە تۆتالیتاریزم بە شێوەی تیۆری و کردەیی پاساو دەدا. ئایدۆلۆژیا، ڕابردوو و داهاتوو بۆ لایەنگران و شوێنکەوتووانی ڕوون دەکاتەوە. لە ڕێژیمی تۆتالیتەردا، سەرۆک هەم کەسێکی پڕوپاگەندایە و هەم کەسێکی کردەییە، چونکە "هەم دەبێ پەرە بە ترس و تۆقاندن بدا، هەم بە ئایدۆلۆژیا".

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه دامەزراوە کە هەڵقوڵاوی شیعەگەریی دوازدە ئیمامییە و دوو قۆناغی مێژوویی لەخۆ دەگرێ : قۆناغی یەکەم، بەسیاسی کردنی ئیسلام بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧، قۆناغی دووهەم، بەئیسلامی کردنی سیاسەت دوای شۆڕشی ١٣٥٧. قۆناغی دووهەم لە لایەک، ئاوێتەیە لەگەڵ تەیار کردنی جەماوەر لە دەوری ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه و لە لایەکیتریش، لەگەڵ ترس و تۆقاندن، سەرکوتی ناڕازییان و گوشار بۆ سەر کۆمەڵگە، بە مەبەستی هەبوونی کۆنترۆڵی تەواو بە سەر کۆمەڵگەدا. ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه کە لە لایەن وەلی فەقیهەوە نوێنەرایەتی دەکرێ، تەنیا بۆ نێو سنوورەکانی ئێران دانەڕێژراوە، بەڵکوو جیهانگیرە و هەوڵ دەدا جیهان بگۆڕێ و دادەوریی ئاسمانی لەسەر زەوی جێگیر بکا. بۆ ئەو مەبەستەش هێزێکی ئایدۆلۆژیکی بە ناوی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی پێک هێندراوە کە جگە لە نێوخۆی ئێران، چالاکییەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێرانیش پەرە پێدەدا. لەو بەشەدا هەوڵ دەدرێ تایبەتمەندییەکانی تۆتالیتاریزم لەنێو ڕێژیمی سیاسیی ئێران، بەوردی شیکردنەوەیان بۆ بکرێ.

### ١. ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیه

تۆتالیتاریزم، لە ئایدۆلۆژیا، دەسەڵاتێکی تاکڕەو و تەیارکردنی جەماوەرەوە چەکەرە دەکا. ئایدۆلۆژیا یەکێک لە سێ تایبەتمەندییە سەرەکییەکەی تۆتالیتاریزمە کە پاوانخواز و سەربەخۆیە و بەشێوەی هزری پەرەی پێدراوە. لایەنی دەسەڵاتدار ئایدۆلۆژیا بە مەبەستی پاساودان و ڕەوایی سیاسەتەکانی بەکار دێنێ و هەر جۆرە تێپەڕ بوون یان ترازانێک لە سنوورەکانی ئایدۆلۆژیا، وەکوو لادان سەیر دەکرێ. لایەنی دەسەڵاتدار، بناغەی ڕەوایی و سیاسەتی خۆی لە سەر بنەمای تێگەیشتنێکی هۆلیستی لە مرۆڤ و لە کۆمەڵگە داناوە و بەبێ مانا کردنەوە و شیکردنەوەی بەردەوامی میراتە ئایدۆلۆژیکییەکەی، سیستەمی تۆتالیتەر ناتوانێ بوونی هەبێ. چوار میکانیزمی ئایدۆلۆژیکی کە لایەنی دەسەڵاتدار کەڵکیان لێ وەردەگرێ ئەوانەن : ١) بەسیاسیکردنی جەماوەر، ٢) دامەزراندنی نوخبەی نوێ، ٣) کۆنترۆڵی ئەو دامەزراوانەی کە لەوانەیە لە داهاتوودا سەربەخۆ بن، وەکوو هێزی نیزامیی وڵات، ٤) کۆنترۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕێگەی بەشداریکردنەوە.

پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه وەکوو ئایدۆلۆژیای دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەڵقوڵاوی بەسیاسی کردنی مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامییە کە لە لایەن خومەینییەوە و بە کەلک وەرگرتن لە شارەزایانی ئایینیی پێش خۆی داڕێژراوەتەوە. ئەو ئایدۆلۆژیایە لە دوای ساڵی ١٣٥٧ەوە بەتەواوەتی چووەتە نێو یاسای بنەڕەتیی ئێرانەوە. هەروەها، چوارچێوەی سەرەکیی سیاسەتەکانی دەوڵەت، یاسا، ڕێسا، کۆمەڵگە، تاک و هەروەها سیاسەتەکانی دەرەوەی پێک هێناوە.




### لە "بەسیاسی کردنی ئیسلامەوە" هەتا "بەئیسلامی کردنی سیاسەت"

#### ئـ. شیعەگەری

شیعە (بە عەرەبی: شوێنکەوتووەکان، هاوڕێیان) یەکێک لە دوو لقە سەرەکییەکەی ئایینی ئیسلامە (سوننەو شیعە) کە لە مێژوودا زیاتر لەوەی لقێکی ئیسلام بێ، وەکوو ڕەوتێکی دژ بە زۆرینەی سوننە دەرکەوتوە، بەڵام وردە وردە خۆی وەکوو لقێکی سەرەکیی ئیسلام نیشان داوە. دووبەرەکیی نێوان شیعە و سوننە دەگەڕێتەوە بۆ یەکەم ڕۆژەکانی دوای کۆچی دوایی پێغەمبەری ئیسلام، کاتێک بەشێک لە موسوڵمانان وەفاداریی خۆیان بۆ تایفەی پێغەمبەر نیشان دا و لەگەڵ ئەوەدا بوون کە عەلیی ئامۆزای پێغەمبەر ببێتە خەلیفەی موسوڵمانان، لە کاتێکدا کە بەشێکی دیکە لە موسوڵمانان ئەبووبەکری هاوڕێی پێغەمبەریان وەکوو خەلیفە دەستنیشان کرد. ململانێی نێوان ئەو دوو بەرەیە تا ئێستاش هەر بەردەوامە و زۆر شەڕی خوێناوی لێ کەوتونەتەوە و تا دێ گەورەتر دەبێتەوە. بەگوێرەی ڕێسای مەزهەبی شیعە، بنەماڵەی پێغەمبەری ئیسلام، ڕەواییەکی ئاسمانییان هەیە و تەنیا ئەوان دەتوانن جێنشینی ڕاستەقینەی پێغەمبەر بن. شیعەکان وەکوو سوننەکان، بە سەر چەندین لقی دیکەدا دابەش دەبن و هەر لقێک شوێنکەوتووی ژمارەیەکی دیاریکراو لە ئیمامەکانی دوای پێغەمبەرە: شیعەی زەیدی (چوار ئیمام)، شیعەی ئیسماعیلی (حەوت ئیمام)، شیعەی عەلەوی (یازدە ئیمام)، شیعەی دوازدە ئیمامی (دوازدە ئیمام). شیعەکانی وڵاتانی ئێران، عێراق، لوبنان و وڵاتانی کەنداو، شیعەی دوازدە ئیمامین. بەپێی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی، مەهدی، ئیمامی دوازدەهەم، ماوەیەک دوای لەدایکبوونی، لەبەر چاوان ون بووە و ڕۆژێک دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی جیهان لە زوڵم ڕزگار بکا. کەوابوو تا ئەو ڕۆژەی دووبارە دەگەڕێتەوە، کەس بۆی نییە جێگەی ئەو بگرێتەوە. بەڵام فەقیه یان مەرجەعەکانی شیعە بۆیان هەیە هەتا گەڕانەوەی مەهدی نوێنەرایەتیی ئایینی شیعە لە نێو کۆمەڵگەدا بکەن، بەڵام بۆیان نییە حکوومەت بکەن، چونکە ئەوان ڕەوایی ئاسمانی یان خوداییان بۆ حکوومەتکردن پێ نەدراوە. بەدامەزراوەیی کردنەوەی شیعەگەری دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٥٠١، کاتێک شا ئیسماعیلی سەفەوی، خانەدانی سەفەویی دامەزراند و ئایینی شیعەی وەکوو پێناسەی ئایینیی ئیمپڕاتۆریی سەفەوی دیاری کرد، بۆ ئەوەی کاریگەرییەکانی ئیمپڕاتۆریی عوسمانی بەسەر کۆمەڵگەی زۆرینە سوننەی ئەوکاتی نێو سنوورەکانی ئیمپڕاتۆر کەم بکاتەوە.

بە گوتەی جاک لاگرۆی، لە دامەزراوە ئایینییەکاندا، هەر لایەنێک هەوڵ دەدا ڕوانگەیەکی شەرعیتر و دروستتر لەوانیتر، لە خودا پێشان بدا، چونکە هەر کامیان لێکدانەوەی جیاوازی هەیە و چەشنێک لە ململانێ لەنێو هەر دامەزراوەیەکی ئایینی بوونی هەیە. بەپێی پۆلێنبەندیی نەریتیی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی، ئایەتوڵڵا لە پلە هەرە بەرزەکانی ئەو ئایینەیە کە بۆی هەیە ببێ بە مەرجەعی تەقلید، واتە لێکدانەوەی تایبەت بە خۆی لە ئایین هەبێ. هەر کام لە مەرجەعەکان بەهۆی شێوەی لێکدانەوەکەیان، کۆمەڵێک شوێنکەوتوویان لەنێو کۆمەڵگەدا هەیە. جیاوازیی تێگەیشتن و لێکدانەوەی مەرجەعەکان لەسەر هەندێک بابەت، زۆر جار بووە بە هۆی کێشە و ململانێ لە نێوانیاندا. یەکێک لەو بابەتە گرینگانەی کە بووە بە هۆی کێشە، پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه کە بەشێک لە مەرجەعەکان پێیانوابوو دژایەتیی لەگەڵ بنەماکانی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی هەیە. لەبەر ئەوەی پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه ڕێگە دەدا کە ئیمامی دوازدەهەم جێنشینی هەبێ و حکوومەتیش بکا. تا شۆڕشی ١٣٥٧، زۆرینە یان نزیک بە تەواوی مەرجەعەکان دژایەتیی ویلایەتی فەقیهیان دەکرد، بەڵام دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ژێر گوشاری دەوڵەت، دەنگی دژبەرانی ویلایەتی فەقیه بەرە بەرە کپ کرا. بیرۆکەی ویلایەتی فەقیه لە ساڵەکانی ١٣٤٠_١٣٥٠ی لە لایەن خومەینی، دامەزرێنەری کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە داڕێژراوەتەوە، لەکاتێکدا، لەو سەردەمە لە نێو شیعەکاندا کەم کەس هەبوو کە بڕوای بە ویلایەتی فەقیه هەبێ.

#### بـ. ویلایەتی فەقیه

میشێل کرۆزیێ و ئێرهارد فریدبێرگ پێیانوایە کە، هەرچەندە نۆرمەکان و ڕێساکانی هەر کۆمەڵگەیەک زۆر پێشتر بۆ ئەو کۆمەڵگە داڕێژراون و چوارچێوەیان بۆ دیاری کراوە، بەڵام ئەکتەرەکانی کۆمەڵگە تەنیا وەرگر و شوێنکەوتوویەکی ناچالاکی فەرمانەکانی ئەو نۆرم و ڕێسایانە نین، بەڵکوو ستراتێژیی تایبەت بە خۆیان هەیە و لەگەڵ ڕێسا و نۆرمەکان کایە دەکەن. ئەحمەد نەڕاقی یەکەم کەسایەتیی ئایینیی سەردەمی نوێیە کە لە کتێبەکەیدا بە ناوی "ایاد الأیام" پرەنسیپی ویلایەتی فەقیهی تیۆریزە کردوە. دواتر چەندین کەسی دیکە بیرۆکەکەیان داڕشتۆتەوە، بەڵام تا هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامیی ئێران، نەک هەر لایەنگرێکی ئەوتۆی نەبوو، بگرە دژبەریشی زۆر بوو. بیرۆکە سیاسییەکانی خومەینی دەرئەنجامی کاریگەرییەکانی دوو بیرمەندی ئایینین: یەکەمیان، نەواب سەفەوی کە یەکەم کەس بوو بیرۆکەی دروست کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی لە شێوەی کۆماری هێنایە ئاراوە. دووهەمیان، سەید ئەبو عەلا مەودوودی بیرمەندی ئایینیی پاکستانییە کە پێیوابوو ئیسلام هەر تەنیا ئایین نییە، بەڵکوو ئایدۆلۆژیاشە، هەر بۆیەش پێیوابوو کە دروست کردنی دەوڵەتێکی ئیسلامیی سەردەمیانە، واتە تیئۆ-دیمۆکراسی شەشەمین کۆڵەکەی ئیسلامە. خومەینی لە ساڵی ١٣٤٢ی هەتاویدا چاوی بە مەودوودی دەکەوێ و دواتر بیرۆکەی هەردوو بیرمەند تێکەڵ بە یەکتر دەکا و ویلایەتی فەقیهی لێ بەرهەم دێنێ، واتە بیرۆکەی کۆمارە ئیسلامییەکەی نەواب سەفەوی و تیئۆ-دیمۆکراسییەکەی عەلا مەودوودی. پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه دوو دەسەڵات بە فەقیه دەبەخشێ: دەسەڵاتێکی ئایینی بە سەر کۆمەڵگەی موسوڵماناندا و دەسەڵاتێکی سیاسی بە سەر دەوڵەتدا. خومەینی کە بیرۆکەکەی لە تاراوگە و بەر لە گەیشتنی بە دەسەڵات پەرە پێدا، دەیویست ئەو کێشە کۆنەی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی چارەسەر بکا، کە دوای ونبوونی ئیمام مەهدی، ڕێگە لە دروست بوونی هەر چەشنە حکوومەتێکی ئایینی دەگرێ و بە ناڕەوای دەزانێ و ڕێگە نادا کەسیش جێگەی مەهدی بگرێتەوە، چونکە ئیمامەت لەگەڵ ونبوونی مەهدی کۆتایی پێدێ. بەپێی نەریتی ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامی، دوای ونبوونی مەهدی، لە دوو ڕەهەندی سیاسی و ئایینی، تەنیا ڕەهەندی ئایینی ئیمام مەهدی لە کۆمەڵگەدا بوونی، ئەویش خۆی لە کۆی مەلاکاندا دەبینێتەوە. خومەینی وەکوو وڵامێک بۆ دووفاقییەتی نێوان دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ئایینی، پەرەی بە پرەنسیپی ویلایەتی فەقیه دا. تیۆریزە کردنی ویلایەتی فەقیه بە چەندین تیۆریی ئایینی پاساو دراوە کە هەوڵ دەدەن دەسەڵاتێکی سیاسی بنیات بنێن و ڕێبەرێکی ئایینی دروست بکەنەوە کە تا بکرێ لە تایبەتمەندییەکانی ئیمام مەهدییەوە نزیک بێ. خومەینی لە تیۆریزە کردنەوەو داڕشتنەوەی ویلایەتی فەقیه دوو مەبەستی سەرەکی هەبوو: یەکەمیان، پێکهێنانی مۆدێلێکی نوێ لە حکوومەت لەسەر بنەمای یاسا و ڕێسا ئیسلامییەکان. دووهەم، دروست کردنی بەربەست لە بەرامبەر سێکۆلاریزە کردنی کۆمەڵگە و لە بەرامبەر پەراوێز خستنی مەلاکان لە لایەن ڕێژیمی پاشایەتییەوە.

خومەینی، کەسایەتیی خۆی وەکوو ڕێبەرێکی ئایینی، لە دوای ساڵەکانی ١٣٤٠ەوە بە چوونە نێو چالاکییە سیاسییەکان دروست کرد. ئەو هەوڵی دەدا بە دروستکردنی وێنەیەکی سیاسییانە لە ئایینی شیعە، ئایدۆلۆژیایەکی تەیارکەر تیۆریزە بکا. بە گوتەی ئەحمەد سەلامەتیان (ڕاوێژکاری پێشووی خومەینی)، خومەینی بەر لەوەی کەسایەتییەکی ئایینی بێ، ڕێبەرێکی سیاسی بوو، چونکە لە ڕێگەی چالاکییە سیاسییەکانیەوە پلە ئایینییەکانی بەرز کردەوە. لە کۆتایی ساڵەکانی ١٣٤٠ەوە، ڕەوتە چەپە ئیسلامییەکان لە ئێران پێگەی جەماوەرییان بەهێز بوو، بەتایبەت لە نێو خوێندکاراندا. ئەو ڕەوتانە خەباتیان لە دژی محەممەد ڕەزا شا وەکوو ڕێژیمێکی پاشایەتی و لایەنگری ڕۆژئاوا دەکرد. یەکێک لە تیۆریسیەنەکانی ڕەوتی چەپی ئیسلامی، "عەلی شەریعەتی"یە کە مارکسیزمی شۆڕشگێڕانەی تێکەڵ بە شیعەگەری کردوە. هەرچەندە ئەو ڕەوتە لە لایەن مەزهەبییە بناژووخوازەکانی ئەوکات دژایەتیی دەکرا، بەڵام خومەینی ئیلهامی لەو ڕەوتە وەرگرت، بە تایبەت لە ڕەهەندە دژە ئیمپڕیالیستییەکەی. ئایینی شیعە لە ئێران لە ڕێگەی ڕەوتی چەپی ئیسلامییەوە بەسیاسی کرا و ڕێژیمی پاشەیەتیش لە لایەن ئەو ڕەوتانەوە وەکوو لایەنگری ئیمپڕیالیزم و دوژمنی ئیسلام پێناسە کرا. ئەوەش بوو بە فاکتەرێکی گرینگی تەیارکردنی جەماوەر. دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، لەگەڵ ئەوەشدا کە ژمارەیەکی زۆر حیزبی ڕاست و چەپ لە ئێران هەبوون، بەڵام خومەینی و لایەنگرانی توانییان ڕوانگەی ئایدۆلۆژیکیی خۆیان بەسەر یاسای بنەڕەتیی نوێ و وڵاتدا بسەپێنن. بە گوتەی ئەمیر ئەرجومەند، سێ فاکتەری گرینگ هەن کە ڕۆڵێکی گرینگیان لە بزووتنەوەکانی دژی شا و شۆڕشی ١٣٥٧ بەخشییە مەزهەبییەکان. ئەو سێ فاکتەرەش بریتین لە "پلەبەندیی ئایینی، دوکترینی ئایینی و هەروەها، سەربەخۆیی ئابووری و سیاسیی ڕووحانیەتی شیعە لە ئێران".

لە دژی ئەو ململانێیە و ڕوانگە جیاوازانەی لە نێو ئایینی شیعەی دوازدە ئیمامیدا لەسەر جێگرەوەی مەهدی هەیە، دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی هەر لە دوای شۆڕشەوە هەوڵ دەدەن ئەو لایەن و ڕوانگە جیاوازانە ڕێک بخەن و بیرۆکراتیزەی بکەن. دەوڵەت لە ڕێگەی جیاوازەوە هەڵ دەدا تەنیا یەک وێنە لە شیعە نیشان بدا، بە تایبەت لە بەرامبەر سوننەکان و کەمینە ئایینییەکانی دیکەی ئێراندا. بۆ ئەو مەبەستەش، تۆڕێکی گەورەی خوێندنگەی نوێی ئایینی لە سەرانسەری ئێران دروست کردوە بۆ ڕکەبەریکردنی هەردوو خوێندنگەی نەریتی مەشهەد و قوم (حەوزە یان ناوەندی ئایینی شاری قوم کە بە پێتەختی ئایینیی ئێران ناسراوە، لە لایەن عەبدولکەریم حائێری، کەسایەتیی ئایینی شیعەوە بنیات نراوە. حائێری بەوە ناسراوە کە بە توندی دژی ئەوە بووە کە کەسانی ئایینی لە سیاسەتدا بەشداری بکەن). لەگەڵ ئەوەشدا کە حکوومەت هەوڵی داوە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە، ڕۆڵی خوێندنگە ئایینییەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ پڕڕەنگتر بکا و ڕۆڵی خوێندنگە نەریتییەکان کەمڕەنگتر بکاتەوە، بەڵام خوێندکارە نوێیەکان بەتەواوی گرێدراوی سەرچاوە ئایینییەکانی قوم و مەشهەدن. لە دوای ساڵی ١٣٥٧ـەوە، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە ئایینییەکانی شیعە بە هۆی دژایەتی کردنی ویلایەتی فەقیهەوە لە لایەن دەوڵەتەوە پەراوێز خراون یان زیندانی و تەنانەت تێرۆریش کراون. بابەتێکی دیکەی گرنگ کە لەنێو ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهەوە تیۆریزە کراوە، "پان ئیسلامیزم" یان جیهانگیر بوونی شیعەگەرییە. بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، خومەینی پێشنیاری هەناردە کردنی شۆڕشی ئیسلامی دەکا کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەنجامدانی هێرش لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران. یەکەم هەنگاو بۆ کردەیی کردنی ئەو ئامانجە، دروست کردنی سوپایەکی ئایدۆلۆژیکی بەهێزە کە سەربەخۆیی تەواوی لە بواری نیزامی و دارایی و تەنانەت سیاسیش هەبێ. ئەو سوپایە، لە لایەکەوە دەبێ بەرگری لە کۆماری ئیسلامی بکا و لە لایەیەکیترەوە، شۆڕشی ئیسلامی بۆ تەواوی جیهان هەناردە بکا.

***

# خەرمانانی خوێناوی و تاوانە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی



ئارەزوو نستانی

مانگی خەرمانان بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بەتایبەت بۆ حیزبی دیمۆکراتی کوردستان پڕە لە کارەساتی دڵتەزێن، کە لە دیارترین ئەو کارەساتانە تاوانی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ و تاوانی میکۆنووس لە ٢٦ی خەرمانانی ١٣٧٣ن. کۆماری ئیسلامی لە سەرەتای هاتنە سەرکارییەوە پێشێلکاریی گەورەی مافی مرۆڤی کردوە بەتایبەتی بەرامبەر بە گەلی کورد و بەشێکی زۆر لەو کردەوانە دەچنە ژێر ئەو پێناسەی بۆ تاوانە نێودەوڵەتییەکان کراوە لە سەر ئاستی نێودەوڵەتیدا. تا ئێستا نە تەنیا بکەرانی ئەو تاوانانە لە نێوخۆی ئێراندا سزا نەدراون، کە هەڵبەت لە چوارچێوەی ئەو سیستمەدا دوور لە چاوەڕوانییە، لە سەر ئاستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییشدا کاریان لەسەر نەکراوە تا لەرێگەی دادگایەکی نێودەوڵەتی بەدواداچوونیان بۆ بکرێ. لە ڕاستیدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرسی مافی مرۆڤ تا کۆتایی جەنگی سارد زۆر بێ هەڵوێست بووە. ئەوەش لە سۆنگەی هەندێ بنەمای یاسای نێودەوڵەتی وەک پاراستنی سەروەریی دەوڵەت و دەستوەرنەدان لە کاروباری نێوخۆیی دەوڵەتان بووە. بە شێوەیەک کە مەسەلەی مافی مرۆڤ وەک مەسەلەیەکی نێوخویی دەوڵەت سەیر دەکرا. پاش جەنگی سارد هەلوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا ڕادەیەک گۆڕانی بەسەردا هاتوە و پێشێل کردنی مافی مرۆڤ وەک هەڕەشەیەک سەیر کراوە بۆ سەر ئەمنیەتی جیهانی. سەرەڕای ئەوەش تەنیا ئەو کاتەی پێشێلکارییەکان گەیشتبنە ئاستێکی مەترسیدار و یەک لە تاوانەکانی ژینۆساید، دژەمرۆیی یان جەنگیان لێ کەوتبێتەوە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی (لە هێندێک کەیسدا وەک کەیسی دارفۆری سوودان)، لە ڕێگەی دەستوەردانی مرۆیی و دادگایی کردنی تاوانباراندا هەڵوێستی بووە.

لێرەوەیە کە پێویستیی بەڵگەمەند کردن و بە دۆکیومێنت کردنی تاوانەکانی ژینۆساید و دژەمرۆیی و جەنگ دێتە کایەوە، کە بە تاوانی نێودەوڵەتی دادەنرێن و دەکرێ پاڵنەر بن تا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەدەنگ بێ و ئیمکانی ڕەوانە کردنی ئەو کەیسانە بۆ دادگا نێودەوڵەتییەکان فەراهەم ببێ.

لەبارەی کەیسی ١٧ی خەرمانان، لە دادگای نێوخۆیی وڵاتی ئێراندا ناتوانرێ تاوانباران بەرەورووی دادگا بکرێنەوە و کۆماری ئیسلامی خۆی دەبوێری لە سزادانی بکەرانی و دەیانپارێزێ، چونکە لە بنەڕەتدا ئەوە خودی دەوڵەت بە هەموو دامودەزگاکانیەوەیە بکەر و فەرماندەر و بەڕێوەبەری ئەو جینایەتەیە. دەبێ ئەوە بزانین دادگای تاوانی نێودەوڵەتی جێگرەوەی دادگای تاوانی نیشتمانی نییە و بەڵکوو تەواوکەریەتی، و کار بە تایبەتمەندیی ئەو دادگایە دەکرێ ئەگەر سیستەمی قەزایی لە وڵات تووشی گرفت بێ، یان دەوڵەت ڕەدی بکاتەوە تۆمەتباران دەسبەسەر بکا و سزایان بدا، و ئێمەش هەموومان شاهیدن کە کۆماری ئیسلامی نەک ئەوە ناکا بەڵکوو تۆمەتباران لە سایەی ئەو سیستەمەدا پارێزراون. لێرەدا مەبەستم ئەو تاوانانەیە کە دوای ساڵی ٢٠٠٢ ئەنجام دراون، واتە لەو کاتەی کە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەست بەکار بووە. چونکە بەپێی ماددەی (١١)ی نیزامی دادگا، سەیری ئەو تاوانانە دەکا کە لە دوای دەست بەکاربوونی ئەنجام دراون. ئەوە بەو مانایە نییە کە سەرانی کۆماری ئیسلامی ڕزگاریان بێ لەو تاوانانەی کە پێش ساڵی ٢٠٠٢ش ئەنجامیان داوە، وەک نموونە ژینۆسایدی قارنێ. بۆ ئەو کەیسانەش دەکرێ دادگا پێک بهێنرێ هاوشێوەی عێراق کە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس دادگای تاوانی تایبەت لە ساڵی ٢٠٠٣ پێک هێنرا بۆ ئەو تاوانانەی کە ئەنجامیان دابوون، وەک تاوانی ژینۆساید و دژە مرۆیی و تاوانی جەنگ.

### تاوانە نێودەوڵەتییەکانی کۆماری ئیسلامی، مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات وەک نموونە

تاوانی نێودەوڵەتی لە سادەترین پێناسەیدا بریتییە لە کردەوەیەک کە پێشێلکاری بێت بۆ بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی و، ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بخاتە مەترسییەوە.

مەبەست لە تاوانی نێودەوڵەتی ئەو چوار تاوانەیە کە لە نیزامی بنچینەیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی لە ماددەی (٥) بەو شێوەی خوارەوە ڕیزبەندی کراون:

ا) ژینۆساید، ٢) تاوانی دژەمرۆیی، ٣) تاوانی جەنگ و ٤) تاوانی دەستدرێژیکاری

هەر بۆیە پێویستە بۆ بەرچاوڕوونیی زیاتر، بەر لە باس کردنی مووشەک بارانی قەڵا وەک تاوانێکی جەنگی، بەکورتی ئاماژە بەوە بکەین کە کۆماری ئیسلامی لە ماوەی دەسەڵاتدارەتیی خۆیدا هەموو ئەو تاوانانەی ئەنجام داوە کە لە چوارچێوەی نیزامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا هاتوون.

### ژینۆساید

بەپێی ماددەی (٦) لە نیزامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا، ژینۆساید بریتییە لە ئەنجام دانی کۆمەڵێک کردەوە بە مەبەستی لەنێو بردنی کۆمەڵەیەکی قەومی یان ئێتنیکی یان عیرقی یان ئایینی، چ لە نێوبردنی تەواوەتی یان بەشێکی بێ.

فەرمانی جیهادی خومەینی و کوشتاری گەلی کورد وەک دەرەنجامی ئەو فەتوایە، وێنەیەکی ڕاستەقینەی ژینۆسایدی گەلی کورد بوو.

### تاوانی دژە مرۆیی

بە پێی ماددەی (٧) لە نیزامی بنچینەیی دادگای تاوانی نێودەوڵەتیدا، هێرشی فراوان و ڕێکخراو دژی کۆمەڵەیەکی ناسەربازی و لە ڕاستای بەرەوپێش بردنی سیاسەتی دەوڵەت وەک ئەنجام دانی قەتڵ و لە نێوبردن و ئازار و ئەزیەت دان بە هۆکاری سیاسی و یان نەتەوەیی یان ئایینی و ڕووناکبیری و لەبەرچاو نەگرتنی مافە ئینسانییەکان و ئازادییە بنچینەییەکان وهەر کردەوەیەکی نامرۆڤانەی تر، تاوانی دژەمرۆییە.

ئێعدامەکانی ساڵی ١٣٦٧ کۆمەڵێک ئێعدامی لە دەرەوەی چوارچێوەی قانون و دادگا بوون کە لە ڕێگەی لیژنەی مەرگ ئەنجام دران، کە ئەو لیژنەیە لەسەر بنەمای فتوای خومەینی دامەزرا و ئیبراهیم ڕەئیسی سەروکایەتیی ئەو لیژنەیەی دەکرد کە ئیستا سەرۆکی دەزگای قەزاییی ئێرانە. ئەوە ویست و پشتیوانیی کۆماری ئیسلامی دەردەخا بۆ ئەو کردەوەیە، کەواتە سەراپای نیزام بەرپرسیارە لەو تاوانانە. چونکە هاوبەشی لە تاوان دێتە کایەوە بە ڕاسپاردن بۆ ئەنجام دانی تاوان و یان بێدەنگ بوون لە ئاست کردەوەکە، کە هەموو ئەوانە دەبنە شەریک لە تاواندا. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی سەبارەت بە تاوانی ئێعدامی بە کۆمەڵی ساڵی ٦٧ی هەتاوی دەڵێ: دوای جەنگی جیهانیی دووەم گەورەترین تاوانی دژە مرۆییە کە بێ سزا ماوەتەوە.

بە پێی ئەو تۆمارە دەنگییەی ئایەتوڵڵا مونتەزیری کە ساڵی ١٣٩٥ بڵاو کرایەوە، ئەو ئێعدامانە بە ترسناکترین تاوان لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ناو دەبا و دەڵێ ئەوەی کردتان لە لاپەرەکانی مێژوودا دەنوسرێتەوە.

### تاوانی جەنگ

کۆماری ئیسلامی لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا لە پەیوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ئێراندا نە تەنیا پابەند نەبووە بە یاسای نێودەوڵەتیی مافەکانی مرۆڤ، لەهەمان کاتدا پێشیلکاری گەورەی کردوە بۆ یاسای نێودەوڵەتی مرۆیی، کە تایبەتە بە پاراستنی مافی مرۆڤ لە کاتی شەڕدا و ئێرانیش بۆتە ئەندامیان و پێویستە پێیان پابەند بێ. تەنانەت ئەگەر ئێران ئەندامیش نەبا لەو کۆنوانسیۆنانەدا، دەبوایە پابەند بێ پێیان، چونکە بەشێکی زۆری ئەو ڕێسایانە بوونەتە عورفی نێودەوڵەتی و سیفەتی ئیلزامییان وەرگرتوە بۆ وڵاتان.

مووشەک بارانی قەڵا پێشێلی کۆنوانسیۆنی چوارەمی ژنێڤە کە تایبەتە بە پاراستنی خەڵکی مەدەنی و هەروەها پێشێل کردنی پرۆتۆکۆلەکانی ساڵی ١٩٧٧ە کە ئاماژە بە پاراستنی خەڵکانی مەدەنی دەکەن لە کاتی شەڕدا.

ماددەی (٥٠)ی پرۆتۆکۆلی یەکەمی ١٩٧٧دا پێناسەی خەڵکی مەدەنی دەکا و دەڵێ: "خەڵکی مەدەنی هەموو ئەو کەسانە دەگرێتەوە کە ئەندامی هێزە چەکدارەکان نین، یان لە یەکە خۆبەخشەکان و میلیشیاکان یان ئەو گرووپانە نین کە چەکیان هەڵگرتوە". بە پێی هەمان ماددە لە حاڵەتی بوونی گومان لە سەر ئەوەی کە ئایا خەڵکی مەدەنین یان نامەدەنی، ئەو گومانە لە بەرژەوەندیی خەڵکی مەدەنی تەفسیر دەکرێ. ئەوەی کە هێزی پێشمەرگە لە نێو قەڵادا بووە، نابێتە بیانوو بۆ ئەوەی سیفەتی مەدەنی لەو خەڵکە مەدەنییە دابماڵرێ و هێرشێکی ناڕەوای ئەوتۆی بکرێتە سەر.

هەروەها لە بڕگەی (٤) ماددەی (٥١) هەموو جۆرە هێرشێکی کوێرکوێرانە قەدەغە کراوە. هێرشێک کە ئاسەوارەکەی تەنیا شوێنی نیزامی نەگرێتەوە و نەتوانرێ جیاوازیی نێوان شوێنی مەدەنی و نیزامی بکا و خەڵکی مەدەنی و سەربازی پێکەوە بکاتە ئامانج. دەبینین لە مووشەکبارانی قەڵادا مەترسییەکە ڕووی لە خەڵکی مەدەنی بوو، چ لە نێو قەڵا و چ لە دەرەوەی قەڵا کە شوێنی نیشتەجێ بوونی هاووڵاتیانی باشووری کوردستانە.

ئەو تاوانە جگە لە تاوانی جەنگ دەچێتە ژێر پێناسەی تاوانی دژە مرۆییش، بۆ نموونە لە ماددەی (٧) لە ئەساسنامەی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی هێرش بۆ سەر گرووپێکی ناسەربازی یان مەدەنی بە مەبەستی کوشتن یان لەنێو بردنیان بە شێوەی فراوان و ڕێکخراو دەچێتە خانەی تاوانی دژەمرۆییەوە.

مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات جگە لەوەی تاوانی جەنگە، دەبێتە مایەی پێشێلی کۆمەڵێک پرەنسیپی نێودەوڵەتی و لەوانەش پێشێلی بنەمای دراوسێیەتیی باش لەگەڵ عێراق، پێشێلی سەروەریی وڵاتی عێراق و دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتە.

ئەو بەڵگانەی لەو کەیسەدا گرینگن بۆ بەڵگەمەند کردنی مووشەکبارانی قەڵا، بریتین لە:

یەکەم: دانپیانانی ڕەسمیی کۆماری ئیسلامی بە هێرشەکە

دووەم: شاهیدیی کۆمەڵێک کەس وەک ئەو کەسانەی لە کاتی ڕووداوەکە ئامادەبوون، ئەندامانی خێزانی قوربانییان... هتد

سێیەم: بەڵگەی پەسەند کراوی لایەنی ڕەسمی وەک بەڵگەی پزیشکی دادوەری، بەڵگەی لایەنی ئەمنی و سەربازی کە ڕووداوەکە پشتڕاست بکاتەوە.

### کردەوە تیرۆریستییەکانی کۆماری ئیسلامی، تیرۆری میکۆنووس وەک نموونە

کۆک نەبوونی کۆمەڵگەی جیهانیی لەسەر پێناسەیەکی گشتگیر و یەکگرتوو بۆ تیرۆر کە بتوانێ ئەو کردەوەی پێ دەستنیشان بکرێ کە بە کردەوەیەکی تیرۆریستی دادەنرێ، یەکێکە لە گرفتە هەرە گەورەکانی ڕووبەڕوو بوونەوەی تیرۆر. چونکە هەر دەوڵەتێک و لایەنێک بە پێی بەرژەوەندیی خۆی پێناسەی دەکا. لە لایەکی تریشەوە تا ئێستا ئەوەی کە لە دونیادا کاری لەسەر کراوە دەرخستنی ڕووی هاوکاری و سپۆنسەریی دەوڵەتانە بۆ کردە تیرۆریستیەکان نەک بە تێرۆریست ناسینی دەوڵەتێک، واتە بە تێرۆریست ناسینی سیستەمی سیاسیی دەوڵەتێک. هەر بۆیە کە باس لە تیرۆر دەکرێ یەکسەر بیر بۆ لای گرووپ و تاقمێک دەچێ، ئەوەش ڕۆڵی گەورەی هەبووە کە ئێران بەئاسانی ڕزگاری بێ لە بەرپرسیاریەتیی کردە تیرۆرستییەکانی.

هەر بۆیە دۆزینەوەی چوارچێوەیەک کە بتوانین هەردوو کردەوەی تیرۆریستی ڤییەن و میکۆنووسی تێدا هەڵسەنگێنین کارێکی دژوارە. یەکێک لەو پێناسانەی بۆ تیرۆر کراوە و دەتوانین پشتی پێ ببەستین دەڵێ: "تیرۆر بریتیە لەو کردەوە توندوتیژ و کردارە سەرکوتکارانەی تر کە ئەنجام دەدرێن لە لایەن سیستەمە داگیرکاری و فاشییەکانەوە دژی ئەو گەلانەی بە مەبەستی بەدیهێنانی ئازادی و دەسکەوتنی مافی ڕەوای خۆیان لە دیاری کردنی چارەنووس و سەربەخۆییان و مافیان لە گەیشتن بە مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە بنچینەییەکان هەوڵ دەدەن بە مەبەستی کوشتنی ڕوحی بەرهەڵستی تێیاندا و بێدەنگ کردنیان".

دەتوانین ئەو دوو کردەوە تیرۆریستییە لە کۆنتێکستی ئەو پێناسەیەدا شی بکەینەوە. بەپێی ئەو پێناسەیە دەبینین ئامانجی سەرەکی ئەو دوو کردەوە تیرۆریستییە وەدیهێنانی مەبەستی سیاسیی دیاریکراو بوو. وەک کوشتنی ڕوحی بەرهەڵستی لەنێو کوردا دژ بە کۆماری ئیسلامی، نەک دەسکەوتی ماددی و کەسی. کە ئەوە لە بڕیاری دادگای میکۆنوس دا بەڕوونی ئاماژەی پێدراوە.

لە بڕیاری دادگای باڵای تاوانی ئەڵماندا هاتووە تێرۆری میکۆنووس دەسەڵاتی باڵا و بەرپرسانی باڵای کۆماری ئیسلامی بەرپرسن لێی و پلاندارێژەر و پاڵنەر بوون بۆ جێبەجێکردنی و، ئەو گریمانەیەی ڕەد کردەوە کە ئەو هێرشە تیرۆریستیە لە لایەن کەسێک یان چەند کەسانێک بۆ مەبەستێکی دیاریکراوی وەک دەسکەوتی کەسی یان ماددی تایبەت بە خۆیان کرابێ. ئەو حوکمە بەڕوونی سەلماندی کە دەوڵەتی ئێران تەنیا پشتیوانیی تیرۆر ناکا بەڵکوو ڕاستەوخۆ خۆی دەیکا بەمەبەستی لەنێو بردنی ناڕازییە سیاسییەکانی.

کەواتە ئەنجامی گرنگی بڕیاری دادگای میکونووس لە بە تاوانبار ناسینی کۆماری ئیسلامی وەک بکەری ئەو کردەوە تیرۆریستییە و پچڕاندنی پەیوەندی لەگەڵ ئەو ڕێژیمە لە لایەن دەوڵەتانی ئوروووپایی ئاماژەیەکی ڕوونە بۆ ئەوەی کۆماری ئیسلامی وەک دەوڵەتێک بە هەڕەشە دادەنرێ بۆ سەر ئەمنیەتی جیهانی و پێشێلکارە بۆ ڕێساکانی یاسای نێودەوڵەتی. بڕیاری دادگای میکۆنووس بە دەسکەوتێکی گرینگ لە ڕووبەڕوو بوونەوەی تێرۆریزمی کۆماری ئیسلامی دادەنرێ و بەڵگەیەکی گرینگی مەحکوومیەتی کۆماری ئیسلامییە لە تیرۆری نەیارانی خۆی و ڕۆڵی گەورەی هەبووە لەو جووڵانەی ئێستا لە ئاستی نێودەوڵەتیدا دەبینرێ لە مەحکوومکردنی ئێران وەک دەوڵەتێکی ئەنجامدەر و سپۆنسەری تیرۆریزمی نێودەوڵەتی.

دەتوانین بڵێین دادگای میکۆنووس حوکمی دەزگای قەزایی وڵاتێکی ئازاد و دیمۆکراتیک لە بە تاوانبار ناسینی ڕێبەرانی پلەبەرزی کۆماری ئیسلامی، حوکمێکی بێوێنە و مێژوویی بوو کە هەم پەروەندەی پێشێلکاریی مافی مرۆڤی ڕێژیمی قورستر کرد و هەم حەقانیەتی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستان و بە تایبەت حیزبی دیمۆکراتی زیاتر لە پێشوو بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ناساند.

### ڕێکارەکانی پێشکەش کردنی کەیسی تاوانی مووشەکبارانی قەڵا بە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی

دەکرێ ئەو داوایە بدرێتە هەریەک لە دادگای تاوانی نێودەوڵەتی و هەروەها دادگای ئەو وڵاتانەی کە بە پێی یاسای نێوخۆی وڵاتەکەیان سیستەمی قەزاییان خاوەنی سەلاحییەتی جیهانیە. هەرچەندە ئێران ئەندام نییە لە نیزامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی_ ئیمزای کردوە بەڵام بە پەسەندی پەرلەمان نەگەیشتوە_ تا ئیلتزامی بۆ دروست بکا و تایبەتمەندی دادگای لەسەر جێبەجێ بێت؛ بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگەی تر هەیە. بە پێی ماددەی سێزدەیەم لە نیزامی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی دەکرێ داواکە ئاراستە بکرێ لە لایەن دەوڵەتێکی تر کە ئەندامە لە نیزامی دادگا بۆ داواکاری گشتی تا لێکۆڵینەوەی لەسەر بکا. یان لە ڕێگەی ئەنجوومەنی ئاسایش بە پێی فەسڵی حەوتەم لە میساقی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، دیارە ڕەزامەندیی ئەندامانی هەمیشەیی شووڕای ئەمنییەت بۆ ئەو مەبەستە پێویستە. کە سەرەڕای دژوارییەکانی، ئەگەری هاتنەدیی هەیە وەک حاڵەتی عومەر حەسەن ئەلبەشیر کە ڕۆڵی ڕێکخراوە ناحکو٢میەکان بەرچاو بوو لەو بارەوە. یان داواکاری گشتی خۆی دەتوانێ ڕاستەوخۆ لێکۆڵینەوە بکا ئەگەر هەستی کرد تاوان ڕووی داوە و دەتوانێ زانیاری لە ڕێگەی جۆراوجۆر کۆبکاتەوە، لەوانەش ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومی و ناحکومیەکانی تر و تەنانەت دەوڵەتانیش. یان لە ڕێگەی پەنا بردن بۆ دادگای ئەو وڵاتانەی کە بە پێی یاسای نێوخۆی وڵاتەکەیان سیستەمی قەزاییان خاوەنی سەلاحیەتی جیهانیە بۆ تاوانی دژە مرۆیی و تاوانی جەنگ. هەروەک ئەوەی بەریتانیا کردی لە قەزیەی پینوشەدا، کە چاوەڕوان دەکرێ ئەمە بکرێ لە هەر وڵاتێک کە ئیرادەیەکی سیاسی و قەزایی سەربەخۆی تیادابێ و ڕێز لە دێموکراسی و مافی مرۆڤ بگرێ. دەستبەسەر کردنی حمید نوری لە ٩ نوامبری ٢٠١٩ لە لایەن دەسەڵاتی سوئێدەوە بە تۆمەتی تاوانی دژە مرۆیی کارکردن بوو بە سەلاحییەتی جیهانی.

کۆماری ئیسلامی دەوڵەتێکە کە مێژوویەکی درێژی هەیە لە تاوانی نێودەوڵەتی و پێشێل کردن و پابەند نەبوون بۆ بنەما نێودەوڵەتییەکان و ڕێژیمی ویلایەتی فەقیه هەرچی لە دەستی هاتوە لە تاوان و کردەی نائینسانیانە کردوویەتی، چ لەنێو چوارچێوەی سنوورەکانی خۆی و چی لە دەرەوەی سنوورەکانی بەرامبەر بە نارازیانی و ئومێد دەکرێ ڕێکارە نێودەوڵەتییەکان بگەنە ئەو ئاستەی بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە وەڵامدەری تاوانەکانیان بن.



### مستەفا مەولوودی:

## چالاک کردنی مکانیزمی ماشە ئاکامی درێژنەکردنەوەی سزاکانی چەکۆچۆڵ لەدژی ئێرانە



جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ ڕۆژنامەی "کوردستان"، زمانحاڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕایگەیاند کە کارا کردنی مکانیزمی ماشە ئاکامی درێژنەکردنەوەی سزاکانی چەکۆچۆڵ لەدژی ئێرانە کە لە کۆبوونەوەی مانگی ئاگوستی رابردوودا شوڕای ئەمنیەتدا بڕیاری لەسەر درا.

کاک مستەفا مەولوودی گوتی بڕیاری حکومەتی ئەمریکا بۆ چالاک کردنی میکانیزمی ماشە بە مەبەستی گەڕاندنەوەی سزاکانی شوڕای ئەمنیەت بۆ سەر ڕێژیمی ئێران لێکدانەوەی جۆراوجۆری سیاسی و بە تایبەت حقووقیی تایبەت هەڵدەگرێ. ڕاستە کە لە باری قانوونییەوە ئەمریکا لە ڕێککەوتنی بەرجام کشاوەتەوە، بەڵام لە ڕووی حقووقی و یاساییەوە بڕیارنامەی ٢٢٣١ی شوڕای ئەمنیەت کە زەمانەتی ئیجرایی داوە بە جێبەجێ کردنی بەرجام، لەودا باسی مافی وڵاتانی بەشداری کردوە. لەوێ بەڕوونی دەڵێ هەرکام لە وڵاتانی بەشدار ئەگەر تەنەخی یان لادانێک لە ئێران و بەڵێنەکانی ببینێ، دەتوانێ یەک لایەنە لەو پەیمانە بێتە دەرێ و لە ماوەی سی ڕۆژدا سزا هەڵپەسێردراوەکانی دژی ئێران بگەڕێنێتەوە جێی خۆیان؛ بێ ئەوەی ئەندامانی خاوەن مافی ڤێتۆ بتوانن ڤێتۆی بڕیارەکە بکەن. بەڵام بەم حاڵەش ئەم بڕیارەی ئامریکا لە باری قانوونییەوە ئاڵۆزی و لە بواری سیاسییەوە گرفتی خۆی هەیە، چونکی هاوبەشەکانی دیکەی لە بەرجام لەگەڵی کۆک نین.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەبارەی کاردانەوەی سێ وڵاتی ئورووپایی بەشدار لە بەرجام گوتی: ئەگەر وا دابنێین هەڵوێستی ئورووپاییەکان لە باری حقووقییەوە کەمێک بە هێزتر دەنوێنێ، بەڵام ئورووپاییەکان لە باری عەمەلی و جێبەجێ کردنەوە زۆر دەستکراوە نین، بۆیە تەنانەت سکرتێری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو بەرچاوڕوونیە نادا کە لە بەرامبەر ئەو بڕیارەی ئەمریکادا وەڵام و ڕێکاری بەکردەوە دەبێ چی بن؟

کاک مستەفا تیشکی خستە سەر ئەوە کە ئەمریکا بە پێی توانا و دەرەتانی خۆی دەتوانێ هەندێک کار بکا کە نە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان و شوڕای ئەمنییەت و، نە هاوبەشە ئورووپاییەکانی ناتوانن بەئاسانی پێشی پێ بگرن. چونکی ئەمریکا لە غەیری ئەوەدا دەتوانێ بە پشتبەستن بە یاسای "داماتو" سزایان بەسەردا بسەپێنێ.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەبارەی هۆکارەکانی دەست بردنی ئەمریکا بۆ ئەو بڕیارە گوتی: ئەگەر لە مانگی ئاگۆستی ڕابردوودا و لە کۆبوونەوەی شوڕای ئەمنیەتدا، ئەندامانی شوڕای ئەمنیەت لەسەر درێژکردنەوەی ماوەی سزادانی چەکوچۆڵ بەسەر ئێراندا هاوڕا بان، ئەو بەرگژەیە نەدەهاتە پێش. بۆیە ئەمریکا بە ناسینێک کە لەسەر ڕێژیمی ئێرن هەیەتی، حەقی بوو پێداگری لەسەر درێژکردنەوەی سزاکانی ئێران بکا. بەتایبەت کە لە گۆشەنیگای کۆنترۆڵی ئێران و بە سەرنجدان بە هەڕەشە و مەترسییەکانی ئێران لەسەر سەقامگیری و ئاشتی ناوچەیی و جیهانی، هاوبەشە ئورووپاییەکانی ئەمریکاش بۆچوونیان لە بۆچوونی ئەمریکا نیزیکە.

کاک مستەفا مەولوودی لەسەر کاریگەریی ئەم بڕیارە ئەمریکا لەسەر ستاتوی ئێران لە دەرەوە و بارودۆخی وڵات لە نێوخۆ ڕای وایە: حکومەتی ئێران بەو بڕیارەی ئەمریکا هیندەی دیکەش تووشی قەیران دەبێ و ئەوە هەر لە یەکەم ساتەکانی دوای ئەم بڕیارە بە دابەزینی زیاتری نرخی بەهای دراوی نیشتمانیی ئێران و بورسی وڵاتەوە دیار بوو. لەلایەکی دیکەوە پێوەندییە ئابووری و بازرگانییەکان لەگەڵ ئەمریکا بە جۆرێکە کە کۆمپانیا زەبەلەحەکان مەرج نیە بە مەیل و دڵی وڵاتانی ئورووپایی بجووڵێنەوە و ئەوان بۆ پاراستنی قازانج و بەرژەوەندیی خۆیان ناچارن سیلەی چاوێکیان لە پێگەی ئەمریکا لە ئابووریی جیهاندا بێت. ئەوەی هەموومان دەیزانین ئەوەیە سزا تاکلایەنەکانی هەتا ئێستای ئەمریکا لە دژی ئێران نیزامی سیاسی و وڵاتی ئێرانی بەرەوڕووی زۆر قەیرانی سیاسی، ئابووری، ژینگەیی جۆراوجۆر کردوە و گەڕانەوەی سزاکانی شوڕای ئەمنییەت یان قورستر کردنی سزا تاکلایەنەکان هیندەی دیکە ئەم ڕێژیمە دەخاتە تەنگانەوە.

جێگری سکرتێری گشتیی حیزب لەبارەی لێکەوتەکانی بڕیارەکەی ئەمریکا لەسەر خەڵکی ئێران تیشکی خستە سەر سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ دروست کردنی نارەزایەتیی خەڵک لە دژی ئەمریکا. بەڕێزیان گوتی ڕوون و ئاشکرایە کە کۆی سزاکان هیندەی دیکەش ئابووری ئێران دادەتەپێنێ و سروشتییە کە ئەمە شوێنەواری لە سەر بازاڕ و ژیانی خەڵکیش دەبێ، بە تایبەت کە حکوومەتی ئێران لە کاتی وا دا قەیرانەکان جۆرێک مودیرییەت دەکا کە دووکەڵەکەی زیاتر بچێتە چاوی خەڵک، بۆوەی کاردانەوەی دژ لەلایەن خەڵکە بەدژی سەرچاوەکانی ئەم بڕیارە دروست بکا، لە حاڵێکدا خەڵکی ئێران ئەگەرچی بەهۆی ئەم بارودۆخەوە دەکەونە ژێر گوشاری زیاترەوە، بەڵام بەرپرسایەتیی ئەو دۆخە و تاوانەکەی دەخەنە ئەستۆی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی حکوومەت.

کاک مستەفا مەولوودی دواجار ڕای وایە کە حکومەتی ئێران توانای بەگژداچوونەوەی ئەم بڕیارەی ئەمریکای نییە و وانییە بۆچوونی جیاوازی ئورووپاییەکانیش دەفریای بێت.

# ئێران لە دۆخی شۆڕشدا


ڕەحمان سەلیمی

بەدوای توندوتۆڵ بوونی ستانداردە نێودەوڵەتییەکان بە مەبەستی هەڵسەنگاندنی ئاستی وڵامدەر بوون و ڕەوایەتیی دەوڵەتان، پەیوەندیی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵاتدار گرینگییەکی زیاتری پەیدا کرد. بەشێوەیەک کە خواست و چاوەڕوانیی هاوڵاتیان بوو بە دەقی گرینگیدانی سیاسەت و بابەتی سەرەکیی پلاندارێژیی دەوڵەت بۆ حوکمڕانی. بە تایبەت کۆتایی هاتنی جەنگی سارد و بلۆکبەندیی سیاسیی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، کۆمەڵێک بنەمای ئەرزشی و مافی مرۆڤی جێ کەوتن یان باشترە بگوترێ پێگەیەکی باشتریان وەرگرت.




کۆماری ئیسلامی هەرچەند لە دەرەنجامی شۆڕشێکی گەلیدا هاتە سەر کار، شۆڕشێک کە شۆڕشگێڕان بەمەبەستی داهاتوویەکی باشتر لەڕووی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتییەوە قوربانیان بۆ دا، دەرەنجامێکی دڵخوازیی گەلانی ئێرانی لێ نەکەوتەوە. ڕەتکردنەوەی سیستەمێکی سیاسیی ناتەبا لەگەڵ سەردەم و خولیای دامەزرانی سیستەمێکی خەڵکی و دیموکڕات و وڵامدەر، گەلانی ئێرانی لە شۆڕشێکدا سەرخست کە ئاراستەی مێژوو و تەمەنی چەند نەوەی بەشێوەیەکی تراژیک دارشتەوە، ئەزموونێک کە لەسەر خەڵک گران کەوت و چەندین نەسلی کردە قوربانی. لەڕاستیدا هەر ڕێژیمێکی سیاسی بەرهەمی ئاست و ڕادەی وشیاری و تێگەیشتوویی ئەو خەڵکەیە کە حوکمڕانییان بەسەردا دەکا. تێکچوونی ئەو هاوکێشەیە یان چاکسازی بەدوادا دێ و یان شۆڕشی لێ دەکەوێتەوە. بەڵام شۆڕش تەنیا کاتێک دەتوانێ ئازادی و دیموکڕاسی و دادپەروەری بەرهەم بێنێ کە کۆمەڵگە گەیشتبێتە ئەو ئاستە لە گەشەی فکری و کۆمەڵایەتی کە ئەو بەهایانەی لە گشت تاکەکان یان زۆربەیان نەهادینە کردبێ. بە دەربڕینێکی دیکە گۆڕینی ڕێژیمی سیاسی بەبێ گۆڕینی فەرهەنگی سیاسیی کۆمەڵگە ڕوو نادا. تا ئەو کاتەی خەڵک بە تەواوی بەو قەناعەتە نەگەن کە ڕژیمی سیاسیی ئاراییان ناوێ و جۆرێکی دیکە لە دنیابینی لە هەست و نەستی هاوبەشی تاکەکانی کۆمەڵگەدا دروست نەبێ و سەرەنجام ئەو ئامادەییە دروست نەبێ کە دەبێ لەو پێناوەدا هەنگاوی لێبڕاو بنێن، گۆڕانکاریی گەورە ڕوو نادا.

لە ئێرانی ئێستادا ئامادەیی کۆمەڵگە بۆ وەبەرهێنانێکی سیاسی کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیرێ و دەسەڵاتی سیاسی دیموکڕاتیزە بکری، تا ڕادەیەک هەستی پێ دەکرێ. لە ئێراندا سیاست بە واتا بەرتەسکەکەی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەتەواوی شکستی هێناوە. شکست بەو مانایەی چ لە ئاستی دەرەوەو چ لە ئاستی ناوخۆ ڕەواییی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە

شۆڕشی ٥٧ لە ئێران ئەو ساتە مێژووییەیە کە ویستی گۆڕانکاری لە بەشێکی گەورەی کۆمەڵگای ئێراندا ئاوێتەی بەها سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکان نەبوو. ڕێکخستنی مۆدێرنی حیزبی زیاتر لەوەی بەرهەمی تێڕوانینی کۆمەڵگا بۆ کێشەکان بێ، بەرهەمی چاولێکەری و بەستراوەیی ئیدئۆلۆژی بەملا و ئەولا بوو. ئەوە حیزب نەبوو ڕای گشتی ئاراستە بکا و پلانی حوکمڕانی دابڕێژێ و بانگەشە بۆ ستراتیژیی خۆی بۆ داهاتووی وڵات بکا، بەڵکوو تاقمێک هەلپەرەستی ئایینی بە هەڵخراندنی هەستی ئایینیی کۆمەڵگە توانییان دەسەڵات بگرنە دەست.

دۆخی ئێستای ئێران قۆناغی ململانێی نەوەی نوێی فکریی کۆمەڵگەیە بۆ سڕینەوەی ئاسەواری ٤٠ ساڵ حوکمڕانیی ئایینی. ئامادەیی کۆمەڵگەی ئێران بۆ وەبەرهێنانێکی سیاسی کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیرێ و دەسەڵاتی سیاسی دیموکڕاتیزە بکری، تا ڕادەیەک هەستی پێ دەکرێ. لە ئێراندا سیاست بە واتا بەرتەسکەکەی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بە تەواوی شکستی هێناوە. شکست بەو مانایەی چ لە ئاستی دەرەوەو چ لە ئاستی ناوخۆ ڕەواییی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە.

**کۆماری ئیسلامی کە بانگەشەی هەڵکردنی ئاڵای شۆڕشی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامدا بەرز کردبۆوە، لە ئێستادا نەتەنیا لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بەڵکوو لە لایەن وڵاتانی ئیسلامیشەوە تەریک خراوەتەوە. ئێستا وڵاتانی عەڕەبی، ئێران بە دوژمنی سەرەکیی خۆیان دەزانن نەک ئیسرائیل.**

ئەو ئامانجانەی کۆماری ئیسلامی کە لە دەرەوەی نۆڕمەکانی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتین و لە ژێر ناوی پەرەپێدان بە شۆڕشی ئیسلامی لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و هەر لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشەوە لە سەر ئاستی سیاسەتی دەرەوەدا بانگەشەی بۆ دەکا، نەتەنیا وەدی نەهاتوون، تەنانەت بەستێنەکانی وەدیهاتنیان لەبار براون. کۆماری ئیسلامی کە بانگەشەی هەڵکردنی ئاڵای شۆڕشی ئیسلامی لە جیهانی ئیسلامدا بەرز کردبۆوە، لە ئێستادا نەتەنیا لە لایەن ڕۆژئاواییەکانەوە بەڵکوو لە لایەن وڵاتانی ئیسلامیشەوە تەریک خراوەتەوە. ئێستا وڵاتانی عەڕەبی، ئێران بە دوژمنی سەرەکیی خۆیان دەزانن نەک ئیسڕائیل. لە ماوەی ڕابردوودا شاهیدی پەیماننامەی ڕێککەوتنی ئیسڕائیل و بەشێک لە وڵاتانی عەڕەبی دژی ئێران بووین. ڕێککەوتنێک کە شکستی گەورەی سیاسەتی پێکهێنانی "بەرەی بەرگری"یە کە کۆماری ئیسلامی بانگەشەی بۆ دەکا و تێچوویەکی زۆری لەو پێناوەدا تەرخان کردوە. ئاماژەکان ئەوە دەنوێنن ئەو ڕەوتە ئاشتیە درێژەی هەبێ و وڵاتانی ئیسلامیی دیکەش پەیوەست بەو ڕەوتەوە بن. دەستێوەردانەکانی کۆماری ئیسلامی لە وڵاتانی ناوچە شەپۆلێک لە تووڕەیی و نەفرەتی لەو وڵاتانە دژی ئێران لێکەوتۆتەوە، کە دیتمان چۆن لە نارەزایەتییەکانی یەک دوو ساڵی ڕابردووی عێراق و لوبناندا بەئاشکرا دروشم دژی ئێران دەگوترانەوە. شۆڕشی ئێران کە قەرار بوو هەناردەی وڵاتانی دەوروبەر بکرێ و بەرەی بەرگریی فراوان دژی جوولەکەی لێ بکەوێتەوە، پێچەوانە بۆتەوە و ئاکامی کارەساتباری ئابووری و کۆمەڵایەتیی بۆ گەلانی ئێران لێ کەوتۆتەوە.

سیاسەتی پەرەپێدانی تێکنۆلۆژیی ناوکی کە نزیک سێ دەیەیە بوودجەیەکی گەورەی بۆ تەرخان کراوە، نە توانیویەتی ـ وەک ئەوەی لە سەرەتاوە بانگەشەی بۆ دەکرا ـ وزەی کارەبا بەرهەم بێنێ و نە توانیویەتی توانای بەرگریی سەربازی بۆ ئێران بەرێتە سەر. دەرەنجامی ئەو سیاسەتە، دڕدۆنگی و لە هەمان کاتدا هاوهەڵوێستیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی دژی ئێرانی بە دوای خۆیدا هێناوەو لە ئەنجامی ئابلۆقەکانی سەر ئێران، هەژاری و بێ دەرەتانی بۆ گەلانی ئێران لێ کەوتۆتەوە. دابەزینی بێ وێنەی نرخی تمەن و هەڵاوسانی لە گرێژنە دەرچووی ئەو دواییانە لە ئێران بەتەواوی تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و چینی ناوەڕاستی بەرتەسکتر کردۆتەوە. بە جۆرێک کە ئێستا لە ئێراندا چینێکی دەستڕۆیشتووی دەوڵەمەند بە کەڵک وەرگرتن لە ڕانتی دەوڵەتی توانیویانە دەست بە سەر بەشی هەرەزۆری سەروەت و سامانی وڵاتدا بگرن و لەولاشەوە زۆربەی خەڵک کەوتوونەتە خوار هێڵی هەژارییەوەو تەنانەت توانای دابین کردنی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانیان نییە. ئەو جیاوازییە چینایەتیە، ئاشتی و ئارامیی کۆمەڵایەتی و تەنانەت ئەخلاقی کۆمەڵایەتی بەرەو دارمان بردوە.

لە ئاستی نێوخۆییدا نێوەڕۆکی نادیمۆکڕاتیکی سیستەمی سیاسی لە ئێراندا و پەیڕەو کردنی سیاسەتی سەرکوت و سانسۆڕ و هەروەها وڵامدەر نەبوونی دەوڵەت لە ئاست داواکارییەکانی توێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگە، ڕەوتێکی بەرینی ناڕازیانی دروست کردوە کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرفراوانتر و ڕێکخراوتر و ئامانجدارتر دژی ڕێژیم دەوەستنەوە. درێژەدان بەو نارەزایەتییانە وردە ئێران بەرەو دۆخی شۆڕش دەبا. دۆخی شۆڕش ئەو ساتەوەختەیە لە ژیانی کۆمەڵگەدا کە کەلێنی نێوان خەڵک و حاکمییەت بە ڕێژەیەک فراوان دەبێ کە کۆی ڕایەڵەکانی بەستنەوەی گەل بە سیستەمی سیاسی دەپچڕێن و هەر بەو پێیە گەل بەدوای گۆڕانێکی ئەساسیدا دەگەڕێ و زەمینەکانی ڕووخانی نەزمی کۆن و هێنانەدیی نەزمی نوێ دەڕەخسێنێ. دۆخی شۆڕش دۆخی دووبارە پێناسە کردنەوەی کۆی سیستەمی بەها و نۆڕمەکانی کۆمەڵگەیە.

بە ئاوڕدانەوەیەک لەو قەیرانانەی بەرۆکی کۆماری ئیسلامی گرتووە بە تایبەت لە ساڵانی ڕابردوودا دەتوانین بڵێین دۆخی شۆڕش لە داهاتووی نزیکدا لە ئێران چاوەڕوانکراوە. نارەزایەتییە سەراسەرییەکانی بەفرانباری ٩٦ و خەزەڵوەری ٩٨، نارەزایەتیی کرێکاران، مامۆستایان، پیشەوەران و ... و دروشمی خۆپێشاندەران کە کۆی سیستەمی سیاسییان ڕەت کردەوە، سەلمێنەری ئەوەن کە لێکترازانێکی قووڵ لە نێوان خەڵک و دەسەڵاتدا دروست بووە.

***

**لە ئێرانی ئێستادا ئامادەیی کۆمەڵگە بۆ وەبەرهێنانێکی سیاسی کە تێیدا مافەکانی مرۆڤ ڕێزیان لێ بگیرێ و دەسەڵاتی سیاسی دیموکڕاتیزە بکری، تا ڕادەیەک هەستی پێ دەکرێ. لە ئێراندا سیاست بە واتا بەرتەسکەکەی لە دەسەڵاتی سیاسیدا بەتەواوی شکستی هێناوە. شکست بەو مانایەی چ لە ئاستی دەرەوەو چ لە ئاستی ناوخۆ ڕەواییی کۆماری ئیسلامی کەوتۆتە ژێر پرسیارەوە**

# مانگی خەرمانان و خەرمانی خەمان



عومەر باڵەکی

لە ماوەی نزیک بە سەد ساڵی ڕابردوودا بە هۆی خەباتی بێوەچانی خەڵکی کوردستان بۆ وەدەست هێنانی مافە نەتەوایەتییەکانی هەموو ڕۆژ و مانگەکانی ئەو ساڵانە پڕن لە کارەساتی سامناک و دڵهەژێن و خوێناوی کە بەدەستی دوژمنانی خاک و خەڵکی کوردستان خوڵقێندراوەن. هێندێک لەو ڕووداوانە بە ڕادەیەک زاڵمانەو خوێناوی بوون کە لە بیروزینی خەڵکی کوردستاندا نەخشیان بەستوە، بە چەشنێک کە بەتێپەربوونی ساڵانی زۆریش لە یادەوەرییەکاندا هەر زیندوون.

یەکێک لەو مانگانەی ساڵ کە هەڵگری کۆمەڵێک کارەسات و ڕووداوی ناخۆش وجەرگبڕە، مانگی خەرمانانە و ئەگەر بمانەوێ هەموو تاوانەکانی لانی کەم چل ساڵ دەسەلاتدارەتیی کۆماری ئیسلامی کە لەو مانگەدا دەرحەق بە گەلی کورد و خەباتگێرانی ئەو گەلە کردوونی کۆیان بکەینەوە خۆی لە سەدان لاپەرە نووسین دەدا، بەڵام ڕەنگە لە نووسینێکی ئاوادا نەتوانرێ هەموو ئەو ڕوداوانە بێنە بەرباس، تەنیا بەهێنانەوەی سێ نموونە لە جینایەت و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی لە ماوەی ئەو چل ساڵە لە مانگی خەرماناندا دەتوانین وەک ئاوینەی باڵانوێن، شەرئەنگێزیی کۆماری ئیسلامی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و قووڵایی هەستی دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە دەربخەین .

هەر لەسەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنی نیزامی کۆماری ئیسلامی، دەسەڵاتدارانی ئەو نیزامە چ بە لێدوان و نووسین و چ بە کردە و کردەوە بەئاشکرا دژایەتیی خۆیان لەگەڵ مافەکانی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندوە و بەڕێوەیان بردوە. باشترین بەڵگەش بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە فیتوای ڕاگەیاندنی جیهاد بە دژی خەڵکی کوردستان لە لایەن ئایەتوڵڵا خومەینی لە ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هەتاوی بوو. ئەوە سەرەتایەک بوو، بۆ بەشەرعی کردنی کوشتاری خەڵکی کوردستان، چونکە هەر ١٥ ڕۆژ دوای دەرچوونی فتوای جیهادی خومەینی بەدژی خەڵکی کوردستان لە ١١ی خەرمانانی ١٣٥٨ی هەتاویدا هێزە دژی ئینسانییەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئاوایی قارنێ جینایەتی شەڕیان خوڵقاند. لە تاوانی گوندی قارنێ خەڵکی بێتاوان و بێدیفاعی ئەو ئاواییە بێ جیاوازیی تەمەن و ڕەگەز کەوتنە بەر شاڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و نیزیک بە ٧٠ کەس بوونە قوربانیی سیاسەت و ڕەفتاری دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی کۆماری ئیسلامی .

> **کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتر لە چل ساڵە دوژمنایەتیی گەلی کورد دەکا و لە هەموو کەرەسەیەکی سەرکوت و کوشتار بۆ بەچوک داهێنانی شۆڕشگێرانی ئەو گەلە کەلک وەردەگرێ و لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە گەلی کورد دەست ناپارێزێ، بەڵام گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و کوشتار و ئیعدام و کاولکاریی ژیان و سروشتی کوردستان بە دەستی سپای دڵڕەقی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەر داوا ڕەواکەی سووره پێداگره لەسەر ئەوەی کە بە کوشتن و ئیعدام و زیندان، گەلی کورد و خەباتکارانی ئەو گەلە مەیدانی خەبات بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چۆل ناکەن**

یەکی دیکە لەو کارەساتانەی لە مانگی خەرماناندا تووشی جووڵانەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان هات، ٢٦ی خەرمانانی ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی بوو کە لە کردەوەیەکی تیرۆریستیدا دوکتور سادق شەرەفکەندی و هاوڕێیانی لە ڕیستورانتی میکۆنووس لە شاری بێرلین، پێتەختی دەوڵەتی ئاڵمان بە دەستی تیرۆریستانی کۆماری ئیسلامی تیرۆر کران. واتا ١٣ ساڵ دوای تاوانی گوندی قارنێ پیاوکوژانی کۆماری ئیسلامی تاوانی میکۆنووسیان ئەنجام دام بەڵام بەو جیاوازییە ئەگەر لە تاوان و جینایەتی گوندی قارنێدا غەیری خۆمان کەس بەدەنگمانەوە نەهات، لە تاوانەکەی مێکونووسدا بۆ دنیا ڕوون بۆوە کە کۆماری ئیسلامی چ ڕێژیمێکی جینایەتکارە و لە دادگای مێکۆنووسیش‌دا ئەرکانی نیزامی کۆماری ئیسلامی بە جینایەتکار ناسران لە ڕادەی هەرە سەرووی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بە تاوانبار داندران.



٢٦ ساڵ دواتر، واتا ١٧ی خەرمانانی ساڵی ١٣٩٧ی هەتاوی دوژمنکاریی کۆماری ئیسلامی لەو پەڕی بێئەخلاقی سیاسیی و نێونەتەوەیی بۆ جارێکی دیکە دەرحەق بە تیکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان خۆی نواندەوە و بنکە و بارەگای ئەو حیزبە لە قوڵایی خاکی هەرێمی کوردستان کەوتە بەر ئاوری مووشەکە دوور هاوێژەکانی سپای پاسدارانی ئەو ڕێژیمە. لە ئاکامدا ١٦ کادر و پێشمەرگە و ئەندامی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات شەهید و زیاتر لە ٧٠ کەس بریندار بوون، کە لە نێویاندا ژن و منداڵیش دەبیندران .

ئەگەر هەر ئەو سێ نموونەیە کە ناومان بردن و تەنیا لەمانگی خەرمانان بەڵام لە مەودای زەمەنیی جیاوازدا ڕوویان داوە بکەین بە پێوانەی هەڵسەنگاندنی خەباتی مافخوازانەی گەلی کورد لە لایەک و زەبروزەنگی بێ بەزەییانەی کۆماری ئیسلامی لە لایەکی دیکە؛ لە ئاکامدا دەگەین بە دوو هەڵویستی دژ بە یەک. هەڵویستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی زیاتر لە چل ساڵە ڕوون و ئاشکرایە، ئەوان دوژمنایەتیی گەلی کورد دەکەن و بە پاساوی بێ بنەما لە هەموو کەرەسەیەکی سەرکوت و کوشتار بۆ بەچوک داهێنانی شۆڕشگێرانی ئەو گەلە کەلک وەردەگرن و لە هیچ جینایەتێک دەرحەق بە گەلی کورد دەست نەپارێزن. هەڵویستی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش سەرەڕای ئەو هەموو زەبروزەنگ و کوشتار و ئیعدام و کاولکاریی ژیان و سروشتی کوردستان بە دەستی سپای دڵڕەقی کۆماری ئیسلامی ڕوون و ئاشکرایە، کە هەر لە سەر داوا ڕەواکەی سووره و ڕۆژ بە ڕۆژ بە کردار دەبینین کە هەست و شعووری نەتەوەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەشە کردن‌دایە و ئەو سەلمێندراوە کە بە کوشتن و ئیعدام و زیندان، گەلی کورد و خەباتکارانی ئەو گەلە مەیدانی خەبات بۆ دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی چۆل ناکەن.

کاتێک دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی فیتوای جیهادیان بە دژی خەڵکی کوردستان ڕاگەیاند، مەبەستیان ئەوە بوو بە هاندانی خەڵکی نەزان و نەفامی خۆیان بە ناوی دینەوە کوشتاری خەڵکی کوردستان حەڵاڵ بکەن و بە خوڵقاندنی جینایەت و تاوانی گوندی قارنێ و دەیان شوێنی‌تر؛ خەڵک و هێزە سیاسییەکانی کوردستان بەتایبەتی حیزبی دیموکرات چاوترسین و لە مەیدان بەدەریان بکەن. ڕێژیم ئەو سیاسەتەی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا و بە شێوازی جۆراوجۆر درێژە پێی داوە؛ وەک کوشتاری بەکۆمەڵ لە شار و گوندەکانی کوردستان، تیرۆری ڕێبەران و تێکۆشەران لە دەرەوەی سنوورەکانی ئێران بێ لەبەرچاوگرتنی پێوەندییە نێودەوڵەتییەکان و تەنانەت بە هێزی پیادە و فرۆکەی شەڕکەر و بۆمبهاوێژ و مووشەکی بالستیک بۆ سەرکوتی تێکۆشەرانی ڕێی ئازادی سنوورە نێو دەوڵەتییەکانی بەزاندوە. بەڵام هێزی لەبرانەهاتووی حیزبی دێموکرات کە سەرچاوەکەی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە هەروا لە مەیدانی خەباتدا قورس و قایم ماوەتەوە.

دووساڵ لەمەوبەریش لە ١٧ی خەرماندا سپای پاسداران بە نیازی پاکتاو کردنی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە حەوت مووشەکی بالستیک قەڵای دیموکراتی کردە ئامانج. لەگەڵ ئەوەی ئەو هێرشە نابەرابەر و دوور لە هەموو پرەنسیپی سیاسی و تەنانەت نیزامی بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان خەساری گەورەی لێ کەوتەوە، بەڵام دیتمان دوای چوار ڕۆژ خەڵکی کوردستان بەو مانگرتنە سەرانسەرییەی وەڕێیان خست؛ بوونە وزە و توانا بۆ شۆڕشگیرانی دێموکرات و لە هەمان کاتدا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامییان تووشی سەرسووڕمان کرد کە پێگەی حیزبی دێموکرات لەنێو کۆمەڵگەی کوردستان نەک لە کەمی نەداوە، بەڵکوو پێگەی زۆر لە ساڵی پێشووتر بەهێزتر بووە و ئەو نیشاندەری ئەو ڕاستییە کە جووڵانەوەی نەتەوایەتی کە حیزبی دێموکرات ڕێبەریی کردوە و دەیکا؛ هەڵقوڵاو لە ویست و ئیرادەی خەڵکی کوردستانە.

ئاکامگیرییەکی کورت لەو باسە دەژرێ ئەوە بێ ئەگەر مانگی خەرمانان بۆ خەباتگێرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خەرمانی خەم بووە، لە هەمان کاتدا لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا خەرمانان مانگی سەلماندنی خۆڕاگری و بەربەرەکانی خەباتگێرانی گەلی کوردە بەدژی ڕێژیمی سەرەڕۆی کۆماری ئیسلامی.

***

دارسمە دەنووکی لە سمین ناپارێزێ

## سمینی جەمسەری

## تێکگیرانی دوو هیلالان

ئەوین ئەگەر لە کەللەی ژن و پیاوی سەردەمی جارانی دەدا، دەبوون بە هاودەمی شێعر و فۆلکلۆر و کوڵی خەمی دڵی تاسەبار و ئەویندارییان پێ دادەمرکاند. شاعیران و گۆرانیبێژانیش کە هەتا ئەم دواییانە پیاوان بوون و یان شێعری پیاوان زیاتر چاپ و بڵاو دەکرایەوە، لەبەررا پێدا دەهاتن. لە پاینیەی قەیسیی هەڵوێنیەوە هەتا زولفی وەک ڕەشمار، بە ئەندامی لەشی ژنیان هەڵدەگوت و ئەندامانی لەشیان یەک بە یەک بە شتی دیکە دەشوبهاند. لێرەدا لە بەر "ضیق وقت" (کەمیی کات) تەنیا ئەماژە بە چەند خاڵێک لە خشتەی دوورودرێژی ئەم شوبهاندانە دەکەین. بۆ وێنە خاڵی گۆنایان دەکردە، مێش و دەیانفەرموو:

**مێشی خاڵت نافڕێ، بەس باوەشێنی کە بە ناز/ چونکە پابەندە بە شەهدی ڕوومەتی زیباتەوە**

یان قووڵکی بەرگەردنیان دەکردە حەوزی بە "چیم"ان و بە خەیاڵی خاوی خۆیان دەمیان تێ دەنا و ئاویان لێوە دەخواردەوە:

**هاتەوە یارم ناوی حەلیمە/ قوڵکێ بەرگەردنێی "حەوزی بە "چیم"ـە/حەوت بێنم لێ دا، هێشتا تینیمە**

ساڵانی بەرێ، بڕۆی خانمان بێ دەستکاریکردن وەک بچووککراوەی هیلالی مانگ دەچوو و شاعیرانیش بۆ شوبهاندنی ئەبرۆ بە هیلال بەردەوام لە کێبڕکێدا بوون. "نالی" دەیگوت:

**هەرکەسێ ڕووی تۆ دەبینێ، خۆی بە قوربانت دەکا**
**چونکە ئەبرۆی تۆ "هیلال"ی عەیدە، قوربانی دەوێ**

ئەدیب هەموو ڕوخساری یاری بە مانگ دەشوبهاند و دەیگوت:

**دڵئاراما! "هیلال"ی نەو بەدیدارت موبارەک بێ**
**بە دیدارت مەهی وەک مە گرفتارت موبارەک بێ**

بە هاتن و دەرکەوتنی جەنابی حەزرەتی ئینترنێت و موبایلی زیرەک و ئەپلیکەیشن و مەپلیکەیشن و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان مەودای نیوان دڵدارانیش ئەوەندە کەم بووەتەوە، ئیدی پێویست بەم شوبهاندنە ناکا و ئاخری وای لێ هات دڵداران لە جیات بەیت‌وباوی دڵدارانە دەتوانن لەژێر پێخەفدا بە دەنگ و ڕەنگ دەگەڵ یەکتر تێکەڵ بن. دیارە هەتا ئێستا من شتی وام بە چاوی خۆم نەدیتووە و هەر شک و گومانی خۆمە. دیار منیش "شکی خۆم بە یەقینی کەسانی دیکە نادەم."

لە وەها دۆخێکدا کەس بیر لە هیلالی یەکشەوە ناکاتەوە و کیژانیش حەز ناکەن برۆیان وەک هیلال بێت و زیاتر برۆکانیان بە تاتۆ و ماتۆ وەک کلکی ڕەپکراوی بێچووماسییە وردەکان لێ دەکەن و ئەمسەر و ئەوسەریان وەک درێژووکەی "دومارەکوڵە"ی تووڕە بەرز دەکەنەوە. دیارە ئەم دووپشک‌ئاساکردنەی برۆی خانمان هەستی هیلال‌پارێزانی بەرەو سیاسەت ورووژاند و بیریان لەوە کردەوە کاتێک هیلال لەسەر لاجانگی ژنی شۆخ و شەنگ بار دەکا، پێویستە هاوشێوەکەی لەسەر گۆی زەوەی دروست بکرێ. بۆ ئەم مەبەستەش جوغرافیای خۆرهەڵاتی ناوینیان هەڵبژارد. خۆرهەڵاتی ناوین دڵی جوغرافیای سیاسی و ئابووریی جیهانە و کانگای سەرەکیی سەرهەڵدانی ئایین و ئایینزای گەورە گەورە و زنەترین شوێنی هەڵقوڵینی بەلێشاوی نەوتی جیهانە. هەر بەم دوو هۆیەوە بووەتە مەیدانی ململانێی هەموو لایەک. لە ئەمریکای ئەوپەڕی ئاوە زۆرەکان و ئەورووپای هێروەترەوە هەتا دەگاتە چین و ماچینێ، خەریکی هەڵشێلانی ئەم زنە نەوتانە و ئایینە تێکبەزیوانەن.

لە وەها بارودۆخێکدا هاوکات لەگەڵ گۆڕینی شێوازی برۆی خانمان لە برۆی شێوە هیلالی بۆ شێوەی دووپشکی کلکڕەپ، دەسەڵاتدارانی خاوەنی وڵاتە شێوە پشیلەکە، هەوڵیان دا نەخشەپشیلە بکەنە هیلال و بە خاکی عێراق و سوریا و لوبناندا جەمسەرێکی بگەیننە سەر دەریای نێوەڕاست.

سەرەتای دروستکردنی ئەم هیلالە ئەوانەی بیرۆکەکەیان دانابوو، لە خۆشیان لالغاوەیان گەیشتە بناگوێیان و بەڕووی دۆست و دوژمندا گڕ بوونەوە. گڕبوونەوەکەش لە بەر ئەوەبوو وەک زۆربەی سیاسەتچیان بە شێوازی سروشتی پێکەنینیان نەدەهات.

ئەوەندی پێ نەچوو جەماعەتی جوولەکەش گەلاڵەی هیلالێیان بە بەرزگی هیلالەکەی ئەواندا داڕشت و بێ ئەوەی لەشکری فاتمیوون و زەینەبیون و "مدافعانی حەرەم "بخەنە کار، بە سواری فڕۆکە گەیشتنە "ئیمارات" و "بەحرێن" و جەمسەری هیلاکەی خۆیان هەتا بن گوانی پشیلە دانا و ڕوانینی جیهانیان لەسەر دوو هیلالی تێکبەزیو چڕ کردەوە. دوای ئەم کارەساتە شیری پشیلەکە بەتەواوی وشکی دەکات. تڵپاتی تەڕی دەگواناندا نامێنێ و بێچووکانی لە نێو هیلالی گۆرین قڕ دەبن و بەشێ ئێمەش نزا و پاڕانەوە و دروشم دانە:

**نزایەکی گەنجانە:** کوڕانی گەنج لە خوا دەپاڕێنەوە دوای شێوانی هیلالی ئەبرۆی خانمان و بەزایە چوونی ڕەنجی شاعێران و هونەرمەندان بۆ شوبهاندنەکە، هەرچی هیلالە سەر نەگرێ.

**مزگێنییەکی ترامپانە:** پێنج وڵاتی دیکەش خۆیان دەخەنە سەر هیلالی جوولەکە.

**دروشمێکی هاندەرانە:** "ای لشکر صاحب زمان آمادە باش آمادە باش، بهر نبرد بی امان آمادە باش"...

***

## خالید عەزیزی:

# ڕۆڵ و قورساییمان لە هەر ئاڵۆگۆڕێکی داهاتوودا بەستراوەتەوە بە فاکتەری یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوخۆییمان



سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گۆشەنیگای لێکدانەوە بۆ داهاتووی ئێران و ڕۆڵی کورد لە هاوکێشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، پێداگریی لە سەر یەکگرتوویی و یەکڕیزیی نێوان هێزە سیاسییەکان و نێوماڵی کورد بە گشتی کردەوە.

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە کۆنفڕانسی ڕێکەوتی ۲۹ی خەرمانانی ۱۳۹۹ی هەتاوی بەڕێوە چوو، لە پێوەندی لەگەڵ "ڕۆڵ و پێگەی ئێران و ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی"دا باسێکی پێشکەش کرد.

لەم کۆنفڕانسەدا کە بە دەیان کەس لە ئەندامانی حیزب نیشتەجێ لە شاری هەولێری تێیدا بەشدار بوون، سکرتێری گشتیی حیزب بە ئاوڕدانەوە لە نێوەرۆک و ماهییەتی سیاسەتی دەرەوەی ڕێژیمی پێشووی پاشایەتی لە ئێران لە گەڵ وڵاتانی ناوچەکە و عەرەبی و هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، لە سەر پێگەی وڵاتی ئێرانی دوای هاتنەسەر کاری ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران قسەی بۆ بەشدارانی کۆنفڕانس کرد. لەم پێوەندییەدا کاک خالید عەزیزی بە ئاماژەدان بە ماهییەتی ئیدئۆلۆژیی ڕێژیم و دیاردەی تێرۆریزمی دەوڵەتیی کۆماری ئیسلامی ئێران، باسی لە بێئێعتباربوونی پێگەی ئێران لە سەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی و نێودەوڵەتیدا کرد.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا، سکرتێری گشتیی حیزب پەرژایە سەر داهاتووی ئێران و ڕۆڵی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و، لەم بارەوە بۆ جۆری ڕووبەڕوو بوونەوەی ئاڵوگۆڕەکان لەسەر ئەساسی دەستەبەرکردنی ماف و ئازادییەکانی خەڵکی کوردستان، یەکڕیزی و یەکگرتوویی نێوان هێزە سیاسییەکانی کوردستان و بە گشتی کۆمەڵگەی کوردستانی بە زەرووری و پێویست لەقەڵەم دا.

شایانی ئاماژەپێدانە کە بەشی دووهەمی کۆنفڕانسی ئەندامانی حیزب لە شاری هەولێر بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی نوێ تەرخان کرابوو کە وێڕای ئامادەبوونی نوێنەری کۆمیسیۆنی پارێزگاری لە پێڕەوی نێوخۆ، نوێنەری کۆمیسیۆنی تەشکیلات و بەرپرسی کۆمیتەی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزب، بە شێوەیەکی دێموکراتێک بەڕێوەچوو.

# کۆبوونەوەی سیاسی-تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزب

ڕۆژی سێشەممە ۲۵ی خەرمانانی ۹۹ی هەتاوی کۆمیسیونی تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کۆبوونەوەیەکی سیاسی- تەشکیلاتیی بۆ بەڕێز خالید عەزیزی سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک هێنا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا مەنسوور مروەتی، ئەندامی کۆمیسیۆنی تەشکیلاتی حیزب چەند بابەتێکی لەسەر چالاکییەکانی تەشکیلات لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات باس کرد. پاشان کاک خالید عەزیزی قسەکانی بە یادکردنەوە لە ڕێبەری سەرکردەمان و تیشک خستنە سەر تواناییەکان و ئەزموون و بوێریی دوکتورڕ شەرەفکەندی دەست پێکرد.

بەڕێزیان بە تیشک خستنە سەر ئەو خاڵە بەهێزانەی دوکتور سادق شەرەفکەندیی کردبووە ڕێبەرێکی خەڵکی و خۆشەویستی حیزب و گەل و کاریگەریی دوکتور سادق لە سەر بنەما سەرەکییەکانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات، تێرۆری ڕێبەرانی کوردی بە خەیاڵێکی خاوی کۆماری ئیسلامی و دوژمنانی کورد ناو برد کە هەر لە لەسێدارەدانی پێشەوای نەمرەوە تا دوکتور سادق شەرەفکەندی و لەم دواییانەشدا پۆلێک ئەندامان و کادری ڕێبەریی حیزبەکەمان نەیانتوانیوە و ناتوانن حیزبی دێموکرات و ئیرادەی مافخوازی خەڵکی کوردستان لە نێوبەرن یان کپ و بێدەنگی بکەن.

بەڕێز عەزیزی بە ئاماژە بەوەیکە تەشکیلاتی حیزبی دێموکرات بە هۆی جەماوەری بوون و خەڵکی بوونی و هەروەها کار و چالاکییە خۆنەویستانەکانی ئەو بەشە گرینگەی حیزب لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و دەرەوەی وڵات و لە نێو خودی حیزبیش کۆڵەکەیەکی سەرەکی و بناغەیەکی حاشاهەڵنەگری مانەوەی حیزبی دێموکراتە، زەحمەت و ماندوو بوونی هاوڕێیانی تەشکیلات بە تایبەتی لە نێوخۆی وڵات بە خاڵێکی ئەرێنی و گرینگ ناوی برد و گوتی: ئەگەر تەشکیلات و ڕێخستنەکانی نێوخۆ ئەو هەموو قارەمانی و حەماسە دەخولقێنن و سەرمایەی ماددی و مەعنەوی حیزبەکەمانن و لە هیچ چەشنە فیداکارییەک لە ڕێگای حیزب و گەلدا دریغی ناکەن، ئەوە ئەرکی ئێمەشە کە گوێ بۆ داواکارییە ڕەواکانی خەڵکەکەمان ڕاگرین و ئەرک و داواکاری و ڕێنمایی ئەوان و ئێمەش دەبێتە هۆکاری سەرکەوتن و سەربەرزی حیزبی دێموکرات و خەڵکی کورد.

لە کۆتاییدا بەڕێز عەزیزی لە مەیداندا بوونی ئەو هەموو کادر و پێشمەرگە و ئەندامانی نهێنی و ئاشکرای حیزبی دێموکراتی سەرەڕای ئەو هەموو کەند و کۆسپانەی سەر ڕێگای ئەو حیزبەی بە دڵخۆشی وەسف کرد و ڕایگەیاند کە تێکۆشان و هاودڵی و پێکەوە کارکردنمام بێگومان سەرکەوتنمان مسۆگەر دەکا.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا خەڵاتی ڕێزلێنان بەسەر نوێنەرانی ناوەند و هەرێمەکانی ئەندامی تەشکیلاتدا دابەش کرا و ڕێز لە تێکۆشان و ماندوو بوونی ئەو بەڕێزانە گیرا.

---

# بۆچی دەوڵەتی ئەمریکا دەدان بە هێرشەکانی بینغازی کە دەستی ئێرانی لە پشتە دانانێ؟

نیویۆرک پۆست_کینێت ڕ. تیمێرمەن



و: کەماڵ حەسەنپوور

هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان خەزێنەیەکی بەرچاوی بەڵگەی بەدەستەوەن کە تێوەگلانی ڕاستەوخۆی ئێران لە هێرشەکانی ۱۱ی سێپتامبری ۲۰۱۲ لە بینغازی، لیبی، کە بوونە هۆی کوژرانی چوار هاووڵاتیی ئەمریکا، پشتڕاست دەکەنەوە. بەڵام تا ئێستا، بیرۆکراتەکانی دەوڵەتی شاراوە ئەو بەڵگانەیان لەژێر چەند توێژی پۆلێن کردن کە زۆر جار بێ پاساون شاردوونەوە.

من لە ئەفسەرانی سی ئای ئەی، گرێبەستکراوانی سوپا، و سەرچاوەی دیکە لەنێو هێزە تایبەتییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکاندا بۆم دەرکەوتوە کە لانیکەم ۵۰ بەڵگە هەن کە لەبارەی ئۆپەراسیۆنە هەواڵگرییەکانی ئێران لە بینغازی هۆشدارییان داوە. هێندێکیان بە تایبەتی پێشبینیی هێرشی ئێران بۆ سەر دیپلۆمات و بنکەکانی وڵاتە یەکگرتووەکانیان کردبوو. ئەو بەڵگانە هەروا بە دەست پێڕانەگەیشتراوی ماونەتەوە، لە نێویاندا بۆ سەرۆکی کۆمیتەی هەڵبژێراوی لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی بینغازی، ئەندام کۆنگرەی پێشوو، تێری گاودی.

سی ئای ئەی، ئێن ئێس ئەی و ئەندامانی بەڕێوەبەریی فەرماندەیی هێزە تایبەتییە هاوبەشەکان لە بینغازی و تریپۆلی چالاکانە ئۆپەراسیۆنەکانی ئێرانیان لە مانگەکانی پێش هێرشەکە گرتبوو ژێر چاودێریی. بە ڕاستی، بە گوێرەی گرێبەستکراوێکی کۆمپانیایەکی سەربازیی کەرتی تایبەت کە لە بینغازییەوە لە فێورییەی ۲۰۱۱ پێوەندیی پێوە گرتم، گوتی کە ئەندامانی سوپای قودس، لە سەرەتاکانی سەرهەڵدان دژی قەزافی، بەئاشکرا لە شەقامەکانی بینغازیدا دەسووڕانەوە. لەو کاتیدا، بوونی ئەوان لەوێ شتێکی نهێنی نەبوو.

لە هاوینی ۲۰۱۲، هەواڵگریی وڵاتە یەکگرتووەکان و ئەفسەرانی ئاسایش لە بینغازی و تریپۆلی هۆشدارییان دا بە فەرماندەکانی سەرووی خۆیان، لەنێویاندا باڵوێز جەی کریستۆفێر ستیڤێنس، کە ئێرانییەکان خەریکی ئامادەکاری بۆ هێرشی تێرۆریستی بۆ سەر کامپی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بینغازین. ئەو ئامادەکارییە پەرەئەستێنانەی ئێران بووە هۆی ئەوە کە بەرپرسی پاراستنی ستیڤێنس، سەرهەنگی کڵاو سەوز ئەندی وود، پەیام بنێرێ بۆ ئەفسەری فەرماندە لە ژوئەنی ۲۰۱۲ کە میلیشیای بەکرێگیراوی ئێران، ئەنسار ئەلشەریعە، پارەی لە ئێرانەوە پێ گەیشتوە و ئێستا خەریکی بەڕێکردنی ژن ومنداڵەکانیانن بۆ بینغازی، وەک چۆن لە بابەتی پێشوودا باسم کرد.



تا ئێستا، دەوڵەت تەنیا ژمارەیکی کەم بەڵگەی لە بارەی ئۆپەراسیۆنەکانی ئێران لە بینغازی بڵاو کردوونەوە کە ئەوانیش تا ڕاددەیەکی زۆر ئێدیت کراون [بەشێک لە زانیارییەکان ڕەش کراونەوە]. لە تەواوی کاتی بەڕیوەبەرایەتیی ئۆباما‌دا، کاربەدەستانی ئاگادار لە بوونی سوپای قودس لە بینغازی، لەنێویاندا گرێبەستکراوەکانی ئاسایش کە پارێزگارییان لە بنکەی سی ئای ئەی لە ماوەی ۱۳ کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ جیهادییەکان، پەیتا پەیتا هەڕەشەیان لێ دەکرا کە ئەگەر ئەوەی دەیزانن بیدرکێنن بەرەوڕووی لێپرسینەوەی یاسایی دەبنەوە. یەکێک لەوان، سەرۆکی ئاژانسی پاراستنی هەواڵگری، ژەنڕاڵ مایکڵ فلین بوو.

بەڵام بەڵگەکانی پێشکەشکراو لە لایەن سەرچاوەیەکی ئێرانی لەبارەی دابین کردنی دارایی [بۆ تێرۆریستەکان] کە لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە نەکەوتە ژێر هەڵمەتی بە نهێنیکردن، زانیارییەکی گەلێک باشی لەبارەی تێوەگلانی دەوڵەتی ئێران لەو هێرشانەدا تێدابوو.

بەڵگەکان لەنێویاندا بەڵگەی گواستنەوەی ۱،۹ میلیۆن یورۆ لە ڕێگای بانکەوە بۆ ناوەندێکی پارە شۆردنەوەی سوپای قودس لە مالێزی دەگرێتە خۆ کە هەرگیز پێش ئێستا بە میدیایی نەکراوە. تەنیا لەو دواییانەدا سەرچاوە ئێرانییەکە ئیزنی پێدام کە ئەو بەڵگانە ئاشکرا بکەم، کە بەڕوونی ئاشکرای دەکەن ئێران کەڵکی لە سیستەمی دارایی جیهانیی بۆ دابین کردنی پارە بۆ ئۆپەراسیۆنەکانی بینغازی وەرگرتوە.

کەسێک کە ئێرانییەکان بۆ ڕاکێشانی ئەندام، ڕاهێنان و چەکدار کردنی میلیشیای ئەنسار ئەلشەریعە کەلکیان لێ وەرگرتوە، کەسێکی لوبنانی بە ناوی خەلیل حەرب بووە. ناوبراو فەرماندەیەکی پلەبەرزی حیزبوڵڵا بووە و لە لایەن ئاژانسە هەواڵگرییەکانی خۆرئاوایی زۆر باش ناسراوە. ماوەیکی کورت دوای هێرشەکانی بینغازی، وەزارەتی کاروباری دەرەوە ۵ میلیۆن دۆلاری دەستخۆشانە بۆ دانی زانیارییەک کە ببێتە هۆی گیرانی ناوبراو تەرخان کرد، نەوەک لەبەر دەوری ئەو لە بینغازی، بەڵکو بۆ دەوری ناوبراو لە بە ڕواڵەت ئۆپەراسیۆنی تێرۆریستیی ئاسایی لە لوبنان.

چونکە ددان پێدانانی وەزارەتی کاروباری دەرەوە لە ژێر ڕێبەریی هیلاری کلینتۆن و جان کێری کە ئەو بەکرێگیراوەی ئێران لە هێرشەکانی بینغازیدا بەشدار بووە دەبووە هۆی ئاشکرابوونی فێڵبازییە شاراوە کوشندەکانی ئێران، کە هێشتا لە لایەن دەوڵەتی شاراوە درێژەی هەیە و چەند داواکاریی بە گوێرەی یاسای ئازادی دەستڕاگەیشتن بە زانیاریی (FOIA) لەبارەی ئاشکرا کردنی بەڵگەنامەکانی ئێران-بینغازییان بێ ئاکام هێشتۆتەوە.

سەرەتا، حەرب دەستی بە دیتنەوە و بەئەندام کردنی جیهادیی لیبیایی کرد. سەرچاوە ئێرانییەکەی من دەڵێ کە سێ حەوتوو بەر لە هێرشەکان، نێردراوێک گەیشتە بینغازی بە ۸ میلیۆن دۆلار و ۱۰ میلیۆن یۆرۆ کە دراوی کاغەزیی ۵۰۰ یورۆیی بوون. پارەکە لە حیسابەکانی سوپای قودس لە مالێزییەوە لە بانکی فیرست ئیسلامیک ئینڤێستمێنت بانک، کە بانکێکی سوپای پاسدارانە و لە لایەن بابەک زەنجانی، میلیاردێرێکی ٤١ ساڵە، کە خۆی بە "بەسیجی دارایی" پێناسە دەکرد، بەڕێوە دەچوو.

لە وتووێژ لەگەڵ هەواڵنێری ئێرانی و خۆرئاوایی، زەنجانی خۆی هەڵدەنایەوە کە ئەو پارەی نەوتی ڕێژیم دەشواتەوە تا دەستی گەمارۆی دارایی نەگاتە ئەوان. ئەو بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە خاوەنی ۱۳،۵ میلیارد دۆلارە، و خۆی هەڵدەنایەوە کە نەوتی ئێران لەگەڵ هی عێراق و ئیمارات تێکەڵ دەکا و وەک نەوتێک دەیفرۆشێ کە سەرچاوەکەی لە ئێرانەوە نییە.

ئەو لە وتووێژێکدا گوتی وڵاتە یەکگرتووەکان ئەویان بە ۲۷۲ جار پێشێلکاریی شۆردنەوەی پارە تاوانبار کردوە، و ناوبراو ئەوانە وەک میدالیای شانازیی سەیر دەکا، و نزیکەی ۲ میلیارد دۆلار پارەی نەغد هی فرۆشتنی نەوتی ئێران لە دەرەوەی وڵاتە کە لەبەر ئابلۆقەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان "گیری" کردوە. لە کۆتاییەکانی دێسامبری ۲۰۱۳، ڕێژیمی ئێران ناوبراویان دەستبەسەر کرد بۆ ئەوەی کە پارەکە بگەڕێنێتەوە نێوخۆ و ئەویش بێدەنگ بکا.

یەکێک لە لایەنە سەرەکییەکانی سۆرینێت گرووپی ناوبراو، کۆمپانیایەک بوو کە لە کوالالومپور و لابوان، مالێزی، چالاک بوو و ناوی ئینتێرناشنال سەیف ئۆیل (ISO) بوو، تا زەنجانی ئێرانی بوونی ئەو نەوتە بشارێتەوە کە لە بازاڕە جیهانییەکاندا دەیفرۆشت. پێوەندی نابراو لە ISO کەسێکی دیکەی خاوەن دەستوپێوەند لە ئێران بە ناوی عەلیڕەزا زیبا حالەت مۆنفەرید بوو، کە براکەی جێگری وەزیری هەواڵگریی ئێران بوو.

بە گوتەی هاوبەشێکی بازرگانی پێشووی مۆنفەرید، کە بەڵگەکان و وردەکارییەکانی تێوەگلانی ناوبراو لە ئۆپەراسیۆنی سوپای قودس لە بینغازی پێدام، مونفرید لە ۲۰۰۹ بە بیانووی دامەزراندنی کۆمپانیایەکی وەبەر هێنان لە کەرتی "توریسم" پارەی سوپای قودسی بۆ باکووری ئەفریقا، مەراکش، گواستەوە. مەنفەرید بە هەمان شێوە پێوندیی لەگەڵ خەلیل حەرب هەبوو، کە لە مالێزی و پێش ئۆپەراسیۆنەکانی بینغازی سەردانی کردبوو تا بزانێ چۆن پارە بە نهێنی دەگوێزێتەوە.

کاتێک ڕایەڵەی سوپای قودسی مونفەرید و زەنجانی لە ۲۰۱۱ دەستیان بە گواستنەوەی پارە بۆ بینغازی کرد، کەلکیان لە سیستەمی بانکیی نێونەتەوەیی وەرگرت و پارەکەیان بە بیانووی وەبەرهێنان لە کەرتی مڵک و ماڵ گواستەوە، لە ترۆپکی سەرهەڵدانی دژی قەزافی کاتێک کە زۆربەی وڵات وێران ببوو!

بەڵگەی ناردنی ۱،۹ میلیۆن یورۆ، لە بەرواری ١٤ی ئاگوستی ۲۰۱۱، ئاشکرای دەکا کە ئەو ڕایەڵەیە چۆن کاری کردوە.

سەرچاوەی پارەکە، لە فیرست ئیسلامیک ئینڤێستمێنت بانک لە لابوانی مالێزییە، کە لە ۱۱ی ئاپریلی ۲۰۱۱ وەزارەتی دارایی وڵاتە یەکگرتووەکان وەک ناوەندێکی شۆردنەوەی پارەی ئێران پێناسەی کرد.

لە مالێزییەوە، لە ژێر چاودێریی یاریدەدەرێکی زەنجانی و مۆنفەرید، پارە بەڕێ کرا بۆ بانکی ئینتێرناسیۆنال عەرەب لە پاریس. وەرگری کۆتایی، کۆمپانیایەکی بیناسازیی لە بینغازی بوو کە حیسابێکی لە لقی بینغازی بانکی ئەلجەماعەی ئەلعەڕەبیدا هەبوو.

بەڵگەی بەڕێکردنی پارەکە ئاشکرای دەکا کە ئەو پارەیە بۆ ژمارەیەکی تایبەتی قۆنتەراتێک بەڕێ کراوە و دەشێ بۆ وێنە بۆ دروستکردنی مۆڵگەی ئەو کەسانە کەڵکی لێوەرگیرابێ کە خەلیل حەرب کردبوونیە ئەندام.

لە کاتێکدا کە پیلانەکانی ئۆپەراسیۆنی بینغازی لە هاوینی ۲۰۱۲ خێراتر کران، ئێران بەرپرسێکی پلەبەرزی سوپای پاسداران، سالار مێهدی ڕەببانی لە ژێر ناوی تیمی پزیشکی هیلالی سووری ئیسلامیی ناردە بینغازی، وەک چۆن لە کتێبی من لە مانگی مای ٢٠١٤ بە نێوی "هێزە ڕەشەکان: ڕاستییەکان لە بارەی ئەوەی لە بینغازی ڕووی دا." باس کراوە. ئەوان بە هەمان شێوە بە شێوەی فیزیکی دەستیان کرد بە ناردنی پارە بۆ تیمەکانی بەشدار لە ئۆپەراسیۆنەکەدا.

لە سلایدێکی ئاگادار کردنەوە لە لایەن فەرماندەیی ئەفریقای وڵاتە یەکگرتووەکان (AF-RICOM) لە هاوینی ۲۰۱۲ دەردەکەوێ کە پارە و چەکی ئێرانی بە لێشاو دەچێ بۆ میسر و لیبی، بەڵام ئەو و بەڵگەکانی دیکەی AFRICOM لە پێوەندیی لەگەڵ بوونی ئێران لە بینغازی، بە ئانقەست بەرانبەر بە هەواڵنێران و گرووپە دەرەکییەکانی وەک چاودێریی دادوەریی لە ڕێگای پرۆسەی FOIA حاشایان کراوە.

بەڵگەکان ئێستا دەیسەلمێنن کە هێرشەکانی بینغازی ئاکاری تێرۆریزمی دەوڵەتی دژی ئەمریکا بوون کە لە بەرزترین ئاستی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بڕیاری لەسەر دراوە و بە فرۆشتنی نەوتی ئێرانی پشتگیریی دارایی لێ کراوە کە چەند دامودەزگای دەوڵەتی ئێران و یەکەکانی بارزگانی و بانک لە مالێزی، فەڕانسە و لیبی تێیدا بەشدار بوون.

سەرۆکی هەنووکەیی هەواڵگریی نەتەوەیی، ئەندام کۆنگرەی پێشوو جان ڕاتکلیف، ناوبانگێکی شایستەی لە بارەی ڕاستوێژیی و مافی جەماوەر بۆ زانینی ڕاستییەکان لە بارەی حەشاردانەکانی سیاسییەکانی هەیە.

کاربەدەستانی هەواڵگریی تێوەگلانی ئێرانیان لە بینغازی لە دەستپێکەوە شاردۆتەوە. بەڕێوەبەر راتکلیف: بەڵگەکانی ئێران-بینغازی بڵاو بکەوە!

# تێرۆریزم وەک ماهییەت و پێناسەی وجوودیی ڕێژیمی ئێران

شاهـۆ مەتین

لە سەردەمی ڕێژیمی پاشایەتیدا، بە پێی بوونی ئەم حیزبە سیاسییە سێکۆلار و دینیاینەی ئێران و کوردستان بەرەنگاریی سیستمی پاشایەتییان دەکرد و بە پێی جیهانبینیی خۆیان دوارۆژی سیاسەتی نێو ژێئۆپۆلۆتیکی ئێرانیان بۆ کۆمەڵگە وێنا دەکرد، هەر کام لەم ڕەوتە سیاسییانە سەر بە قووتابخانەیەکی هزری و فەلسەفی بوون کە مێژووی هاوچەشنیان بۆ سەدەکانی ڕابردوو دەگەڕایەوە و وەک ئەزموونی دەوڵەتداری کەم تا زۆر تاقی کرابوونەوە.

دوابەدوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و ئەو گەلەکۆمەکێیەی حیزبی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای تیرۆری نەیارانی، داگیرکردنی باڵوێزخانەی ئەمریکا، بێ ڕۆڵ هێشتنەوە و دەرکردنی بەرەی نیشتمانی و سێکۆلاری نێو سیستمی تازە دامەزراوی ئێران و هاوکات مۆنۆپۆڵ کردنی سێ جومگەی گرینگی حکوومەتی وەک میدیا، هێزە سەربازییەکان و ئابووری بە شێوەیەکی فریودەرانە لە ڕێگای شوعارگەلی وەک خۆشبژێوی، گەڕانەوەی شکۆ بۆ ئێرانییەکان، عەداڵەت و بە هەڵخەلەتاندنی دنیای دەرەوە؛ سیستمی ویلایەتی موتلەقەی فەقیهی کردە دامەزراوەیەکی سیاسی و یاسایی حکومەتداری بە سەر گەلانی ئێراندا. بەجۆرە دیکتاتۆرییەتی مەزهەبی _ سیاسی و نیزامی سێبەری بە سەر ئامانجەکانی گەلانی ڕاپەریوی ئێران کە داخوازی ئازادی، عەداڵەت و یەکسانی بوون کێشا.

کۆماری ئیسلامی بەرە بەرە مەیدانی سیاسەت کردنی بۆ حیزبە سیاسی و نەتەوەیی و سێکۆلارەکان کە دژایەتییان لەگەڵ سیستمی ناوەندی و تیۆلۆژیکی بەرەی ڕاسترەوە هەبوو، تەنگ کرد و بە زەبری گرتن و کوشتنیان، یا بێدەنگیان کردن، یان شەڕیان پێ فرۆشتن و یان لە مەیان وەدەریان نان. دواتریش خولیای هەناردە کردنی شۆڕش بە دروشمی ڕزگاریی قودس و دروست کردنی هیلالی شیعی بووە هۆی هەڵگیرسانی شەڕێک کە هەشت ساڵ گیان و ژیانی لە خەڵکی ئێران ستاند.

بە نیسبەت کوردستان، کورد لە ئێران لە دەیەی بیستی هەتاوی یەکەم حیزبی مۆدێرنی سیاسیی کوردی لە ساڵی ١٣٢٤ لەسەر دەستی پێشەوا قازی محەممەد دامەزراندبوو. حیزبی دێموکراتی کوردستان حیزبی دامەزرێنەری کۆماری کوردستان ڕێزگرتن لە سەروەریی تاک، پاراستنی ئازادییە سیاسی و مافە ئێتنیکییەکان و دروست کردنی کەشێکی سیاسیی ئازاد بۆ سەقامگیر کردنی تۆلێرانس، کە هەموو نەتەوە و ئێتنیکە جیاوازەکان بتوانن مومارەسەی بەهاکانی خۆیانی تێدا بکەن، بەشێک لە ئامانج و پرەنسیپەکانی بوون.

زۆری نەخایاند وەبەر یەک کەوتنی ئەم دوو دنیابینیە (دێموکراسی و دیکتاتۆرییەت) لە کوردستاندا، لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ لەژێر سێبەری سوورەتی "نەسر" فەرمانی ژێنۆسایدی گەلی ئازادیخواز و دێموکراسی ویستی کوردستان، بە دەستووری خومەینی بۆ دەرکرا. خومەینی و وەزیر و گزیرەکانی فەرمانیان بە هێزە سەربازییەکان (ئەرتەش، بەسیج و سپا) کرد کە تاکوو کوردستان بە قەولی خۆیان لە "ئەشرار و کوففار" پاک نەکەنەوە، بەندی پۆتینەکانیشیان نەکەنەوە .

بۆ بەجێگەیاندنی فەرمانی خومەینی پاکتاوکردن، تیرۆر و میلیتاریزم بۆ ماوەی چوار دەیەیە بووەتە ماکەی سەرەکیی سیاسەت کردن لە کوردستان دەرحەق بە نەتەوەی کورد. بەمجۆرە ڕێژیمی مەلاکان دوای داگیر کردنی ئێران و جێگیر کردنی سیستمە مەزهەبی و نیزامییەکەیان بۆوەی ڕەوایی و هێژمۆنییان بە سەر گەلی کوردا بسەپێنن، بە فتوای خومەینی و تێۆریی پیلانگێڕی پاکتاو کردنی سیاسی، ئابووری، کولتووری، زمانی، ژینگەیی و... کردە یاسای سیاسەت کردنیان لە کوردستان و بە ناوی مەترسیی ئەمنیەتی بچووکرین جووڵەی سیاسی و مەدەنییانەی خەڵکی کوردستان تاوانی دژایەتی لەگەڵ خوا و تێکدانی یەکپارچەیی خاکی ئێرانی درایە پاڵ و بەرەوڕووی سزایان کردنەوە.

چوار دەیەیە کوردستان میلیتارزە کراوە و ئیدارەی کوردستان دراوتە دەستی هێزە ئەمنیەتی و سەربازییەکان و بە مانای وشە بە ڕوانگەی "ئەمنیەت تەوەرانە" سیاسەتی ئیداری، یاسایی و مەدەنی بۆ کوردستان دادەڕێژرێ و بەڕێوەدەبرێ.

کوردستان کە خاونی ژینگەی دەوڵەمەندی ژێر زەوی (گاز و نەوت) و سەر زەوی (ئاو، ڕووبەری سەوزایی، دارستان و..)ە، بە هەمان ڕوانگەی ئەمنیەتییەوە بە مەبەستی هەژار ڕاگرتنی خەڵکی کوردستان و دروست کردنی قەیرانی ژینگەیی سەیری دەکرێ بۆوەی بە پیلانێکی نەرم کولتوور و زمان و شۆناسەکەی لە چنگ دەربهێندرێ یان لێی بشێوێندرێ.

سیاسەتی کۆماری لە کوردستان بە شێوازێکە کە هەستی کۆلۆنیالیزمی سەدەکانی نێوەڕاست لای هەر تاکێکی کورد بە نیسبەت حاکمیەتی تاران دروست دەبێ و لە نەستی هەر مرۆڤێکی ڕۆژهەڵاتدا بێزاری و نائاسوودەیی لە ژیان و کار بەرامبەر ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیەی ڕێژیم شەپۆلان دەدا.لە سەر ئەم ئەساسە حوکمی سەربازی و میلیتاریستی وەک سەرچاوەی ئەمنیەت و ڕەوایی لە کوردستان بۆتە سیاسەت و یاسا دەرحەق بە کوردستان و بۆ بەدیهێنانی ئەم تەناهی و ئارامییە تیرۆریش بۆتە چەک و پێناسەی ڕێژیمی تاران و؛ ڕۆژانە لە سێکتەرە جۆربەجۆرەکانی ژینگەیی، ئابووری، پەروەردەیی و مرۆییدا بەڕێوەی دەبەن.




لەگەڵ بەردەوامیی ئەم سیاسەتە شوینیستییە بۆ سڕینەوەی مافخوازی لە کوردستان، بەڵام چونکی کوردستان خاوەنی بزووتنەوەیەکی جەماوەری بەهێز وەک حیزبی دێموکراتی کوردستانە، حیزبێک کە بە درێژایی زیاتر لە حەوت دەیە بۆ بەدەستهێنانی ماف و ئازادییەکانی گەلەکەی تێ دەکۆشێ و سەنگەری خەبات و تێکۆشانی ئاوەدان ڕاگرتوە، لە دژی سیاسەتی قڵاچۆی کوردان ڕاوەستاوە و ئەندێشە سەردەمیانەکەی کە بریتین لە بەدیهێنانی ئازادی و یەکسانی و بە دێموکراتیزاسیۆن کردنی سیستمی ئێران هیندەی دی ترسی لەسەر ئەم ڕێژیمە دروست کردوە. بۆیە بۆ کپ کردنی ئەم دەنگە مافخوازانەیەی گەلی کورد حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی تاران (خامنەیی، ڕەفسەنجانی، خاتەمی، ئەحمەدی نژاد و ڕوحانیەوە) سیاسەتی تیرۆریزمی مرۆیی لە ئاستی کوردستاندا لە سنووری نێوخۆ (چالاکانی مەدەنی ) و دەرەوە (کەسایەتیە سیاسیەکانی کوردستان وەک دوکتۆر قاسملوو و شەڕەفکەندی و سەدان کادر و پێشمەرگەی حیزب)یان وەک ستراتیژی بۆ پاراستنی دەسەڵاتی دیکتاتۆریان و وەک مێتۆد و پارادایمی زاڵ بەکار هێناوە. هەر لە درێژەی ئەم سیاسەتە دوژمنکارانەیەدا لە ١٧ خەرمانانی ١٣٩٧ هەتاوی بە مووشەکە دووڕهاوێژەکانی بنکەی سەرکردایەتیی ئەم حیزبەی کردە ئامانج. مەبەستەکانیشی ئەمە بوون: لە نێوخۆی ئێران چاوترسێن کردنی کۆمەڵانی خەڵک و پاشەکشە کردن بە بزووتنەوە نارەزایەتییەکان کە بە هۆی سیاسەتی چەوتی ڕێژیم بەردەوام لە گەشە کردن و پەرەسەندندان، بێدەنگ کردنی گوتاری ڕۆژهەڵات مێحوەری و، تەکاندنەوەی ڕێکخراوە مەدەنییەکان لە بزووتنەوەی سیاسی و پچڕانی هاوپێوەندیی هزری لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئازادیخوازانی سەرتاسەری ئێران. لە بواری ناوچەیی و نێودەوڵەتیشدا ئامانجەکە ڕوون بوو: سەپاندن و پاراستنی هێژمۆنیی تێرۆریستیی خۆی لە بەرامبەر نەیارانیدا و پیشاندانی هێزی سەربازی و توانای نیزامیی تێکدەرانە و تێکنۆلۆژیی شەڕی پێشکەوتووی. بۆ پێکانی ئەم کۆمەڵە ئامانجەش قەڵای بەرخودانی حیزبی دێموکرات، ئادرەسی ناسۆنالیزمی ڕۆژهەڵات وەک ئادرەسی تێکۆشان و مودیرییەتی تەوژمی هەماهەنگ و هاودەنگ کردنی هێزە کوردستانی و ئێرانییەکان بەرامبەر ڕێژیمی تاران هەڵدەبژێری. ڕێژیم بۆ ئەو تاوانە و بۆ ئەوە ئەو زەبرە لە بزووتنەوەی مافخوازیی کورد بدا و بۆ ئەوەی ئەم پەیام و سیگناڵانە بۆ دژبەرانی لە ناوچە بنێرێ، دەبوا زۆر یاسای نێونەتەوەیی و کۆنڤانسیۆن و پرەنسیپی لەژێر پێ نابا کە هەمووی پێخوست کردن. بەڵام ئەوەی بەتەمای بوو بۆی نەچووە سەر.

ترساندنی خەڵک و بەچۆکداهێنانی ڕوحی شۆڕشگێڕیی خەڵک وەک یەکێک لە ئامانجەکانی ئەم هێرشە ئاکامی پێچەوانەی لێ کەوتەوە. چوار ڕۆژ دواتر لە سەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و بە تایبەت بۆ هاوخەمی و پشتیوانی مەعنەوی لە سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمەڵانی خەڵکی بەئەمەگ و پشتیوانانی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکرات لە تێکۆشانێکی مەدەنی و شارستانیدا بۆ مەحکووم و ڕیسوا کردنی ئەم جینایەتەی کۆماری ئیسلامی بە مانگرتنێکی حەماسە خوڵقێن وەڵامی ڕێژیمیان دایەوە بە یار و نەیاریان گوت کە قەڵای خۆڕاگری دێموکرات لە شاری کۆیەی باشووری کوردستان ئادرەس و بەرپرسی، پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و ئەوەی نامۆ بەو خەڵکەیە ڕێژیم و دەسەڵاتەکەیەتی. ئەوان لەو ڕێفراندۆمەدا پیشانیان دایەوە قسەی خەڵک هەر ئەو "نا"یەیە کە چوار دەیە پێش ئێستا لە کوردستان بەو ڕێژیمە گوترا.

**دەرەنجام**

ڕاستە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران چل ساڵە دژی گەلی کورد و بزووتنەوە مافویستەکەی (حیزبی دێموکراتی کوردستان) لە شەڕدایە و میکانیزمی جۆراوجۆری بۆ کپ کردنی دەنگی ئازادیخوازی کورد بە ڕێگای پاکتاو کردن، تێرۆر و میلیتاریزم دەکار کردوە، بەڵام چونکی کورد و بزووتنەوە ڕەواکەی خاوەنی مێژووی دێرین بە درێژایی چاخەکانن و ویستی بەرزی ئینسانییان هەیە و، مرۆڤی خۆنەویستن و بۆ دەستەبەر کردنی مافەکانیان بە ئیرادەیەکی چیایی خەبات دەکەن؛ چونکی ئارمانجە پیرۆزەکانیان بۆتە مانیفێستی هەر مرۆڤێکی ئازادیخوازی کورد؛ ئەم بزووتنەوەیە بەچۆکدانایە و سەرکەوتن هەر بۆ ئەوە.

# تەنگاوی و بیری ژەنگاویی ڕێژیم لە پەروەردەدا


جەمیل سەرمەستی

هەر لە سەرەتای ژیانی مرۆڤەوە، داگیرکاری و پاوانخوازی لە لایەک و ژێردەستی و کۆیلایەتی لە لایەکی دیکەوە بە پێی قۆناغ و کات و هەلومەرج و، لە ئاست و شێوازی جیادا گۆڕانکاریی ئەرێنی و نەرێنییان بەسەردا هاتوە یان بەسەریاندا سەپاوە. هەر لە قۆناغی بەردینەوە تا پێش مودێڕن کەس نە مافی پرسیاری لە بواری کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگیدا هەبووە و، نە وەڵامێکی ژیرانەش بۆ پرسیارەکان بووە. ئەوەی کۆیلە بوو دەبوایە کۆیلە بمێنێتەوە و مافی ئەوەی نەبوو تەنانەت بیر لەوە بکاتەوە کە دەکرێ کۆیلە نەبێ؛ هەربۆیە نە هەوڵی بۆ پێشکەوتن دەدا و، نە دەبوایە بیری لێ بکاتەوە، یاسایە و بڕایەوە.

بەڵام لەگەڵ دەورانی وگزار وردە وردە شێوەی ژیان دەگۆڕدرێ و پرسیار بۆ خەڵک درووست دەبێ و تا دەگاتە ئەمڕۆ کە مرۆڤ سەرەڕای سەرکوت و هەوڵی چڕوپڕی داپلۆسینی گەلانی ژێردەست لەلایەن داگیرکەران و گیرسانەوەی مرۆڤ لەنێو تێکنۆلۆژی و زانستدا، بە دوای خۆناسینێکی قووڵ و بنەڕەتیدا دەگەڕێ کە سەرەتای ئەم خۆناسینە یان دەسپێکی هەنگاوەکان کە پەروەردە و بارهێنانە، پرسیار بۆ مرۆڤ دەخولقێنێ و دەلاقەی ڕوانینی کەسەکانە بە بنەڕەتی خۆیاندا.

سیاسەتی یەک زمانی و هەڵاواردنی ڕەگەزی و ئایینی و نەتەوەیی لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا وەک توخمێکی سەرەکیی دەسەڵات بوونەتە هەرێزی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان. هاوکات بیرکردنەوەی خەڵکیش سەرەڕای هەموو سەرکوت و گوشاری نیزامی سیاسی گۆڕاوە و لەگەڵ شوناس و فەرهەنگ و خواستی نەتەوەیی بێژەرانی لێک ئاڵاون. پێوەندییە تایبەتەکانی ئەورۆ کە دنیای پێکەوە گرێداوە ناشاردرێنەوە و سەردەمی خەڵەتاندن و دەسبەسەر کردنی بیری مرۆڤەکان خەریکە کۆتایی دێ و ئەمانەش بۆ دەسەڵاتخوازە توتالیتێرەکان، شووینیستەکان و ڕەگەزپەرەستەکان بڤەیە، یان دەبێ دنیای پێشکەوتوو لە ئامێز گرن، یان بەگژیدا بچنەوە کە هەرکامیان تێچووی خۆی هەیە.

بە سەرنجدان بە یاسای بنەڕەتی و هەڵسوکەوت و ئامانجەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەگەڵ ئەوەدا لە پانتایی دونیای پێشکەوتوودا جێی خۆش کردوە و قازانجەکانیشی لێ هەڵدەکرێنێ، بەڵام هەرلە سەرەتاوە بە بیر و هزرێکی کۆن و پرتووکاوەوە بە گژیشیدا دەچێتەوە و زۆر جاران قامک بە چاوی زانست و ڕاستییەکاندا دەچەقێنێ.

سیستمی حکوومەتیی ئێران لەسەر بناغەیەک داندراوە کە نە کەسی زانستی و پسپۆڕ لەخۆ دەگرێ و نە جێگاشی دەبێتەوە، هەر بۆیە چاوەڕوانییەکانیش دەبێ لە ئاستی قەبارەی ئەو سیستمەدا بێ .

باسەکەی ئێمە زیاتر لەسەر پەروەردە و بواری خوێندن و ئەو هەلومەرجەیە کە بەرپرسە نابەرپرسەکانی ڕێژیم هەرساڵ قەیرانێک بە قەیران و کێشەکانی کۆمەڵگە بە تایبەت لە بواری خوێندن و پەروەردەوە زیاد دەکەن. ئێستا چەند ڕۆژێکە سەرەڕای مەترسیی کۆرۆنا و ئەوکێشەگەلەی کە بە هۆی کەمتەرخەمتی ڕێژیم و ئەو پەتایەوە بەرۆکی خەڵکی ئێرانی گرتوە و سەرەڕای هۆشداریی کەوتنەوەی کارەساتێکی مرۆیی لە ئەگەری کرانەوەی قوتابخانەکاندا، لە بەر چەند هۆکارێکی قازانجدار بۆ بەرپرسانی حکوومەتی و پڕوپاگەندەی تایبەت بە خۆیان و بە بێ گوێدان بە ئەو مەترسییانەی لە سەر ژیانی قوتابیان و خەڵک دروست دەبێ؛ دەرگای قوتابخانەکان کراوەتەوە.


ئەوەی جێگای سەرنجە و لە ڕاستیدا مەترسیی لێ دەبارێ ئەوەیە کە ئەمساڵ زۆرترلە ساڵانی پێشوو بارودۆخی خوێندن لە وڵاتی ژێر دەسەڵاتی ڕەشی کۆماری ئیسلامیدا ئاڵۆزترە و بێجگە لە کەڵەکە بوونی کێشەکانی پێشوو وەکوو هەڵاواردنی زمانی، ئایینی و ڕەگەزی و مەترسی کۆرۆناش هەڵاواردنێکی بەرچاو و سووکایەتی و بێڕێزییەکی دیکەی بەرپرسانی نەزان و دواکەوتووی ئەو ڕێژیمەیە کە بەردەوام هەنگاوەکانیان بەرەو دوایە و چاویان لە ڕابردوویە.

داهێنانە نوێیەکەی وەزیری پەروەردەی ڕێژیم لابردنی وێنەی کچان بوو لەسەر کتێبی بیرکاریی پۆلی سێهەمی سەرەتایی لە سەدەی بیست و یەکدا کە بەئاشکرا بێڕێزی بە ئاوەز و بیری خەڵکی ئێران و جیهانیشە و هەتا دێ ئەم گۆمە لێڵتر دەبێ و شەپۆلەکانی نەزانی و دواکەوتوویی زیاتر هزرەکان نوقم دەکا و وەکوو ئەوەیە کە دەڵێن نانی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی لە بچووککردنەوەی بازنەی بیرکردنەوەی خەڵکدایە؛ بەڵام پێموایە مشتەرییەکانی ئەو بیرۆکەیە لە کزییان داوە و ئەو کۆمارە لێڵ و تاریکە چیدیکە ناتوانێ وەکوو جاران بیرەکان بە لاڕێدا بەرێ و سەردەمی کۆت و بەندکردنی هزر و بیرەکان بەسەر چووە. کۆماری ئیسلامییش وای لێ هاتووە کە دەبێ پێی بڵێین چاکی مەکە با خراپتر نەبێ.

هەرچەند تەنیا ڕێگا چارە بۆ نەمانی ئەو جۆرە هەڵاواردن و سووکایەتییانە نەمانی کۆماری ئیسلامییە، بەڵام لێرەدا وەکوو هەمیشە ڕۆڵی دایک و باوکان و بە تایبەت مامۆستایانی قوتابخانەکان دەبێ بەرچاوتر و ڕوونتر بێ. ئەوان نابێ ئیزن بدەن هەر بیرۆکەیەکی چڵکن و دواکەوتوو دەرخواردی منداڵەکانیان بدرێ و دەبێ ئەوەیان لە بەرچاو بێ کە تەنانەت یەک وێنە، یەک وشە، یەک ڕشتە، ڕەنگی کتێب، ژووری خوێندن، جلوبەرگی منداڵ و مامۆستا و ژینگە و فەرهەنگ و شێوەی وانەوتنەوەی مامۆستا و بە گشتی سیستمی پەروەردە دەتوانێ داهاتووی منداڵەکانیان دیاری بکا. هەربۆیە دەبێ خۆیان بە بەرپرس بزانن لە ئاست هەر گۆڕانکارییەکی پەروەردەییدا و بێهەڵوێست نەبن.

کوردستان
ژمارە ٧٨٢
٣١ی خەرمانان ١٣٩٩ _ ٢١ی سێپتامبری ٢٠٢٠

## هەگبەی شاخ و شۆڕش



# لە بێورانەوە تا پشدەر



برایم چووکەڵی

کاتێک وەڵامی سەرەتاییترین داخوازەکانی هەر نەتەوەیەک بە ئاگروئاسن دەدرێتەوە، کاتێک سەرکوت و ڕەشەکوژی و زەبروزەنگ جێگای ماف و ئازادی دەگرێتەوە، ئەو نەتەوەیە ناچار دەبێ بۆ دیفاع لە خۆی و ماف و ئازادییەکانی دەست بۆ چەک بەرێ و بۆ وەدەستهێنان و پاراستنی ئازادی چەک لەشان بێ.

مێژووی نەتەوەی کورد پڕە لە چیرۆکی حەماسە و حەماسەخوڵقێنیی ڕۆڵەکانی.

گۆشەی «هەگبەی شاخ و شۆڕش»ی ئەم ژمارەیە تەرخان کراوە بۆ باس لە یاد و بیرەوەریی شەهید محەممەدئەمین سولێمانپوور.

شەهید حەمەدەمین سولێمانپوور ناسراو بە حەمەدەمینی مەلا عەزیزی لە گوندی بێوارنی خواریّ لە بنەماڵەیەکی ئایینی و شۆڕشگێڕدا چاوی بە دنیای پڕ لە کوێرەوەری کردەوە. بە هۆی هەژاری و دەسکورتیی بنەماڵەکەی وەک زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی چەوساوەی ئەوکاتی کوردستان لە چوون بۆ قوتابخانە بێبەش مایەوە، بەڵام ڕۆژگار و مەینەتییەکان کەسێکی زیرەک و تێگەیشتووی لە ناوبراو دروست کرد. لە کاتێکدا تەمەنی گەیشتە ١٨ ساڵی، لە لایەن ڕێژیمی پەهلەوییەوە ناوی بۆ ئیجباری (سەربازی) هاتەوە، بەڵام ئەو ئامادە نەبوو خزمەت بە داگیرکەرانی کوردستان بکا؛ هەر بۆیە بەرەو کوردستانی عێراق کەوتە ڕێ و لە گوندی هێرۆ و شاری قەڵادزێ ملی لە کار و کاسبی نا.

پاش ماوەیەک دەبێتە پێشمەرگەی یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان و بە هۆی ئازایەتی و لێوەشاوەیی جێگای خۆی لەنێو پێشمەرگەکانی یەکیەتیدا کردەوە و زۆر چالاکانە بەشداریی شەڕەکانی ناوچەکانی پشدەر و بیتوێنی کرد لەدژی ڕێژیمی بەعس.

دوای هەڵگیرسانی شۆڕشی گەلانی ئێران حەمەدەمین یەکێک بوو لەو تێکۆشەرانەی دوای ساڵانێکی زۆر دابڕان لە بنەماڵەکەی گەڕایەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا درێژە بە تێکۆشان دەدا و لە هێزی ١١ی موعینی ئەوکاتدا سازمان درا. کاک حەمەدەمین بە لێهاتوویی وێرای هاوسەنگەرانی بەشداریی لە زۆر شەڕی گەورەی وەک شەڕەکانی نەغەدە، بێ‌هەنگوین، ڕێگای بانە سەردەشت، پیرانشار سەردەشت، شنۆ، شیمالی کوردستان و زۆر شوێنیتردا کرد. کەم شەڕ هەبوون کە قارەمانەکانی دەستەی زەڕبەت بە فەرماندەیی شەهید حەمەدەمین زەبری لە دوژمن نەوەشاندبێ.

شەهید حەمەدەمین تێکۆشەرێکی نەبەز و چاونەترس بوو، لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەئاشکرا بیروبۆچوونی خۆی دەردەبری و سەرەڕۆیی و زوڵمی لە کەس قەبووڵ نەدەکرد و وەفادار بوو بە ڕێبازی کۆماری کوردستان. حەمەدەمینی مەلاعەزیز لە ڕەفتار لەگەڵ خەڵکدا زۆر خاکەڕا بوو. ئەو بە زمانی ساکار و بە دڵێکی پاک و هەستێکی شۆڕشگێڕانە هەوڵی دەدا خەڵک ڕێنوێنی بکا و ڕێگای خەبات و بەربەرەکانی بۆ وەدەست هێنانی ئازادیی پیشان دەدان.

شەهید حەمەدەمین فەرماندەرێکی ئازا و دڵسۆز بوو، لە شەڕدا نەترس و بە ورە بوو. پێشمەرگەیەکی سادق و دڵسۆز و بە بیر و باوەر بوو. هەر ئەو تایبەتمەندییانە ئەویان لە نێو هاوسەنگەرانی دازۆر خۆشەویست کردبوو وەک پێشمەرگەیەکی بە جەرگ سەیریان دەکرد و ڕێزیان بۆ دادەنا.

ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران هێرشی خۆی بۆ سەر ناوچە ئازادکراوەکان دەست پێکردبوو. چەند جار بۆ گرتنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە لە ناوچەی بێوران و دەوروبەری هێرشی کرد، بەڵام هەموو جارێک بە هۆی ئازایەتی و فەرماندەیی ژیرانەی حەمەدەمینی مەلاعەزیز، وەک فەرماندەی دەستەی زەڕبەت و پێشمەرگەکانی دیکە تێک دەشکا و بە تێکشکاوی و کوژرا و برینداریکی زۆرەوە شەڕگەیان جێ دەهێشت.

شەهید حەمەدەمین زۆرجار لە نێو کۆڕی هاوڕێیانیدا دەیگووت:» مەگەر دوژمن بە سەر لاشەمدا بڕوا، ئەگینا ناتوانێ ئەم ناوچەیە بگرێتەوە و ئامادەم لە سەر پاراستنی ئەم ناوچەیە و خاکی کوردستان گیانی خۆم فیدا بکەم.»

شەوی ٢٨ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٢ ڕێژیم بە یارمەتیی چەند خۆفرۆشێک لە کاتی نیوەشەودا بەهێزێکی چەند هەزار کەسی و بە پشتیوانیی هەلیکۆپتەر و ئاگری توندی توپخانە هێرشی کردە سەر گوندەکانی بێوران، قەڵەڕەشێ، زوران و کونەمشکێ و هەروەها بەرزاییەکانی بولفەت و شاخە خوارە، گردی ئاغایان، تۆپە سوتاوێ لە پشتی نێشکۆڵان و مەلازادان و دەوروبەری.

لە کاتژمێر چواری بەرەبەیانیی ئەو ڕۆژەدا شەڕێکی سەخت لە نێوان پارێزەرانی کوردستان و هێزی ڕێژیم دەستی پێکرد و لەگەڵ خۆرهەڵات و ڕووناکیی بەیان دوژمن لە ڕێگای جادەی سەردەشت _ بێورانەوە بە هێزێکی زۆرترەوە هاتە مەیدانی شەڕەکە و زۆر بە خەستی سەنگەرەکانی هێزی پێشمەرگە و مووچە و مەزرا وماڵی خەڵکی تۆپ و خومپارە و کاتیۆشاباران کرد.

لەم شەڕە قورسەدا زیاتر لە ١٠ دەزگا ماشێن، ٢ بۆڵدزێر و ٣ مۆتۆرسیکلت بە دەستی قارەمانەکانی دەستەی زەڕبەت و پێشمەرگەکانی سوتێندران. ژمارەیەکی زۆر لە کوژراوانی ڕێژیم لە شەڕگە کەوتبوون و دوژمن زەبرێکی قورسی وێکەوت کە لە مێژوودا دەبێ بنووسرێ. بەداخێکی گرانەوە لەم شەڕە سەخت و نابەرانبەرەدا، ڕۆڵەی قارەمان، تێکۆشەری مەیدانی خەبات و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و، فەرماندەی بەوەج کاک حەمەدەمین مەلا عەزیزی بە پریشکی تۆپ زۆر بەسەختی بریندار بوو، و دوای خوێن لەبەر ڕۆیشتنێکی زۆر و پاش چەند کاتژمێر بەربەرەکانی لەگەڵ مەرگ، شەهید بوو.

# پێویستیی بەرگری لە بەرگریی ڕەوا



مەنسوور مروەتی

لەم چەند ڕۆژەی ڕابردوودا هەر دوو بەڕێزان عەبدوڵڵا ئەبریشەمی و ڕەحیم فەرەهمەند لە چەند کورتە نووسینێکدا وێڕای بردنە ژێر پرسیار و بەهەڵە زانینی خەباتی چەکداریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، داواشیان کردبوو کە ئەم باسە لێکدانەوەی پتر و قسەی زیاتری لە سەر بکرێ.

لەگەڵ ئەوەی وورووژاندنی ئەم بابەتە باسێکی نوێ نییە و پێشتریش لە فۆڕمی پڕۆژەی وەک "چشم‌انداز"ەکەی لوتفوڵڵا مەیسەمیش‌دا خراوەتە بەر باس و لەنێو حیزبی دێموکراتدا بێگومان قسەی زۆری لەسەر کراوە، بەڵام دەبێ لە پێشدا سپاسی ئەم بەڕێزانە بکرێ کە دیسان دەستیان بۆ ئەم بابەتە هەستیار و گرینگە بردوە؛ بەڵام بۆ؟ چونکە بەداخەوە ڕوو بە دەرەوە چ خاوەنانی ئەو مێژوە پڕسەروەرییە و چ نووسەران و قەڵەمبەدەستان کەمتر باسیان لەو قۆناغە هەرە هەستیارەی بزووتنەوەی کوردستان کردوە. جگە لەوەش بە تایبەتی لەم دوو دەیەی ڕابردوودا بەئانقەست یا نەزانستە هەندێ باسی پێوەندیدار بە بزووتنەوەی کوردستان و بە تایبەتی حیزبی دێموکراتی کوردستان کراون کە تێیاندا هەوڵ دراوە بزووتنەوەی کورد و ڕوانگە و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات لە سەر لایەنە جۆربەجۆرەکانی دوای شۆڕشی ٥٧ بە هەڵە و بەراوەژوو نیشان بدرێ و، لە کۆتاییدا بەرپرسیاریەتی هەموو ئەو نەهامەتی و کارەساتانەی لە سۆنگەی سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیمەوە بەسەر خەڵکی کوردستان هاتوە؛ بیخەنە ئەستۆی حیزبی دێموکرات و بە تاقە ڕستەیەکیش باسی شەڕانخێوی و جینایەتەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک لایەنی بەرانبەری بزووتنەوەی کوردستان ناکرێ. هاوکات داخی گران ئەوەیە کە زۆربەری ئەو کەسانەی لە پشت ئەم چەواشەکارییانەن، کوردن. ئەمەیان گوتنەکەی بۆیە گرینگە، چونکی بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو کۆماری ئیسلامی بە بەرفراوانی و لە هەموو ڕەهەندەکانەوە _تەنانەت سینەما و شانۆوە_ دەستی بۆ ئەو چەواشەکارییانە بردوە بەشکم بتوانێ کار لە سەر بیروڕای کوردستان بکا و هێزی پێشمەرگە و حیزبی دێموکرات بە سوچبار و خۆیان بە فریشتە و دڵسۆزی خەڵکی کورد نیشان بدەن. پێویست بە هیچ بەڵگە و لێکدانەوەیەک ناکا کە لەو کارەدا هیچ کە سەر نەکەوتوون بگرە خەڵک گاڵتەشی پێ کردوون، چونکە دەزانن کە ڕاستیی ڕووداوەکان ئەوە نییە کە کۆماری ئیسلامی دەیەوێ دەرخواردی خەڵک بەتایبەت نەوەی نوێی بدا. ئێستاش داخەکە لەوەدایە کە ئەم باسە لە لایەن خودی کوردەوە بێتە بەرباس و لۆمە و سەرزنشی هێزی پێشمەرگە بکرێ کە بۆ چەکیان هەڵگرت و دایان نەناوە؟!

باسی ڕووداوەکانی پاش شۆڕشی ٥٧ مێژوویەکی کۆن و دوور نییە کە نەکرێ بەباشی لێکدانەوەی بۆ بکرێ و ڕێگا بدرێ کە بە ئاسانی بەراوەژوو بکرێ. تەنانەت بۆ نەسلی ئێمەش کە ئەو کات تەمەنێکی واشمان نەبووە، هەر کەسە و چەند دیمەن و وێنەیەکی لە دڕندەیی و جینایەتەکانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە شار و گەڕەک و گوندەکەی خۆی لەبیرە و دواتریش زۆری نەخایاند کە نەسلی ئێمەش بۆ خۆی بوو بە بەشێک لەم مێژووە کە ڕووداوەکانی بە چاوی خۆی بینی!

لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ٥٧ زۆر ڕووداو لە کوردستان پێش هات کە ڕەنگە ئەوەی زیاتر فۆکۆسی لە سەر دەکرێ باسی خەباتی چەکداریی کوردە بەرانبەر بە کۆماری ئیسلامی و هێزە هەمەچەشنەکەی. لەوەشدا ناپڕژێنە سەر ئەوەی کۆماری ئیسلامی چۆن و بە چ شێوەیەک شاڵاوی بۆ کوردستان هێنا، بەڵکوو چاوەکان لەسەر ئەوەن کە هێزە کوردییەکان بۆچی دەستیان دابووە چەک؟ بە جۆرێک کە خوێنەری نائاشنا بە ڕووداوەکانی ئەوکات ئەگەر چاوی بەم قسە و نووسراوانە دەکەوێ لە یەکەم ڕوانیندا وای دێتە بەرچاو کە هەر دەڵێی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بە دەستە گوڵەوە بۆ چارەسەریی پرسی کورد بەرەو کوردستان هاتوون و ئەوە هێزی پێشمەرگەیە پێشی گرتوون و شەڕی پێ فرۆشتوون. هەر دەڵێی ئەوە کوردە فەرمانی جیهادی بە دژی ئێرانییەکان دەرکردوە و ئەوە کوردە پەلاماری ئیسفەهان و تاران و شارە غەیرە کوردەکانی داوە و ئەوە کوردە چووەتە سەر ماڵ و حاڵی وان و ڕەحمی بە منداڵی نێو لانکەش نەکردوە! یان ئەوە کوردە دادگای چەند دەقیقەیی داناوە و شار بە شار گەڕاوە و خەڵکی تیرباران و ئیعدام کردوە! یان چما ئەوە کوردە هەتا ئێستاش کار بەو فتوایە دەکا و تەنانەت بەزەیی بە مرۆڤ کە نا، ڕەحم بە ژینگەی وڵاتەکەش ناکا و ئەوانە کە خەمیشی لێ دەخۆن لە ئاگری ڕق و قینی ئەواندا دەسووتێنێ!

بەو حاڵەش هەر لەسەر ئیزنی ئەو بەڕێزانە و هاوبیرەکانان، با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتاکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش و هەڵوێستی دەسەڵاتی تازە بەرانبەر بە کورد و خواستەکانی.

لە ڕاستیدا بە وتەی هاشم سەباغیان، وەزیری نێوخۆی ئەوکاتی ئێران و بەرپرسی هەیئەتی تاران بۆ وتووێژ (وتووێژێک کە هیچ کات نەکرا) ئەوان هیچ کات هیچ بەرنامەیەکیان بۆ چارەسەریی پرسی کورد لە ئێران نەبوو، بەڵکوو هاتبوون تا بە هەرشێوەیەک کە دەکرێ بزووتنەوەی کوردستان بە چۆکدا بێنن و کۆتایی بەو بابەتە بێنن. دەنا خۆ هەوڵەکانی ڕێبەری ژیر و لێزانی کورد دوکتور قاسملوو پێش سەرکەوتنی شۆڕشیش بۆ چارەسەری ئاشتییانەی پرسی کورد لە ئێرانی داهاتوودا دەستی پێ کردبوو، بەڵام بەداخەوە هیچکام لە هەوڵەکانی بۆ چارەسەریی ئاشتیانەی پرسی کورد سەری نەگرت، بۆچی؟ چونکە دەسەڵاتی تازە هیچ باوەڕی بەو پرسە و چارەسەر کردنەکەی نەبووە و نییشە.



دوکتور قاسملوو لە پاریس دوو جار بە مەبەستی دیتنی خومەینی دەچێتە نوفل لوشاتوو، بەڵام خومەینی ئامادە نییە چاوی پێی بکەوێ (بڕوانە بیرەوەرییەکانی نەسرین قاسملوو). پاش سەرکەوتنی شۆڕش چەند جار لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە هەیئەت سەردانی قوم و تاران دەکا بەڵام دەسەڵاتی تازە هیچ کات بە جیددی گوێ بۆ داواکانیان ناگرێ و ئامادە نییە هیچ چارەسەرییەک بۆ ئەو پرسە ببینێتەوە. سەرەتا پاش فتوای جیهادی خومەینی و شەڕی سێ مانگە و ستۆپ پێکردنی هێزەکانی ڕژیم لە کوردستان و پاشان پەیامە زەبوونانەکەی خومەینی لە ٢٦ی خەزەڵوەر، کە گوایە خراپ حاڵییان کردوە! ئەوە قاسملووی بە بیروباوەڕ چەپی خوێندەوار و لێزانە کە لەببەیک بە پەیامی ئاخوندێکی چەقبەستووی دەمارگرژ دەڵێ، بەڵکوو بکرێ پێش بە درێژەی ئەو شەڕە وێرانکەرە بگرێ. ئەوە قاسملووی خەمخۆری خەڵکە کە هەوڵ دەدا بەڵکوو ئەگەر بکرێ تەنانەت بۆ یەک ڕۆژیش بووبێ شەڕ وەدوا بکەوێ. خۆ قسە بە ناوبانگەکەی هێشتا هەر دەوترێتەوە کە: ئەگەر تەنیا یەک ڕۆژیش شەڕ وەدوا بکەوێ بە قازانجی خەڵکی کوردستانە. بە جۆرێک کە هێندەی پێداگریی بۆ دوورخستنەوەی شەڕ لە کوردستان دەکرد، کە تەنانەت لە لایەن هێزە کوردییەکانی دیکەوە بە "سازشکار" تاوانبار دەکرا و دروشمی مەرگ بۆ سازشکاریشی بە دژ گوترایەوە.

دواتریش کە لە درێژەی ئەمری واقعی پرسی کورد و دەستەوەستانیی ڕێژیم و هەوڵدان بۆ مودیرییەتی کاتدا، باس لە پێدانی خودموختاریی ئیسلامی کرا، ئەوە هەر قاسملوو بوو کە گوتی گەلی ئێمە موسوڵمانە و ئەوەشمان هەر قەبووڵە. بەڵام کوا ئەو وادە و بەڵێنیە درۆیینانەی کە تەنانەت سەری خوالێخۆشبوو ئەحمەدی موفتیزادەشی خوارد کە باوەڕی پێیان کردبوو.

دەی مادام دەسەڵاتێک باوەڕی بە هیچکام لەوانە نەبێ و لە بنەڕەتڕا باوەڕی بەو بابەتە نەبێ و هاتبێ تا بە فەرمانی جیهادی ڕێبەرەکەی گەلێکی کافر لەنێو ببا، دەبێ لە بەرانبەریدا چی بکرێ؟ ئایا جگە لە دەست بردن بۆ چەک و بەرگرییەکی ڕەوای پیرۆز ڕێگایەکی دیکە بۆ کورد دەمێنێتەوە؟ لەو حاڵەتەدا ئەگەر پێت وابێ کە دەست بردن بۆ چەک و خەبات و بەرگریی چەکدارانە هەڵە و نارەوایە، هیچ زیادەڕەوی نییە کە بڵێی ئەو قسەیە ڕێک لەوە دەچێ کە بڵێی ئەگەر داعش پەلاماری کوردستانی دا هەڵەیە دەست بۆ چەک ببەی و بەرگری لە خاک و خەڵکی خۆت بکەی.

خۆ ڕاستە و هەموان دەزانن کە شەڕ چەندە خراپە و ڕێبەران و خەڵکی ئێمەش ئەوەیان نەویستوە بەڵام بەڕاستی ئەگەر هەموو ڕێگایەکت لێ گیرا، بەرگری کردن و گیان بەختکردن هەزار جار لەوە باشتر نییە کە سەرت شۆڕ کەی و خاک و خەڵکی خۆت تەسلیمی هێزی داعش ئاسای کۆماری ئیسلامی ئێران بکەی؟

خۆ حیزبی توودەی ئێران بەو پاساوەی کە پێکەوە خەبات بە دژی ئیمپریالیزمی ئامریکا دەکەن پاڵی بە کۆماری ئیسلامیەوە دا، دەی خۆ هەموو لایەک دیتمان ئەو ڕێژیمە چیی لێ نەکردن. گرتن و زیندانی کردن و شکەنجە و ئیعترافە زۆرە ملێیەکانی ڕێبەرانی حیزبی توودە و پاشان لە بەین بردنی حیزبێک کە تا ئەو کات گەورەترین حیزبی گۆڕەپانی سیاسی ئێران بوو.

کەواتە بەرگریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئەو هەموو حەماسە و قارەمانەتییە کەم وێنەیەی وان، زێڕینترین دەورانی خەباتی بزووتنەوەی کوردە، کە مان و مەوجوودیەتی ئێستای گەلی ئێمە قەرزداری تێکۆشان و عارەقە و خوێن و چەکی شانی ئەوانە.

لە گەڵ ئەوەی کە شەڕ بە سەر بزووتنەوەی کوردستان و هێزی پێشمەرگەدا سەپا بەڵام پابەندی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە یاسا و ڕێسا نێودەوڵەتیەکانیش دیسان بۆ خۆی کارنامەیەکی سەربەرزانەیە. لەو ماوەیەدا بە پێی بەڵگەکانی ئەو کات بە هەزاران دیلی شەڕ لە سپای دوژمن لە لایەن حیزبی دێموکراتەوە ئازاد کران بەڵام زۆر بە دەگمن دەبینرێ کە پێشمەرگەیەک بە دیل گیرابێ و لە دەستی ئیعدام و تیرباران و دواتر بێ ڕێزی بە تەرمەکەی لە لایەن سپای پاسدارانەوە ڕزگاری بووبێ. خۆ هەر لەو ساڵانەدا دەیان لاوی ئەم نیشتمانە تەنیا بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی لە زیندانەکاندا لەدار دراون، کوا تەرمی یەک لەو کەسانە بە بنەماڵەکانیان دراوەتەوە و کەس بە کێل و گۆڕیشیان دەزانێ؟

هەر وەک لە پێشدا باس کرا، باس کردن لەو دەورانە مێژوویەکی دوور نییە کە توانا و بەڵگەی پێویستمان بۆ لێکدانەوە و قسە لە سەر کردن لە بەردەستدا نەبێ. لە لایەکی دیکەشەوە زۆر ئاساییە کە هەموان بیروڕای خۆیان لەو پێوەندییەدا بخەنە ڕوو و تەنانەت لەگەڵ خەباتی چەکداریش نەبن. بەڵام ئەگەر دە جار ڕوانگە و سیاسەت و بەرگریی هێزی پێشمەرگە و هێزە سیاسیەکانی کوردستان دەبەنە ژێر پرسیار، دەی با جارێکیش بوێریی ئەوەتان هەبێ کە بە کۆماری ئیسلامی بڵێن بەسە و چیدیکە ڕۆڵەی کورد مەکوژن، بڵێن ڕێبەرانی کورد لە سەر مێزی وتووێژەوە تیرۆر مەکەن. بڵێن تیرۆر و تەقینەوە و مووشەکباران و بۆمباران بوەستێن. بڵێن بەسە ڕۆڵەکانمان لە زیندان ئیعدام مەکەن. بڵێن بەسە پاشی چوار دەیە کۆتایی بەو فەرمان و فتوا بەدناوە بهێنن.

***

# پەیامی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بەبۆنەی دووهەمین ساڵیادی تاوانەکانی ١٧ی خەرمانان




**خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!**
**حیزبو لایەنە سیاسییەکانی کوردستانو ئێران!**

دوو ساڵ لەوەپێش و لە وەها ڕۆژێکدا سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانیان لە قەڵای دێموکڕات کردە ئامانجی مووشەکە بالیستیکەکانی خۆی. لە ئاکامی ئەو هێرشە سامناکەدا وێڕای برینداربوونی دەیان کەس لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکرات کە لەنێوانیاندا ژمارەیەک ژن و منداڵ دەبینران، چواردە کەس لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی و کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان شەهید بوون. هەر لە ئاکامی ئەو مووشەکبارانەدا دوو مامۆستای فێرگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانی ئێرانیش شەهید بوون. هەر لەو ڕۆژەدا سێ زیندانیی سیاسیی کۆمەڵەش بە ناوەکانی "رامین حوسەین پەناهی، لوقمان مورادی و زانیار مورادی" لەلایەن جەلادەکانی کۆماری ئیسلامی لە زیندان لەسێدارەدران.

کردەوەی تیرۆریستی و سەرکوتی بیرجیاوازان لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیدا بابەتێکی نوێ و نامۆ نیە و، لەماوەی ٤ دەیەی دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بە سەر ئێرانو کوردستان یەکێک لە بنەما سەرەکییەکانی پاراستن و شەرعییەت پێدان بە دەسەڵاتی ڕێژیم بووە. هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر بنکەکانی حیزبی دێموکرات و لەسێدارەدانی سێ زیندانی سیاسیی کوردیش لە ڕۆژێکدا لەلایەن کۆماری ئیسلامییەوە هەر بە ئاراستەی ئەو سیاسەتە نامرۆڤانەیە و بە ئامانجی چاوترساندنی خەڵکی کوردستان و نمایشی هێزی سەربازیی سوپای تیرۆریستی پاسداران ئەنجام درا؛ بەڵام ئەوەی بەرپرسانی رژیم چاوەڕوانییان نەدەکرد، دەنگی بەرینی ناڕەزایەتیی خەڵکی لە کورستان بوو بەرامبەر بەم تاوانە.

بەدوای ئەو تاوانە تیرۆریستییە،لەسەر داوای ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧، مانگرتنێکی سەرتاسەری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەندرا و خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان بەدەم داوای حیزبەکانی خۆیانەوە هاتن و بۆ جارێکی دیکە تاوانەکانی کۆماری ئیسلامییان مەحکوم کرد.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران لە دووهەمین ساڵیادی تاوانی ١٧ی خەرمانانیدا سڵاو دەنێرێ بۆ گیانی پاکی گیانبەختکردووانی ئەو ڕۆژە و هاوخەمی خۆی لەگەڵ بنەماڵ ەو هاوسەنگەرانی ئەو شەهیدانە دووپات دەکاتەوە. بۆ جارێکی دیکەش ئەو تاوانەی کۆماری ئیسلامی مەحکوم دەکەین و پێزانینی خۆمان ئاراستەی خەڵکی وشیار و خەباتکاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەین کە هەمیشە خاوەندارێتی ڕۆڵەکانی خۆیان کردوە و دژی داگیرکاری و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی تێکۆشاون و قوربانییان داوە.

جارێکی دیکە یادی شەهیدانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانانی ١٣٩٧ و سەرجەم گیانبەختکردوانی بزووتنەوەی حەقخوازانەی خەڵکی کوردستان بەرز ڕادەگرین و پەیمان تازە دەکەینەوە کە درێژەدەری ڕێگای پڕ لە شانازییان دەبین.

**ناوەندیی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**١٦ی خەرمانانی ١٣٩٩ی هەتاوی**
**٦ی سێپتامبری ٢٠٢٠ی زایینی**

# شکستی ستراتێژیی کۆماری ئیسلامی


ئامانج زیبایی

لەوەتی کۆماری ئیسلامی هاتوەتە سەر نەخشەی سیاسی، هۆکاری سەرەکی قەیرانەکانی ناوچە و بگرە قەیرانە جیهانیەکانیش دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی بەڕێوەبردنی سیاسەت و ستراتێژیەکانی ئەم ڕێژیمە و تێڕوانینیان بۆبەرەو پێش بردنی ئەم سیاسەتانەی پەیڕەوی دەکەن. کۆڵەکەی سەرەکیی ئەم سیاسەتەش دەستێوەردان لە کاروباری نێوخۆیی و نانەوەی بشێوی و ڕێکخستن و ساز کردنی لق و پۆی سەربازی و میلیشیای و هێزی پرۆکسی (نیابەتی) بووە بۆ هەناردەکردنی شۆڕش کە بەئاشکراش بانگەشەیان بۆ کردوە. لە پێناو وەدیهێنانی ئەم خەونەشیان لە هیچ شتێک نەپریگاونەتەوە و دەریایەک خوێنی خەڵکیان ڕشتوە و دەستنوێژیان بە خوێنی خەڵکی بێتاوانی خۆیان و خەڵکی ناوچەش شۆردوە.

لەوەتی کۆماری ئیسلامی هاتووەتە سەر کار، دروشمی "نە شرقی، نە غربی" شانازیی هەرە گەورەی ئەم ڕێژیمە بووە، کۆماری ئیسلامی کە لە سەرەتاوە هەتا ئێستا ئامریکا و ئیسرائیلی بە هۆکاری سەرەکیی قەیرانەکان ناو بردوە و هەمیشە ئەگەر بە درووشمیش بێ داوای سڕینەوەیانی کردوون، بەڵام هەڵگرتنی ئەم دروشمانە بۆتە هۆکارێک بۆ توشبوونی ئەم وڵاتە بە کۆمەڵێک قەیران لە نێوخۆ و دەرەوەی سنوورەکانی وڵاتیش.

پابەند بوون بەم سیاسەتە بۆتە هۆکارێکی سەرەکی لە تەریک خستنەوەی ئەم وڵاتە لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و ئەم ڕێژیمەی وەها بەدناو کردوە کە لە هەموو قەیران و کارەساتەکاندا شوێنپێی ببیندرێ و ناوی بێت.

بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتە هەڵانەی کە کاربەدەستانی ئەم ڕێژیمە پەیڕەوەی لێ دەکەن بۆتە هۆکاری سەرەکی کە ڕۆژانە لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە ئیدانە بکرێ و تانەی لێ بدرێ.

لەم پێوەندییەدا کە گوشارەکان بۆ سەر حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران زیادی کردوە و گەمارۆ نێو دەوڵەتییەکان ژێرخانی ئابووری ئەم وڵاتەی بەرەو تیکڕمانی زیاتر بردوە، کاربەدەستانی ڕێژیم ناچار بوون پاشەکشە لە دروشمی "نە شرقی، نە غربی"-ی خۆیان بکەن و خۆیان لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی بە گشتی و ڕووسیە و چین بەتایبەتی نیزیک بکەنەوە. بۆ دروست کردن و ڕاگرتنی ئەم پێوەندییانە و دەکار کردنی کارتی ئەم دوو وڵاتە لە هاوکێشە نێونەتەوەییەکان بە تایبەت شوڕای ئەمنییەتدا، لە سەروەریی نیشتمانی دابەزیون و خاک و وڵاتیشیان پێشکەش کردوون.

ئەوەی لەم پێوەندییەدا جێگەی هەڵوێستە کردنە، ئەوەیە کە ستراتێژیی نوێی کۆماری ئیسلامیی ئێران و وەرچەرخانی بەرەو ڕۆژهەڵات لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران نەبووە، بەڵکوو نوێنەری خامنەیی بۆ ئەم کارە عەلی ئەکبەری ویلایەتی، ڕاوێژکاری خۆی بووە و تەنانەت نێوەرۆکی پەیامەکەی خامنەی بۆ پووتین و شی جن پینگ هەتا ئێستاش بە نهێنی ماوەتەوە. لەدوای ئەم چاوپێکەوتنانە ویلایەتی ڕایگەیاند کە بەم ستراتێژییە نوێیە ئێران دەتوانێ سەرەڕای بوونی گەمارۆکانیش هەر وەکوو جاری جاران نەوتی خۆی بفرۆشێت! بەڵام هەلومەرجەکە شپرزەتر لەوەیە.

دابەزینی ڕێژەی سەتا ٨٠ی کرین نەوت لە لایەن چین و ڕاگیرانی هەناردەکردنی نەوت بۆ هیند و بلۆکە کرانی پارەی فرۆشتنی نەوتی ئێران لە ژاپۆن و کۆرەی باشوور و ڕاگیرانی کرینی نەوت و گازی سرووشتیی ئێران لە لایەن تورکیە و درێژ نەکردنەوەی ڕێکەوتنی ڕێکخراوی سووئاپی رووسی بۆ هەڵهێنجان وکرینی گازی کۆماری ئیسلامی باقی نیشانەکانی ئەم خەون و خەیاڵانەن کە کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ بەرنگار بوونەوەی ڕۆژئاوا و ئامریکا دیبووی و بەسەریدا ڕووخا.

شکستە ستراتێژییەکانی کۆماری ئیسلامی تەنیا لە بواری سیاسەتی ئابووریدا نییە و سیاسەتی دەرەوە و هەموو جومگەکانی دەسەڵاتی ڕێژیم دەگرێتەوە.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە لایەن زۆربەی هەرە زۆری وڵاتانەوە بە هۆکاری سەرەکی بشێوی و ئاڵۆزی لە ناوچەدا سەیر دەکرێ و ئەوەندە بە هۆکاری ناسەقامگیری دادەنرێ کە لە پرسی بووژاندنەوەی سووریەدا بڕیار دراوە هەتا ڕێژیم لە خاکی ئەم وڵاتەدا بمێنێ، لەو یارمەتی و قەرزانەی بۆ ئەو مەبەستە لەبەرچاو گیراوە بێبەش دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە گەمارۆکانی ئامریکا لەسەر سووریە کە بە "قەیسەر" دەناسرێ جگە لە بەشار ئەسەد و بنەماڵەکەی بەرۆکی حیزبوڵای لوبنان و کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیشی گرتۆتەوە. لە دوای ڕووداوەکەی بەیرووت خۆپێشاندەرانی لوبنانی داوای چەک کرانی حیزبوڵڵا و کورت کردنەوەی دەستی کۆماری ئیسلامی دەکەن. ناڕەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی خەڵکی عێراق بە تایبەت لاوانی شیعە بەدژی دەستێوەردانەکانی ئێران بە ڕێژەیەک زیادی کردوە کە زۆربەی هەرە زۆری هێزەکانی نێزیک لە ئێران ناچار بوون داموودەزگاکانی خۆیان لە شارەکانی باشووری ئێراق دابخەن.

بە کورتی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی لە ناوچەکەدا بەرەو هەرەسهێنان دەچێ و کوژرانی گەورە تیرۆریستی ئێرانی قاسم سولیمانی و گەمارۆکانی سەر ئێران بڕستی لە ڕێژیم بڕیوە. لەو بارودۆخەدا ناکرێ ئاسایی کردنەوە و دەست پێکردنی پێوەندییەکانی نێوان وڵاتانی عەرەبیی وڵاتانی کەنداو لەگەڵ ئیسرائیل بە کەمبایەخ دابندرێ کە لە ئەساسدا بە مایەپووچ هاتنەوە سیاسەتی دەرەوە و ستراتێژییە درێژخایەنەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دێ.

گرێدانی پێوەندییەکانی وڵاتانی عەرەبی لەگەڵ ئیسرائیل ئەگەر چەند هۆکارێکی هەبێ، کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ناوەندی باسەکەدایە. سروشتییە وڵاتانی عەرەبی بیر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆک کۆماریی ئامریکا بکەنەوە کە بێتوو ترامپ دەنگ نەهێنێتەوە _کە کۆماری ئیسلامی هەموو هیوا و ئومێدەکانی لەسەر ئەمە هەڵچنیوە_ چارەنووسیان بەدەست ئێرانەوە چیی لێدێ. ڕاستییەکەی ئەوەیە ئەم وڵاتانە چیدی ئیسرائیل بە دوژمنی ژمارە یەکی خۆیان نازانن و سەرەڕۆییەکانی کاربەدەستانی ئێران بۆتە هۆکاری سەرەکیی وڵاتانی عەرەبی بۆ نیزیک بوونەوەی ئەم وڵاتانە لە ئیسرائیل. ئەم پێوەندییە نوێیانەش ترسی لە دڵی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران ناوە و ناچاری کردون کە یاسا نێودەوڵەتییەکان زیاتر لە جاران پێشێل بکەن و بە شێوەیەی چاوەڕوانکراو ڕووی ڕاستەقینەی خۆیان نیشان بدەن و بەئاشکرا هەڕەشە و گوڕەشە لە دراوسێیەکانیان و وڵاتانی عەرەبی بکەن. ئەم هەڵوێستەی ئێران جارێکی دیکە سەلماندی کە دەست ڕاگەیشتنی کۆماری ئیسلامی بە چەکی پێشکەوتوو چەندە مەترسیدارە و بوونی چەک لە دەستی ئەم دەسەڵاتە سەرەڕۆیەدا نەک هەر هاوسەنگی هێز لە ناچەکە دەگۆڕێ؛ بەڵکوو دەبێتە هوکارێک بۆ پەرەپێدان بە توندوتیژیی زیاتر لە ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و بووژانەوەی گرووپە تێرۆریستییەکانی نیزیک لە ئێران.

لە ئێستاشدا کە کۆتا ستراتێژیی ئێران شکستی ترامپە لە هەڵبژاردنەکانی ئامریکا، ئەمەش گرێو لەسەر ئەسپی تۆپیوە، چونکی سەرکۆماری داهاتووی ئامریکا هەر کەسێک بێت سیاسەتی دەرەوەی ئەم وڵاتە ئاڵوگۆڕێکی ئەوەندە بەرچاوی بەسەردا نایەت کە کاربەدەستانی ئێران بتوانن هەناسەیەکیان بێتەوە بەر. ئەوەی دەبێ ئاڵوگۆڕی بە سەردا بێت دنیابینیی سیاسیی ڕێژیمی ئێرانە نەک گۆڕینی سەرۆک کۆماریی ئامریکا؛ چونکی ئەوەی سەرچاوەی ئەم دۆخەیە هەمووی سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامییە کە هۆکاری سەرەکیی گشت شەڕ و ناسەقامگیرییەکانی ناوچەیە.

**وانەکانی مافی مرۆڤ**
**(١٥)**

# مێژووی ڕەوتی نووسینەوەی یاساکانی مافی مرۆڤ


شارۆخ حەسەنزادە

مافەکانی مرۆڤ چەمکێکە کە تەمەنی بە درێژایی ژیانی مرۆڤە. هەبوونی بەشێک لە مافەکان لەهەمبەر مرۆڤبوون، لە بەشی هەرەزۆری ژیار و شارستانییەتەکان، ئایدیا و باوەڕە مێژووییەکاندا بەڕەسمی ناسراوە و لە چوارچێوەی پەروەردەی ئۆلی و کۆمەڵایەتی (دەسەڵات و هێز) ئاماژەیان پێ کراوە. بە چاوخشاندنێکی خێرا بە مێژوودا دەبینین زێدەڕۆییەکانی ئینسان زۆر جار ئەو مافانەی فەوتاندوە و لەبەرچاوی نەگرتوون، مرۆڤ بۆ دەسەڵات و هێز و مانەوەی خۆی، پێی ڕێ خشاندوە و تەپەیانی لێ هێناوە! لەئالییەکی دیکەوەش بەهۆی ئەو هەمووە ڕاڤە و بۆچوونانە، کانسێپتی مافەکانی مرۆڤ بۆتە هۆی مشتومڕ و باس‌وخواستێکی زۆر لەنێو کولتوور و باوەڕی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان، هەربۆیە لەسەدەی سەردەم لەلایەن ڕێکخراوە جیهانییەکانەوە هەوڵێکی زۆر دراوە کە ئەم یاسا و ڕێسایانە ڕێک بخرێنەوە و وەک یاسایەکی جیهان‌داگریان لێ بێ. هەرچۆنێک بێت هەتا ئێستا چەمک و پرسی مافەکانی مرۆڤ کۆمەڵێک قۆناخ و چاخی بڕیوە و بۆ مانەوە، بەهێز بوون و بەرحەقبوونی خۆی هەوڵی داوە و تێکۆشاوە و بەدڵنیاییەوەش هەتا بۆی بلوێ بەردەوام دەبێ. ڕۆژگارێک مافی مرۆڤ تەنیا بەمانای «مافی ژیان»(حق حیات) پێناسە دەکرا، ئێستا ئیتر لایەنی شاراوە و ئاشکرای ژیانی ئینسان وەک، یەکسانی و بەرامبەری ڕەگەزی، مافی فراژ (گەشە و پێشکەوتن)، مافی هەبوونی ژینگەیەکی پاقژ و خاوێن، مافی کاری شیاو و... لەخۆ دەگرێ و توێکڵی پێناسەی کلاسیکی خۆی هاویشتوە!

**ڕەوتی گۆڕانی چەمکی مافەکانی مرۆڤ**

هەتا ئێستا دەستەبەندی جۆربەجۆر لەمەڕ ڕەوتی گەشەی مافەکانی مرۆڤ کراوە کە گرینگترینیان دابەشکاریی دیرۆکی و بەپێی جیلەکانی مافی مرۆڤە. لەم بەشەدا چاو بەسەر ئەم ڕەوتانەدا دەخشێنین، چونکە زانیاری لەسەر چۆنیەتیی گووران، شەقڵ گرتن و گەشە و پەرەسەندنی، یارمەتیی باشمان دەکا هەتا باشتر لێی تێ بگەین.

**دابەشکاریی دیرۆکی**

١. لەسەرەتاوە هەتا دەسپێکی سەدەکانی نێوەڕاست
٢. لە سەرەتای سەدەکانی نێوەڕاست هەتا سەرهەڵدانی ڕێنسانس
٣. چاخی ڕێنسانس هەتا شۆڕشی مەزنی فەڕانسە
٤. لە شۆڕشی فەرانسەوە هەتا سەرەتای سەدەی بیستەم
٥. لە دەسپێکی سەدەی بیستەم هەتا ١٩٤٨
٦. لە ١٩٤٨ەوە هەتا ئێستا.

**١. لەسەرەتاوە هەتا دەسپێکی سەدەکانی نێوەڕاست.**

ئەم خولە درێژترین و لە هەمان کاتدا سەرەکیترین دەورانی مێژوو لەخۆ دەگرێ کە بە سەرەتای چاخی مرۆڤایەتیش ناسراوە. زۆرێک لە ڕەگ و بنجی مێژووی مافەکانی مرۆڤ لەم سەردەمەدا دەست پێ دەکا و دەگوورێ و، دەرکەوتن و خولقاندنی یەکەم دەستنووسەکانی مرۆڤ لە پەنا دەرخستنی پەروەردەی مافی مرۆڤی ئایینە خواییەکان لەم چاخەدا بەرچاو دەکەوێ.

وەک لە سەرچاوەکانی مێژوودا باس دەکرێ یەکەم کەس «حامورابی» خونکاری مەزنی بابیلۆنییەکان (١٧٩٢–١٧٥٠پ.ز) بوو کە لە ساڵی ١٧٣٠ی بەرلە زایین لە ٢٨٢ بڕگەدا یەکەم دەقی حقوقی و یاسایی نووسیوە. ئەم نووسراوەیە بە پێی ئەوەیکە لە چوراچێوەی داب‌ودەستوور و ڕێسای دەسەڵات بەسەر پێوەندییە مرۆڤییەکان نووسراوە دەکرێ دەگەڵ مافەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ پێک بگرین. بەتایبەت لە ٦١٣ بڕگەی تایبەت بە لایەنی حقووقی و پشتیوان لە مافی مرۆڤ باسی کۆمەڵێک شت کراوە، کۆی گشتی ئەم یاسایانە بریتین لە ڕێساگەلێک بۆ پاراستنی مافی وەک بازرگانی، سامان و ماڵ، پیشە، کار، بنەماڵە و ئەشکەنجەی جەستەیی کە هەرکام لەوانە بە جیا باس دەکا. پێشگرتن بە چەوساندنەوەی ژن لەلایەن پیاو و مێتۆدی قەزایی تەکووزمەند و ورد لە تایبەتمەندییەکانی ئەم یاسایانەن، هەرچەند هەندێک لە زانایایی بواری مێژوو ڕەخنە لەم بۆچوونە دەگرن و پێیان‌وایە کە ئەمە مانۆڕێکی شاهانە بووە بۆ خۆنیشاندان و جیلوەی جوانی دەسەڵاتی ئەم خونکارەیە، بەڵام خۆ هەرنەبێ نووسینەوە و هێنانە بەرباسی ئەم پرسە لە کۆمەڵگەی چەند هەزار ساڵ پێش وەک کردەوەیەکی ناوازە سەیر دەکرێ و دەبێ باسی بکرێ.

دووهەم کەس بە ڕوانگەی ئایینییەوە باسی لە هەندێک ماف و ڕێسای تایبەت بە ژیان و بنەماڵە و کۆمەڵگە کردوە، هاڤی مووسا-یە. لە کۆتاییەکانی هەزارەی دووهەم (١١٥٠)، مووسا کە هەڵقولاوی کۆمەڵگەیەکی نەریتیی جوولەکە بوو، کۆمەڵێک یاسای لە دە بڕگە (دە فەرمان) بۆ خەڵکی خۆی نووسییەوە کە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر پێوەندییەکان و ژیانی کۆمەڵگە دانا. بەشێک لەو ڕێسایانەی هاڤی مووسا بریتین لەوەی: دزی مەکەن، شایەتیی بەدرۆ مەدەن، کەس مەکوژن، زینا مەکەن، چاوتان لە ماڵی کەس نەبێ و نامووسی هاوسێ بپارێزن، ڕێزی دایک و باوکان بگرن و ... هەرچەند ئەم ڕێسایانە بە ڕوانگەی ئایینی هاتە نێو کۆمەڵگە، بەڵام بۆ پێشگرتن و ڕێزلێنان لە مافی مرۆڤ کاریگەری خۆی هەبووە.

سێهەم کەس کە دەگوترێ بە نووسینەوەی جاڕنامەیەک مێژووی بۆ خۆی و نەتەوەکەی تۆمار کردوە، کەسێک بووە بەناوی کوروش (سایرووس)، بەڵام بە هۆی ئەوەیکە شک و گومانی زۆر لەسەر ئەم بۆچوونە هەیە و چەواشەکاران مێژوویان بە قازانجی قەومێکی دیار شێواندوە، ئێمە خۆ لەو باسە کە قسەی زۆر لەسەرە دەبوێرین.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO:782 21 September 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی ڕۆژنامەی کوردستان:
+9647501771202
info@kurdistanukurd.org
ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
Tashkilat.kdp92@gmail.com


## (کوردستان و کۆماری ئیسلامی)




کتێبی «کوردستان و کۆماری ئیسلامی» بەرهەمی کاک سەید سەلام عەزیزی، ئەندامی پێشووی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان چاپ و بڵاو کرایەوە و نوسخەیەکی بەدیاری بە کتێبخانەی دەستەی نووسەرانی «کوردستان» دراوە.

ئەم کتێبە کە کۆمەڵە وتارێکی سیاسییە، سی ساڵ پاش نووسرانی کتێبەکە چاپ و بڵاو دەکرێتەوە. ئازاد عەزیزی، کوڕی کاک سەید سەلام کە ئەرکی ڕێکخستن و بەچاپ گەیاندنی ئەم بەرهەمەی لەسەر شان بووە، لەو بارەیەوە دەڵێ کاتی خۆی و ساڵی ١٣٧٠ چاپخانەی بەغدا بەهۆی باسی پێوەندیدار بە ڕێککەتننامەی ئەلجەزایر مۆڵەتی چاپ کردنیان پێ نەدا. لە باشووری کوردستانیش چاپی کتێب بە نێوەرۆکی سیاسی بۆ کەسایەتییەکانی ڕۆژهەڵات زۆر دژوار بوو؛ دواتریش بە دوای تێرۆری مێکونووس و دەست پێکردنی دادگا؛ نووسەری ئەم کتیبە هەموو قورسایی کاری خۆی خستە سەر بەدواداچوونی کەیسی تێرۆری شەهید شەرەفکەندی کە لە ژێر ناوی «سەفەری بێ گەڕانەوەدا» چاپ و بڵاو بۆوە.

لە کتێبی «کوردستان و کۆماری ئیسلامی»دا، کێشەی نێوان بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەر لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێرانەوە تا کۆتایی هاتنی شەڕی نێوان ئێران و عێراق باس کراو و هەروەها بەشێک لە کتێبێکی ناتەواوی نووسەر، لەسەر «پرسی مافی مرۆڤ و خەباتی کورد»، وەک بەشێکی جیاواز لە کۆتاییی ئەم کتێبەدا چاپ کراوە.

## فەرهەنگی «ڕێژنە»ش هاتە سەر ڕەفحەی کتێبخانەی کوردی

«فەرهەنگی ڕێژنە» تایبەت بە دەنگ و دەنگەناوی کوردی بە هەوڵ و تێکۆشانی چەندساڵەی عەبدولخالق تەوەکولی چاپ و بڵاو کرایەوە.

ئەم فەرهەنگە جیا لە کۆکردنەوەی زیاتر لە چوار هەزار دەنگەناوی کوردی کە دەیکاتە یەکێک لەو کتێبە دەگمانانەی هەتا ئێستا لەم بوارەدا چاپ کراون، هەندێ تایبەتمەندیی تریشی هەیە کە بایەخ و گرینگایەتییەکەی زیاتر دەکا.

هەندێک لەم تایبەتمەندییانە ئەمانەن:

یەکەم، بەپێی ئەلفوبێی دەنگناسیی نێونەتەوەیی (IPA) دەنگنووسیی بۆ کراوە. دووهەم، هەر لەم بوارەدا، بەپێی شێوەیەکی نوێباوی فەرهەنگنووسی لە جیهاندا، لە نێوانی بڕگەکاندا «خاڵ» دانراون هەتا بزانرێ هەر وشەیەک چەند بڕگەیە. سێهەم، جیا لە ڕیزبەندیی ئەلفوبێ، بە پێی «بابەت»یش پۆلێنبەندی کراوە.

ئامادە کردنی ئەو کتێبە حەوت ساڵی خایاندوە و لە سەر ئەرکی بەشی توێژینەوەی زانکۆی کوردستان چاپ کراوە.




## سەرکەوتنی کچێکی کورد لە کێبەرکێیەنێونەتەوەییەکاندا




کچێکی خەڵکی پاوە لە کێبەرکێی بیرکاری لە نێو بەشدارانی ٤٣ وڵاتدا پلەی یەکەمی وەدەست هێنا.

کیانا عەبدوڵڵاهی قوتابی سەرەتاییە و لە کێبەرکێی نێونەتەوەیی بیرکاری مالیزی کە ٤٣ وڵات و زیاتر لە ٣٠٠٠ قوتابی تێیدا بەشدار بوون، پلەی یەکەمی وەدەست هێنا و خەڵاتی باشترین بیرکاریی قوتابی ساڵی پێ بەخشرا. سەرکەوتنی کیانا لە حاڵێکدایە کە چەند ڕۆژ پێشتریش سێ کچی خەڵکی کرماشان و ورمی لە کێبەرکێی نیگارکێشی، کە لە وڵاتی بولغارستاندا بەڕێوەچوو؛ پلەی یەکەمیان وەدەست هێنابوو.

ئەم سەرکەوتنانەی منداڵان و لاوانی کورد و درەوشانەوەیان لە گۆڕەپانە نێونەتەوەییەکان لەحاڵێکدایە کەمترین ئیمکاناتی پێڕاگەیشتن و فێرکارییان لەبەردەستە و بەردەوام بەهۆی هەڵاواردنی ڕەگەزی و مەزهەبی و نەتەوەییەوە پشتگوێ خراون.

## لە سکرتاریای حیزب ڕێز لە بەڕێوەبەرانی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ نرا

ڕۆژی یەکشەممە، ٢٣ی خەرمانان، بە بەشداریی ئەندامانی دەفتەری سیاسیی حیزب و ئامادەبوونی ستاف و کادری دەرمانیی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ، ڕێز لە زەحمەت و دڵسۆزی و ماندوو بوونی کادر و پێشمەرگە و ستاقی ئەم نەخۆشخانەیە لە پێراگەیشتنی پزیشکی و دەرمانی بە بنکەکانی حیزب بەتایبەت لە بارودۆخی ئێستای کۆرۆنادا گیرا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزب بە ئاماژە بەو بارودۆخە تایبەتەی کۆرۆنا بەسەر دنیا و کۆمەڵگە مرۆییەکاندا سەپاندوویەتی، خزمەتە پزیشکی و دەرمانییەکانی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لە کۆنتڕۆڵکردنی کۆرۆنا و، چارەسەری توشبووان بەو نەخۆشییە لە چوارچێوەی بنکەکانی حیزبدا بەرز نرخاند.



لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم کۆبوونەوەیەدا کاک مستەفا مەولوودی، جێگری سکرتێری گشتیی حیزب ڕێزنامەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە ستاقی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژی پێشکێش بە کاک ڕەحمان مەحموودی، بەڕێوەبەری نەخۆشخانە کرد.

لە بەشێکی ئەم ڕێزنامەیەدا هاتوە ماندووبوون و هەوڵی دڵسۆزانەی کادری دەرمانیی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ، لە پێدانی زانیاری و ڕێنوێنییەکان لەبارەی بەرگرتن لە بڵابوونەوەی زیاتری کۆرۆنا لە بنکەکانی حیزبدا و؛ چارەسەر و پێڕاگەیشتن بە توشبووان شوێنی باش و کاریگەری لەسەر کەمکردنەوەی زیان و خەسارەکانی ئەم نەخۆشییە کوشندەیە دانا.

هەر بۆیە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە چاوی ڕێزەوە لە زەحمەت، ئەرکوەخۆگری، ماندوویی‌نەناسی و هیممەتی ئینسانی و پێشمەرگانەی سەرجەم پێرسۆنێلی نەخۆشخانەی ٢٥ی گەلاوێژ دەڕوانی و بەهۆی ئەم نووسراوەیە، ڕێزتان لێ دەگرێ.

### بەر لە ماڵاوایی

## زامی کتێب و کتێبی زامدار


عەلی لەیلاخ

لێرەوە لە یەکێک لە سەنگەرەکانی دێموکراتەوە
پاش دووساڵ لە هەڵگرتنی کۆڵەخەمی ناخهەژێنی
١٧ی خەرمانان و تاسەباری یادی یارانی شەهیدمان
هەر لە قەڵایەک
کە بووەتە مۆتەکەی سەر خەونی گەنیوی نەیاران،
پێکەوە لە قەراخی ڕووباری هاوڕێیەتی و،
لە تەنیشت تەشایی شایی بەخۆکردن و لە بناری
فێنک و دڵڕفێنی کتێبخانەکەی قەڵادا
یادێک دەکەین لە سەرجەم هەڤاڵانی خەرمانانی شەهید و، شەهیدانی خەرمانان.

ئەم کتێبخانەی ئێمە وەکوو قارەمانەکانی ئێمە
هەر لە قارەمان و کتێبخانەی ئێمە دەچن!
بە قەت لاپەڕەی کتێبەکانی بریندار بووە و،
بە ئەژماری پەڕتووکەکانی تەپوتۆزی تۆپبارانی لەیادە و،
بە کۆڵێ کوێرەوەرییەوە گەیشتۆتە کەناری ئێستاکە...
ئێستاکە کە لە داوێنی سوکنایی بەخشی کتێبخانەدا
یادی خەرمانانی لێوڕێژ لە زام دەکەینەوە،
شۆڕشگێرانە زات دەکەین کە بڵێین
حەددتان چییە لێتان بترسین و چیتر لە ئازادی نەخوێنین و نەنووسین!
لەم کتێبخانەیەدا
کتێب هەیە تووکی سەری وەکوو «حەسەن‌زادە» لە زایەڵەکوژراوی و دەربەدەریدا چەرمۆ کردوە
فەرهەنگێکی کوردایەتی تێدایە کە لە هەمبەر ماناى جووڵانەوە، ناوی جەلیل گادانی دانراوە و
باوەڕتان بێ نامیلکەییەکی تێدایە کە هەر بەشێوەزاری «فەتاح کاویان» باسی سەخاوەت و سەربەرزی دەکا و،
کە لاپەڕەکانی هەڵدەدەیەوە، بەدەم پێشمەرگەوە پێدەکەنێ.
کتێب هەیە هێشتا بۆنی چایی بەیانیانی بناری بۆڵێ و قرمژنی فیشەکبارانی قەندیل و گەڵاڕێزانی خۆزگە ویستی «گەورەدێ»ی لە بیرە
پەڕتووک هەیە پڕیەتی لە پرمەی گریانی ژنانی دێموکرات و پەڵپ و بیانووی نەنووسراوی منداڵانی قەڵاسەیدە
کتێب هەیە، تامی زاری زانستی قاسملوو دەدا و دیوانە شێعری تێدایە وەکوو شەرەفکەندی موحتەڕەمە
لەگەڵ ئێوەمە دەوڵەتی بێوڵەتی «ئازادیی بەیان «!
لەم کتێبخانەیەدا تەنانەت نووسراوە بزمارڕێژەکەی ئێوەشمان هەیە
بۆ تیرۆری هزرو بنبڕکردنی چرۆی ئازادی نووسیوتانە
ئەوە ئێوەن کە دەلاقەی «کەرامەت» دەکوژن و
دەرگا لە ڕووی میوانی دیالۆگ دادەخەن و
بەرانبەر بە چووکەترین پرسیار چوولەکەش
دوایێکتان هەیە، و پتکێکتان هەیە و ئەوپەڕەکەی بەندیخانە
خۆتان ئاسایی هەموو گیانتان بووەتە تەلبەندی سانسۆر
بە بیستنی بەیانی باش و کوردستان خوش و سروودی ئەی ڕەقیب
«دەماوەند»ی دەماری بەرزییتان پەست دەبێ
دەمارەکانی ئێوە خوێنی خوشەویستی هەڵناگری و
بە سەیر کردنی قامەتی قەڵای خۆڕاگرییمان قوڵنج دەکەن!
ئێمە بە دیتنی لووتکەی سەربەزری شاگەشکە و
ئێوە هەناسەبڕکێتانە!
لە کۆتاییدا
سڵاو بۆ ئەوانەی کۆڵانی مانگرتووی ٢١ی خەرمانانیان بە هەڵوێست نووسی
لاتاوێکیش لە ئێوە
لانیکەم لە خەرمانان لۆمەی کڵاشینکۆفەکەی ئێمە مەکەن!
با «سنە» سەری نەیشێ و با «قاڕنێ» لە قیزەونی کۆیلەتیدا نەڕشێتەوە و
با موکریان سەری خۆی هەڵنەگرێ و، دایکانی «منبەر»یش مەلوولتر نەبن.
ئێوە نازانن لە ترسی گیان، کەرامەت، سوخمەی شەرەف
باوەش بە کڵاشینکۆف کردن چ توقێنەرە؟
هەر نەبێ دەیان شوڕەسوار لە سەر قونداخەکەی
خەونی ئازادی و ڕوچنە و دیتنی «دایک»یان بینیوە!
با لەسەر دڵم نەبێتە گرێ
گلاراومە بۆ هەڵوەرینی کۆبوونەوەی پەرەپێدان بە ئازادی لە ١٧ی خەرمانان و
لە سەنگەری ویست و هەڵوێست و کتێبەوە
دەڵێین فەرموون: خۆ نامرن
لاپەڕەیەک لە کورتەباسی سەربەستیمان بخوێننەوە!
هەرلاپەڕەیەک
لاپەڕەیەک...